حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانـــکۆی سلـێمـــانـــی

کۆلێژی زمان – بەشی زمانی کوردی

# تەنز لە ڕۆژنامەنووسیی باشووری کوردستاندا (١٩٢٠ – ١٩٥٠)

**تێزێکە**

**کاروان سلیم قیطران**

پیشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە

لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ.د.محمد دلێر ئەمین محمد**

٢٧٢٤ کوردی ٢٠٢٤ زایینی

ئەم تێزە بەناونیشانی(تەنز لە ڕۆژنامەنووسیی باشووری کوردستاندا(١٩٢٠ - ١٩٥٠)) بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

پ.د.محمد دلێر ئەمین محمد

٢٠٢٤ / ٤ / ٢٥

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پیشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

٢٠٢٤ / ٥ / ٢٣

Scanned with CamScanner

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا کە بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د.سامان عزالدین سعدون

ئەندام

ڕۆژ: ١٤ / ٧ / ٢٠٢٤

ناو: پ.د.دڵشاد علی محمد

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ: ١٤ / ٧ / ٢٠٢٤

ناو: پ.د.جلال انور سعید

ئەندام

ڕۆژ: ١٤ / ٧ / ٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د.دیار فائق مجید

ئەندام

ڕۆژ: ١٤ / ٧ / ٢٠٢٤

ناو: پ.د.محمد دلێر ئەمین محمد

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ: ١٤ / ٧ / ٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د.میران جلال محمد

ئەندام

ڕۆژ: ١٤ / ٧ / ٢٠٢٤

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ. د. شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕۆژ: ٢٢ / ٧ / ٢٠٢٤

Scanned with CamScanner

## پیشکەش:

- **ئەم توێژینەوەیە پیشکەشە بە:**

- دایک و باوکی خۆشەویستم.
- دوو چرا ڕووناکەکەی ماڵ، هێرۆی خێزانم و لانی کچم.
- هەموو کوردێکی دڵسۆز بۆ خاک و میللەت و زمان و ئەدەبی کوردی.

# سوپاس وپیزانین

- **سوپاس و پێزانینم هەیە بۆ:**
- پ.د.محمد دلێر ئەمین محمد کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم تێزەی گرتە ئەستۆ و بە میهرەبانیی و خاکەڕایی و خۆشەویستییەوە هاوکاریی کردم و بە تێبینی و ڕەخنە و پێشنیارەکانی لێکۆڵینەوەکەی دەوڵەمەندتر کرد.
- بەڕێز(د.ئارام محمد قادر) وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە هەلی پیشکەشکردنی خوێندنی دکتۆرای بۆ ڕەخساندم و نەیهێشت ئەو دەرفەتەم لەکیس بچێت.
- سەرجەم مامۆستایانم لە بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی.
- کۆلێژی زمان و بەشی زمانی کوردی و هۆبەی خوێندنی باڵا، بەڕێزان (پ.د.شاخەوان جەلال حاجی فەرەج، پ.ی.د. محمد عمر عول، پ.ی.د.سامان جلال عزیز) هاوکاریی زۆریان کردین لەماوەی خویندن و نووسینی ئەم تێزەدا.
- سەرۆکایەتیی زانکۆی ڕاپەڕین و بەشی زمانی کوردی کۆلیژی پەروەردە و کتێبخانەی ناوەندیی و کتێبخانەی کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ.
- مامی خۆشەویستم(م.ئارارات ئەحمەد) هەمیشە یارمەتییداوم.
- د.یەحیا بزدودە و د.هیوا حسنپور لە زانکۆی کوردستان – سنە، یارمەتییانداوین لە پێدانی سەرچاوە و بەرچاوڕوونی لە هەندێک بابەتی پەیوەست بە تێزەکەمان.
- کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی کاک (عوسمان عارف) و کارمەندانی کتێبخانەکە، هاوکاریی زۆریان کردوین لە پێدانی سەرچاوەی پەیوەست بە تێزەکەمان.
- مامۆستای خۆشەویستم م.مستەفای سەید مینە کە پوختەی لێکۆڵینەوەکەی بۆ وەرگێڕاینە سەر زمانی عەرەبی.
- (م.موەفەق میراودەلی) و (م.هاوکار قادر) هاوکارییان کردم لە پەیداکردنی سەرچاوە.
- هەر بەڕێزێک کە تەنانەت بە وشەیەکیش یارمەتیی داوین.

**پێرست**


| ناوەڕۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشە بە:<br>سوپاس و پێزانین:<br>پێشەکی | ١ |
| **بەشی یەکەم: (تەنز) چەمک و زاراوە و پێناسە و جۆر و تیۆر و مێژووی:** | |
| **تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمک و پێناسەی تەنز:** | ٨ |
| **یەکەم) زاراوەی تەنز:** | ٨ |
| **١) زاراوەی تەنز لە زمانی کوردیدا:** | ٨ |
| **٢) زاراوەی تەنز لە زمانی عەرەبیدا:** | ٩ |
| **٣) زاراوەی تەنز لە زمانی فارسیدا:** | ١٢ |
| **٤) زاراوەی تەنز لە زمانی ئینگلیزیدا:** | ١٣ |
| **دووەم) چەمک و پێناسەی تەنز:** | ١٤ |
| **سێیەم) هەندێک لەو زاراوانەی پەیوەستن بە تەنزەوە:** | ٢٠ |
| • **هەجو (داشۆرین) ( lampoon):** | ٢٠ |
| • **هەزەل(Facetiae) :** | ٢٤ |
| • **ئایرۆنی(Irony):** | ٢٥ |

| | |
|---|---|
| • پارۆدی(Parody): | ٢٦ |
| • نوكته(Joke): | ٢٧ |
| • گاڵته (Humour) (فكاهه) : | ٢٨ |
| • كۆمیدیا: (بەزمەسات) | ٢٨ |
| • كاریكاتێر(Caricature): | ٣٠ |
| • كاریكەلیماتێر | ٣٠ |
| **تەوەری دووەم: گرنگترین تیۆرەكانی تەنز:** | ٣١ |
| **یەكەم) تیۆری باڵایی (Superiority Theory):** | ٣١ |
| دووەم) **تیۆری ناسازی(ناتەبا) (Incongruity Theory):** | ٣٤ |
| **سێیەم) تیۆری سوكنایی(دەرچەیەک بۆ خاڵیبوونەوە)(Relief Theory) :** | ٣٦ |
| **تەوەری سێیەم: جۆرەكانی تەنز:** | ٣٩ |
| **١- تەنزی كۆمەڵایەتی (Social Satire) :** | ٣٩ |
| **٢- تەنزی سیاسی( Political Satire) :** | ٤٠ |
| **٣- تەنزی ئایینی (Religious Satire):** | ٤١ |
| **٤- تەنزی فەلسەفی(Philosophical Satire):** | ٤٢ |

| | |
|---|---|
| تەوەری چوارەم: مێژووی تەنز : | ٤٤ |
| یەکەم) مێژووی تەنز لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا: | ٤٤ |
| دووەم) مێژووی تەنز لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا: | ٤٧ |
| ١) مێژووی تەنز لە ئەدەبی عەرەبیدا: | ٤٨ |
| ٢) مێژووی تەنز لە ئەدەبی فارسیدا: | ٥٣ |
| ٣) مێژووی تەنز لە ئەدەبی کوردیدا: | ٥٨ |
| **بەشی دووەم: مێژووی ڕۆژنامەنووسیی و ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە ڕۆژنامەنووسیی و بارودۆخی باشووری کوردستان:** | ٧٠ |
| تەوەری یەکەم:  مێژووی ڕۆژنامەنووسیی(بیانی و کوردی): | ٧٠ |
| یەکەم) مێژووی ڕۆژنامەنووسیی بیانی: | ٧٠ |
| دووەم) مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی: | ٧٢ |
| تەوەری دووەم: (ئەدەب و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژنامەنووسیی باشووری کوردستاندا(١٩٢٠ – ١٩٥٠)) | ٧٧ |
| یەکەم) شیعر: | ٧٩ |
| دووەم) پەخشان: | ٨١ |

| | |
|---|---|
| ١) چیرۆک: | ٨٢ |
| ٢) ڕۆمان: | ٨٥ |
| ٣) وتاری ڕەخنەی ئەدەبی ( ئەدەبیات ناسی): | ٨٧ |
| تەوەری سێیەم: بارودۆخی باشووری کوردستان(١٩٢٠ – ١٩٥٠) : | ٩٣ |
| ١- لەڕووی سیاسییەوە: | ٩٤ |
| ٢- لەڕووی ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەوە: | ٩٧ |
| ٣- لەڕووی کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەوە: | ١٠١ |
| **بەشی سێیەم: ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی تەنز لە ڕۆژنامەنووسیی باشوری کوردستاندا (١٩٢٠ – ١٩٥٠)** | **١٠٤** |
| بەشی سێیەم: ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی تەنز لە ڕۆژنامەنووسیی باشوری کوردستاندا (١٩٢٠ – ١٩٥٠) | ١٠٤ |
| تەوەری یەکەم) تەنزی کۆمەڵایەتی (Social Satire) : | ١٠٦ |
| ١- شیعر: | ١٠٨ |
| ٢- پەخشان: | ١١٦ |
| أ) چیرۆک: | ١١٧ |
| ب) نوکتە: | ١٢٠ |
| ٣- ژانری ئاوێتەیی(چیرۆک و شیعر): | ١٢٢ |
| تەوەری دووەم) تەنزی سیاسی( Political Satire) : | ١٢٥ |
| ١)شیعر: | ١٢٦ |

| | |
|---|---|
| ٢)پەخشان: | ١٢٩ |
| أ) چیرۆک: | ١٢٩ |
| ب) نوکتە: | ١٣٢ |
| ج) وتار: | ١٣٣ |
| ٣) کاریکاتێر: | ١٣٤ |
| تەوەری سێیەم) تەنزی ئایینی (Religious Satire): | ١٣٨ |
| ١- شیعر: | ١٣٨ |
| ٢- پەخشان: | ١٤١ |
| - چیرۆک: | ١٤١ |
| ٣) ژانری ئاوێتەیی(چیرۆک و شیعر): | ١٤٣ |
| ئەنجام | ١٤٦ |
| پاشکۆ | ١٤٩ |
| پەراوێزەکان | ١٥٦ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٦٠ |
| ملخص | ١٧٦ |
| Abstract | ١٧٨ |

# پیشەکی

تەنز بەگشتی و لە مەیدانی ئەدەبدا بەتایبەتی بەشێوازی جیاواز باسیکراوە، هەندێک وەک ژانرێکی ئەدەبی پۆلێنیانکردووە، هەندێکی دیکە وەکو شێوازێکی نووسین لە ئەدەبدا کە لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا دەردەکەوێت، لێیانڕوانیوە، هەندێک پێیان وایە، کە تەنز زاراوەیەکی زانستیی زۆر فراوانە و دەبێت بە چەترێک بۆ زاراوەکانی وەکو (هەجو و هەزەل و نوکتە و ئایرۆنی و....) لە سێبەری خۆیدا کۆیاندەکاتەوە و پۆلێنیاندەکات، هەندێکی دیکە لەتەک ئەو زاراوانەدا باسی دەکەن و کەم و زۆر وەکو ئەوانە بەهای پێدەدەن و لێی دەکۆڵنەوە.

بەتێڕامان لەم بیروڕا جیاوازانە ئێمە ڕامان لەبابەت تەنز لەگەڵ ڕای دووەم یەکدەگرێتەوە و پێمان وایە تەنز شیوازێکی نووسینە و دەکرێت لەهەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕەنگبدانەوە.

مەیدانی تەنز ئەوەندە فراوانە و پەیامی تەنز ئەوەندە بەهێز و کاریگەرە، هەموو کایەکانی ژیانی گرتۆتەوە، بۆنموونە کە لە قاڵبێکی ئەدەبیدا و بەگاڵتەو پێکەنینەوە ڕەخنە لە خواروخێچییەکانی کۆمەڵ دەگرێت، دەبێت بە بابەتێکی کۆمەڵایەتی، کە بە کەموکورتییەکانی سیاسەت پێدەکەنێت، دەبێت بە ڕەخنەیەکی جدی سیاسیی و کە باسی ئایین دەکات و بە پێکەنینەوە ڕەخنە لە لادانی ئایینی و خورافیات و زیادەڕۆییەکانی پەیڕەوکەرانی دەگرێت، دەبێت بە تەنزی ئایینی، بۆخۆشی لەهەناوی دەروونناسییەوە لەدایکبووە بەوەی، کە دەروونناسە بەناوبانگەکانی دونیا لە چوارچێوەی چەندان تیۆردا باسی سەرهەڵدان و دروستبوون و کاریگەرییەکانی پێکەنینیان کردووە، کە هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبوونی تەنز.

هەر لەبەرئەو گرنگییەی تەنزیش لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەگشتی و ئەدەبیاتی ماوەی سالآنی(١٩٢٠ – ١٩٥٠)دا بەشیوەیەکی بەرچاو ڕەنگیداوەتەوە و جێی بایەخی شاعیران و نووسەران

بووه و بیرۆکه و پەیامەکانی خۆیانیان تێدا جێ کردۆتەوە و لەڕێگەی ڕۆژنامەنووسی ئەو ماوەیەدا بڵاویانکردۆتەوە و گیاندوویانە بە خوێنەر.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

بۆ هەڵبژاردنی هەر بابەتێک چەند هۆکارێکی سەرنجڕاکێش هەن، دەبن بە پاڵنەر بۆ لێکۆڵەر، تاکو بە شەوق و زەوقەوە لێکۆڵینەوەکەی ئەنجام بدات و توانای ئەوەی پێبدات بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا زاڵبێت، کە لەکاتی لێکۆڵینەوەکەدا دێنە ڕێی، ئەوەی کە ئێمە تاکو ئیستا لەبابەت لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی تەنز سەرنجمانداوە چەند هەوڵێکن، لەوانە(بینای ساتیرا لە کورتە چیرۆکی کوردیدا کوردستانی عێراق(١٩٧٠-١٩٩٠))ی بەڕێز(د.جەبار ئەحمەد حسێن) کە نامەی دکتۆرایە، مەیدانی کارەکە هەروەک لە ناونیشانەکەوە دیارە، کورتەچیرۆکی کوردیی ماوەی ساڵانی(١٩٧٠-١٩٩٠)ە، هەروەها نامەی ماجستێری بەڕێز(گۆران عبدالله احمد) بەناونیشانی:(تەنزە ئەدەبییەکان لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، باشووری کوردستان (١٩٩٧ – ٢٠٠٧) بە نموونەی گۆڤارەکانی (سیخوڕمە و مەلای مەشهور و گەپ)ی یەکێکی دیکەیە لەو لێکۆڵینەوانەی، کە لەبابەت تەنزەوە نووسراوە، سنووری ئەم کارەش هەروەکو لە ناونیشانەکەدا دیارە، هەرسێ گۆڤاری تایبەتمەندی تەنز(سیخورمە و مەلای مەشهور و گەپ)ن.

ئێمەش بەئومێدی ئەوەین وەکو ئەو هەوڵانەی پێش خۆمان برەوی زیاتر بە لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی تەنز بدەین، چونکە پێمان وایە، کە لەئەدەبی کوردیدا وەکو پێویست ئاوڕ لەم بابەتە نەدراوەتەوە، ئەوەی لێکۆینەوەکەی ئێمەش لە لێکۆڵینەوەکانی پێش خۆمان لەمەڕ ئەو بابەتە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ئێمە کارمان لە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند و تایبەت بە تەنز نەکردووە، بەڵکو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی باشووری کوردستانمان شەن و کەو کردوون کە لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٢٠ – ١٩٥٠) دەرچوون و هەڵوەستەمان لەسەر بابەتە ئەدەبییە تەنزئامێزەکان کردووە کە لە چوارچێوەی هەر

ژانرێکی ئەدەبیدا نووسرابێت، لەڕووی ناوەڕۆکەوە بۆ جۆرەکانی تەنز پۆلێنمان کردوون و مەبەست و ئامانجی تەنزەکەمان تاکو ئەوجێیەی تێیگەیشتبین ڕوونکردۆتەوە.

بەگشتیش لێکۆڵینەوەکەش هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

- زاراوەی تەنز لە زمانی ئینگلیزی و میللەتانی دەرودراوسێ چۆن باسی کراوە؟ لەفەرهەنگی ئەو زمانانەدا چۆن هاتووە؟ لێکۆڵەرانیان چۆن پێناسەیان کردووە؟ خاڵی جیاواز و هاوبەشیان لەگەڵ زاراوەکە لە زمان و فەرهەنگی و دیدگای لێکۆڵەرانی تەنز لە ئەدەبی کوردیدا چییە؟

- گرنگترین تیۆرەکانی پەیوەست بە دروستبوونی پێکەنین، کە هۆکارن بۆ درووستبوونی تەنز چین؟ چۆن باسی سەرهەڵدانی تەنزیان کردووە؟

- مێژووی تەنز لە ئەدەبی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی چۆنە؟ لەکەیەوە دەستپێدەکات؟ جیاوازیی چییە لەگەڵ مێژووی تەنز لەئەدەبی کوردیدا؟ ئەدەبی کوردی لەبابەت تەنزەوە چی لەئەوانەوە وەرگرتووە؟ چی بە ئەوان بەخشیوە؟

- کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و .هتد... لە ماوەی(١٩٢٠ – ١٩٥٠) لەسەر تەنز و جۆرەکانی چی بووە؟ پەیامی تەنز چییە؟ چۆن ڕەنگیانداوەتەوە لە ئەدەبیاتی تەنزی ئەو ماوەیەدا؟

- تەنز چۆن لە ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی (١٩٢٠ – ١٩٥٠) ڕەنگیداوەتەوە؟ چۆن دابەشبووە بەسەر ژانرەجیاوازەکانی ئەدەبدا؟

## سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکەی ئێمە وەک لە ناونیشانەکەدا دیارە، لێکۆینەوەیە لەو بابەتە تەنز ئامێزانەی کە لە ڕۆژنامەنووسیی باشووری کوردستاندا لەماوەی نێوان سالآنی (١٩٢٠) بۆ (١٩٥٠)دەرچوون و بڵاوکراونەتەوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو بابەتێک پێویستە ڕێبازێکی زانستی پەیڕەوبکرێت و ئەو ڕێبازەی کە ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا پەیرەومانکردووە، ڕێبازی وەسفی شیکارییە.

## کۆسپ و گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە:

یەکێک لە گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە بریتیبوو لە کەمیی سەرچاوە بەزمانی کوردیی لەبابەت تەنزەوە، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی بە زمانی تر بەدوای توێژینەوە لە تەنزدا بگەڕێین و کۆسپێکی ترمان بێتە ڕێگا کە ئەویش نەبوونی کۆمەڵێک زاراوەی تایبەت بە تەنزە لەزمانی کوردیدا، بۆیە ناچاربووین زاراوەکان بەشێکی زۆریان لەپێناوی تێکنەچوونی ماناکەیان وەکو خۆیان بنووسینەوە و تاکو ئەو جێیەش توانیبێتمان هەندێک چەمک و زاراوەمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی، بەتایبەتی ئەو چەمک و زاراوانەی، کە بە ناوی تیۆرەکانی تەنزەوە پەیوەستبوون.

گرفتێکی دیکەش بریتیبوو لە دەستنەکەوتنی بەشێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو ماوەیە(١٩٢٠ – ١٩٥٠)، هەروەها تێکچوون و خراپی و ناڕوونی نووسینی بەشێکی دیکەیان گرفتێکی دیکەی لێکۆڵینەوەکەیە.

بەناویەکداچوون و تێکەڵی و لێک نزیکی لەنێوان تەنز و کۆمەڵێک بابەتی تری وەکو هەجوو و هەزەل و چەند بابەتێکی تر کێشەیەکی تری لێکۆڵینەوەکەبوو.

### - ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکەمان بەناونیشانی(تەنز لە ڕۆژنامەنووسیی باشووری کوردستاندا(١٩٢٠ – ١٩٥٠))یە.

### - پلانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکەمان لە سێ بەشی سەرەکیدا خستۆتەڕوو: بەشی یەکەم بەناونیشانی((تەنز) چەمک و زاراوە و پێناسە و مێژوو و تیۆرەکانی)یەتی، لە سێ تەوەردا هەوڵمانداوە بەوردی باسی چەمک و پێناسەی تەنز لە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی بکەین، ئینجا مێژووی تەنز لە ئەدەبیاتی کوردیی و میللەتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی(فارس و عەرەب)بکەین، هەروەها تیشکیش بخەینە سەر تیۆرەکانی تەنز، لەپێناوی ئەوەی بزانین کە تەنز چۆن سەرهەڵدەدات و کاریگەریی و کارکردنی چۆنە.

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەمان بەناونیشانی( مێژووی ڕۆژنامەنووسیی و ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە ڕۆژنامەنووسیی باشووری کوردستاندا(١٩٢٠ – ١٩٥٠))یە، تێیدا لە دوو تەوەردا بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و بیانی، لەناویشیدا ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی(عەرەب و فارس) تەرخانکردووە و بە نموونەوە باسی ئەو ژانر و بابەتە ئەدەبییانەمان کردووە کە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی باشووری کوردستاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

لە بەشی سێیەم و کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا کە بەناونیشانی (تەنز لە ڕۆژنامەنووسیی باشووری کوردستاندا (١٩٢٠ – ١٩٥٠))یە، لە سێ تەوەردا باسی بارودۆخی باشووری کوردستان و جۆرەکانی تەنز لەڕووی ناوەڕۆکەوە و ڕەنگدانەوەی تەنز و جۆرەکانی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی باشووری

کوردستانی ماوەی ساڵانی(١٩٢٠ – ١٩٥٠)مان کردووە و بەنموونەوە باسی ئەو ژانرە ئەدەبییانەمان کردووە کە بەشیوازی تەنز نووسراون و لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە، بە ئانجامەکان و پاشکۆیش کۆتاییمان بە لێکۆڵینەوەکە هێناوە.

**بەشی یەکەم: چەمک و زاراوە و پێناسە و تیۆر و جۆر و مێژووی تەنز:**

**تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمک و پیناسەی تەنز:**

**یەکەم) زاراوەی تەنز:**

**دووەم) چەمک و پێناسەی تەنز:**

**سێیەم) هەندێک لەو زاراوانەی پەیوەستن بە تەنزەوە:**

**تەوەری دووەم: گرنگترین تیۆرەکانی تەنز:**

**یەکەم) تیۆری بالایی (Superiority Theory):**

دووەم) **تیۆری ناسازگاریی (نەگونجاویی) (Incongruity Theory):**

**سێیەم) تیۆری سوکنایی (ڕێگایەک بۆ خاڵیبوونەوە) (Relief Theory) :**

**تەوەری سێیەم: جۆرەکانی تەنز:**

**١- تەنزی ئایینی (Religious Satire):**

**٢- تەنزی فەلسەفی(Philosophical Satire):**

**٣- تەنزی سیاسی(ڕامیاری)( Political Satire) :**

**٤- تەنزی کۆمەڵایەتی (Social Satire) :**

**تەوەری سێیەم: مێژووی تەنز :**

**یەکەم) مێژووی تەنز لە ڕۆژئاوا:**

**دووەم) مێژووی تەنز لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا:**

# بەشی یەکەم:(تەنز) زاراوە و چەمک و پێناسە و مێژوو و تیۆر و جۆرەکانی:

## تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمک و پیناسەی تەنز:

### یەکەم) زاراوەی تەنز:

بەکارهێنانی تەنز ئاشنا و بڵاوە لەناو خەڵکدا وەک زاراوە، بەڵام وەکو چەمک و شێوازێکی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی قووڵ و بەرفراوان و ئاڵۆزە، هەربۆیە ئێمە بۆ تێگەیشتنی تەواو و هەمە لایەنەی ئەم زاراوەیە، هـەوڵ دەدەین بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگەکان لە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزیدا.

### ١) زاراوەی تەنز لە زمانی کوردیدا:

لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا کە فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و گرنگی زمانی کوردییە، (تەوزە و حەنەک و قسەی گاڵتە )(هەژار: ١٣٦٩ هـش: ١٧٠) بەرانبەر بە زاراوەی (تەنز) بەکارهاتووە، لە (فەرهەنگی دانشگای کوردستان)دا بەرانبەر زاراوەی (تەنز) (تەوز و حەنەک، ئەوەی لایەنگەلی ناڕاست، نەگونجاو یان نارەوای دیاردەیەک بەشێوەی گاڵتەوگەپ دەنوێنێ، بۆنموونە وتاری تەنز، نمایشی تەنز) (ڕۆحانی: ١٣٨٨هـش : ٩٣٨)باسکراوە، عەلی نانەوازادە لە (فەرهەنگی هەرمان)دا دەربارەی زاراوەی تەنز دەڵێت: (جۆرە چیرۆک و داستانێکی کورتە کە بەشێوەیەکی پێکەنینی باسی مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکا) (نانەوا زادە:٢٠٠٥:٤٢٣)، لە (فەرهەنگی خاڵ) دا زاراوەی (تەنز) نەهاتووە، بەڵام ئەگەر وشەی (تەوزە) و (حەنەک) کە لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە و دانشگای کوردستان بۆ واتای تەنز بەکارهاتوون، بکەین بە پێوانە، دەبێت بڵێین، کە وشەی (تەوزە و حەنەک)ی بەم شێوەیە بەکارهێناوە: (تەوزە و تەوزەپێکردن، بەواتای گاڵتە و گاڵتەپێکردن)( خاڵ: ٢٠٠٥:١١٣) یان (حەنەک) واتا: (گاڵتەوگەپ) (هەمان سەرچاوە : ١٥٢)، لە فەرهەنگی (کوردستان)ی (گیو

موکریانی)دا وشەی (تەوزە) بە واتای: (گەمە، قەشمەری، تەوسە، فشە، گاڵتەپێکردن) (موکریانی: ١٩٩٩: ٢٣٧) و (حەنەق، یان حەنک) بەواتای گەمە،گاڵتە و گەپ (هەمان سەرچاوە: ٣٤٥) هاتووە.

ئەوەی دەربارەی زاراوەی تەنز لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بەرچاودەکەوێت، زیاتر واتای گشتی ئەو زاراوەیەیە و هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەم زاراوەیە لەخۆناگرن، هەرچەندە بەشێک لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردی ئەو زاراوەیان بەشیوەی ڕاستەوخۆ باس نەکردووە و ناویان نەهێناوە، بەڵام لەڕێگەی هاوواتاکانی ئەم زاراوەیەوە دەتوانیین بگەین بە واتا فەرهەنگییەکانی زاراوەی (تەنز).

**٢) زاراوەی تەنز لە زمانی عەرەبیدا:**

ڕیشەی زاراوەی تەنز بۆ زمانی عەرەبی دەگەڕێتەوە، کە بە ڕێنووسی (طنز) دەنووسرێت، هەر لەوێشەوە ڕۆیشتووە بۆ زمانەکانی تری وەکو زمانی فارسی، لە زمانی عەرەبیدا بۆ زاراوەی تەنز چەند زاراوەیەک بەکاردێن، هەروەکو ئەو زاراوانە لە فەرهەنگە دیارەکانی زمانی عەرەبیدا ئاماژەیان بۆکراوە:

لە فەرهەنگی (لاروس)دا زاراوەی تەنز بەم شێوەیە هاتووە: (طنز- طنزاً: سخر به وأسمعه مايثيره طنز- طنزاً(الجر: ١٩٧٣ : ٧٩٣)، واتا: گاڵتەی پێ کرد و شتێکی بەگوێدا دا، کەپێی ناخۆش بێت، هەروەها لە فەرهەنگی (لسان العرب)یشدا، (ابن منظور) دەربارەی زاراوەی تەنز دەڵێت: (طنز- يطنز- طنزاً: كلمة باستهزاء، فهو طناز. قال: الجوهري أظنه مولدا او معربا. والطنز : السخرية.طنز- يطنز- طنزاً:(گاڵتەی کرد- گاڵتەدەکات- گاڵتەکردن):وشەی گاڵتەپێکردنە، کەسێکی زۆر گاڵتەپێکەرە، (جوهری) دەڵێت: پێم وایە ئەم وشەیە داهێنراوە لەوشەی ترەوە، یاخود بەعەرەبی کراوە. والطنز: گاڵتەپێکرن. هؤلاء قوم مدنقةودناق ومطنزة اذا كانوا لاخير فيهم هينة انفسهم عليهم. ئـەم نەتەوەیە تانەلێدەرن بەدوای شتی ورد و بچوکدا دەگەڕێن و بەجۆرێک گاڵتە پێکەرن، کەهیچ خێریان تێدا نەبێت و خۆیان بێ نرخ (سوک) بکەن. (ابن منظور : ٢٠٠٥: ١٤٩،١٥٠)، هەروەک لە فەرهەنگی (صحاح)

و (المنجد)دا بەم شێوەیە باسی زاراوەی تەنز کراوە: ( الصحاح: طنز- (الطنز): السخرية، وبابه: (نصر) فهو طناز بالتشديد، وأظنه مولدا او معربا. طنز- (الطنز):گاڵتەپێکرن، لەسەر وەزنی( نصر)ەیە پێم وایە ئەم وشەیە داهێنراوە لەوشەی ترەوە یاخود بەعەرەبی کراوە. (عبدالرزاق الشو: ٢٠١٠:٢٧٨)، طنز:طنز-طنزا به: سخر. تطناز القوم: سخر بعضم من بعض. الطناز:الساخر. (المنجد فی اللغه) : طنز:طنز- طنزا به: گاڵتەی پێکرد.تطناز القوم:خەڵکەکە گاڵتەیان بەیەکتر کرد، واتە هەندێکیان گاڵتەیان بەئەوانی تر کرد. الطناز:گاڵتە پێکەر.( معلوف : ٢٠٠٢ : ٤٧٤)، هەروەها لە فەرهەنگی (الوسیط)دا ئەو مانایانە بۆ زاراوەی (تەنز)کراون: (طنز- (طنز یطنز طنزا)به : گاڵتەی بە ئەو کرد، گاڵتە پێکردن، بە کەسێک ڕابواردن و گاڵتە پێکردنی، (المطنزة) : جیگەی گاڵتەجاڕی، (قوم مطنزة): خەڵکی بێ نرخ، خوار و خێچ، کەسانیک کە خۆیان سووک و بی ئەرزش کردووە و ڕێز لەخۆیان ناگرن (انیس: ٢٠٠٤: ٥٦٧).

بە گشتی زاراوەی تەنز لە زمانی عەرەبیدا لە چوارچێوەی واتای گاڵتە پێکردن و گاڵتەپێکرانێکی ڕەخنەئامێزدا دەسووڕێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو ڕایە جیاوازەی (جەوهەریی)یە کە لە فەرهەنگی (لسان العرب) و (صحاح)دا، دەربارەی زاراوەی تەنز هاتووە، ئەو پێی وایە زاراوەکە لەبنەڕەتدا زاراوەیەکی (داهێنراو و بەعەرەبی)کراوە، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک بخاتە ڕوو و ناوی هیچ سەرچاوەیەک بهێنێت، ئەمەش لەکاتێکدایە، فارسەکانیش پێیان وایە، زاراوەکە عەرەبییە و لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی فارسی، ئەوەی کە گرنگە لێرە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە ئەو زاراوەیە لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی عەرەب و سەنتەرەکانی توێژینەوە لە ئەدەبی عەرەبیی زۆر بەکارنایات و زاراوەی (السخرية) زیاتر لەجیاتی بەکاردێت، زاراوەی (السخرية)یش بە گشتی لە زمانی عەرەبیدا بەم شێوەیە بەکارهاتووە:

ئەگـــەر ســـەرەتا قورئانی پیرۆز وەکو نموونە وەربگرین، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمویت(يا أَيُّهَا الَّذينَ آمَنُوا لا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ) (الحجرات: آية(١١))، واتا (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان با هێندێکتان گاڵتە بە هێندێکان نەکەن)( قورئانی پیرۆز:و.هەژار: ١٣٧٩هـ-ش: ٥١٦) ، هەروەکو دیارە وشەی (يَسْخَرْ) لە ئایەتەکەدا بەواتای گاڵتەپێکردن هاتووە. هەروەها لە سورەتی (هود)، ئایەتی (٣٨)دا خوای گەورە دەفەرمویت: ((ويصنع الفلك وكلما مر عليه ملا من قومه سخروا منه قال إن تسخروا منا فإنا نسخر منكم كما تسخرون))(هود: آية(٣٨)). واتا: (خەریکی گەمیە سازدان بوو، هەرچەندە خاوەن پایە و مایە لە هۆزەکەی بەلایدا ڕاببردنایە، حەنەکی خۆیان پی دەکرد، گوتی: ئەگەر ئێوە گاڵتەمان پێدەکەن، بەم زووانە هەروەک ئێوە گاڵتەدەکەن، ئێمەش گاڵتەتان پێدەکەین) (قورئانی پیرۆز: و.هەژار: ١٣٧٩هـ-ش: ٢٢٦)، هەروەکو دیارە وشەکانی(سَخِرُوا، تَسْخَرُوا، نَسْخَرُ، تَسْخَرُونَ)لە ئایەتەکەدا هاتوون و هەمووشیان بەواتای گاڵتەپێکردن دێن.

لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا بە (سخر: سخر منه و به سخرا و مسخرا و سخرا و بالضم و سخرة و سخريا و سخريا و سخرية : هزىء به)هاتووە(ابن منظور: ٢٠٠٥: ٢٠٣). کە داڕشتنە جۆراوجۆرەکانی کرداری (السخرية)ن و هەموویان واتایان لە چوارچێوەی گاڵتەپێکردندا دەسوڕێنەوە.

هەروەها لە فەرهەنگی(المنجد في اللغة )دا بەم واتایانە هاتووە: (سخر ، سخريا و سخرا و سخريا و سخريا و سخره) ، واتا کارێکی پێ سپارد بەبێ کرێ و بەزۆر ناچار و زەلیلی کرد. سخر ، سخرا و سخرا و سخرا و سخرة و مسخرا به : (معلوف : ٢٠٠٢: ٣٢٥)واتا گاڵتەی پێکرد، تۆ دەڵێیت من گاڵتە ناکەم و تەنها حەق دەڵێم. السخرة: کەسێک کە گاڵتە بەخەڵکی دەکات. السخر و السخري و السخرية: ناوێکە لەوشەی (سخر)وە هاتووە، هەروەها ((سخر) بەواتای بەکەمزانین و خستنە ژێر ڕکێفی خۆی و ڕامکردن دێت)(ابوالحسين:٢٠٠٧: ٤٨٧)، بۆنموونە خوای گەورە لە سورەتی (جاثية) لە ئایەتی (١٣)دا دەفەرموویت: (وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ

لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ) (جاثية: ١٣): واتا: (هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندان، گشت هی ئەون، ئەو بۆ ئێوەی کەویی کردوون. کە لەمەشدا نیشان زۆرن بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن) (قورئانی پیرۆز: و.هەژار: ١٣٧٩هـ.ش: ٤٩٩). هەروەکو لەمانای ئایەتەکەوە دیارە کرداری(سَخَّرَ) مانای جیاوازی هەیە لە (گاڵتە پێکردن) و بەواتای دەستخستن و فەراهەمکردن و کەویکردن هاتووە.

**٣) زاراوەی تەنز لە زمانی فارسیدا:**

زاراوەی تەنز لە زمانی فارسیدا بە (طنز) دەنووسرێت و لە فەرهەنگە فارسییە بەناوبانگەکاندا باسی کراوە. هەرچەندە زاراوەکە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی عەرەبییە و لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا بە واتای گاڵتە و گاڵتەپێکردن هاتووە، بەڵام لەفارسیدا لەگەڵ وەرگرتن و گواستنەوەی زاراوەکە بۆ ناو زمانی فارسی، سەرەڕای واتا بنەڕەتییەکەی خۆی، واتاکانی فراوانتر کراوە و واتای جیاوازتری پێ بەخشراوە، بۆ ئەم مەبەستە و بۆ دەرخستنی ڕاستی ئەو بابەتە گەڕاوینەوە بۆ بەشێک فەرهەنگەکانی زمانی فارسی، بۆنموونە لە فەرهەنگی (دهخدا) دا (علی اکبری دهخدا) بەم جۆرە باسی کردووە: (بە کەسێک پیکەنین، تانە و تەوس دان لەکەسێک، دەرخستنی کەموکوڕی، ناو و ناتۆرە لێنان، قسەکردنی بە توێکڵ و هێمادار)(دهخدا: ١٣٧٧هـ.ش.: ١٥٥٣١)، لە فەرهەنگی (سخن)دا زاراوەی (تەنز) بەم شێوەیە باسکراوە: (شێوەیەکی دەربڕینی ئەدەبییە، جا چی شیعر بێت یان پەخشان، کە تێیدا نەنگیی تاک، یان کۆمەڵ بەشیوەی گاڵتەجاڕی دەردەبڕدرێت، مەبەست لێی چاککردنی ڕەفتاری مرۆڤە، واتای زاراوەکەش بریتییە لە: قسەیەکی تانە ئامێز، سەرزەنشتکردن و قسەیەکی گاڵتەجاڕانە)( انوری:١٣٨١هـ.ش: ٤٩٠٥)، لە فەرهەنگی (معین)دا زاراوەی (تەنز) بە (پێکەنین، تانەلێدان، سەرزەنشتکردن، گاڵتە پێکردن، تانە و سەرزەنشت باسکراوە)(معین: ١٣٨٦هـ.ش.: ١٠٣١)، لە فەرهەنگی (نفیسی)دا (د.علی اکبر نفیسی) زاراوەی تەنز بە (گاڵتەجاڕیی و تانە و تۆمەت لێدان و قسەی بەتوێکڵ و هێمادار باسکردووە(نفیسی: ١٣٥٥هـ.ش: ٢٢٦٢)، (حسن عمید)یش لە فەرهەنگی

(عمید)دا زاراوەی تەنز بە واتای (گاڵتەپێکردن، بە کەسێک پێکەنین، نازکردن، تانە و سەرزەنشت کردن و نازوئەدا) باسدەکات (عمید : ١٣٨٩ هـش. : ٧٤٥).

دەبێت ئەوە بڵێین کە زاراوەی تەنز لە فەرهەنگی (لغت فرس) و فەرهەنگی (برهان قاطع) کە دوو فەرهەنگی گرنگ و دەوڵەمەندن لە زمانی فارسیدا، نەهاتووە، هۆکاری نەهاتنەکەشیان دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە زاراوەی تەنز لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی عەرەبییە و ئەو دوو فەرهەنگەش زیاتر گرنگییان بە زاراوەکانی زمانی فارسی داوە، لەگەڵ ئەو وشە و زاراوانەی کە عەرەبین و لە زمانی فارسیدا زۆر بەکاردێن(تجبر: ١٣٨٩ هـش.: ٨).

**٤) زاراوەی تەنز لە زمانی ئینگلیزیدا:**

دەربارەی زاراوەی تەنز لە زمانی ئینگلیزیدا لای لێکۆڵەرە بەناوبانگەکانی فارس، کە جێ بایەخ و گرنگی پێدانیان بووە، لێرەو لەوێ بیروڕای جیاوازیان هەیە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا چی بەرانبەر بەکاردێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت کۆدەنگییەک هەیە لە بەکارهێنانی زاراوەی بەرانبەری لە زمانی ئینگلیزیدا، بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێینەوە بۆ بیر و بۆچوونی توێژەرە دیار و ڕەخنەگرە گەورەکانی فارس، لەوانە یحیی آرین پـور، د.حسین بهزاد اندوهجردی، حسن جوادی و چەندانی دیکە، کە لەزمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (satire)یان بۆ زاراوەی (تەنز)بەکارهێناوە، کە بەرانبەر زاراوەی ( Satira ) و (Satura) ی لاتینییە و بەواتای دەفرێک لە میوە دێت، کە کاتی خۆی پێشکەشی خودای جوتیارانیان کردووە، ڕیشەکەی بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە و ئێستا لە زمانە ئەوروپییەکاندا بەکاردێت). (جوادی: ١٤٠٠هـش: ١٣)، بۆیە پێویستە بزانین، کە زاراوەی (satire) لەزمانی ئینگلیزی و لە فەرهەنگە دەوڵەمەند و گەورەکانی ئەم زمانەدا بەواتای چی دێت؟ و چۆن واتاکانی لێکدراوەتەوە، بۆئەم مەبەستەش گەڕاوینەوە بۆ فەرهەنگی (Cambridge) و (Longman) و (Oxford)، کە بەم شێوەیە باسیان کردووە:

له فەرهەنگی (Cambridge)دا زاراوەی (satire) (بریتییە لە شێوازێکی ڕەخنەگرتنی گاڵتە ئامێز لە خەڵک، یان بیرۆکەیەک کە مەبەست لێی نیشاندانی هەڵە و کەموکورتییەکانە). ( Cambridge dictionary : 2000 : 756)، له فەرهەنگی (Longman)دا (satire) (جۆرێکی ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵ، یان سیستەمێک بەشیوازی پێکەنیناوی مەبەستدار، بۆ پیشاندانی کەموکورتییەکان) (Longman dictionary : 2009 : 1547)، فەرهەنگی (Oxford)یش زاراوەی (satire)ی وا باسکردووە کە ( ڕێگەیەکی ڕەخنەگرتنە لە کەسێک، یان بیـرۆکەیەک، یان دامــەزراوەیــەک بە شیــوەی گاڵتــەئامێــز، بــەمــەبەستــی دەرخستنــی هــەڵــە و کــەمــوکورتییــەکانیان). (Oxford dictionary: 2010 : 1356).

هەروەکو دیارە تارادەیەکی زۆر مانا و مەبەستی زاراوەکە لەیەک نزیکە و هاوشێوەییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین، کە تەنیا شێوازی دەربڕینەکەیان جیاوازە.

### دووەم) چەمک و پێناسەی تەنز:

تەنز وەکو هەموو بابەت و لایەنە ئەدەبییەکانی تر جێی سەرنج و گرنگی ئەدیبان و ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بووە، ئەگەرچی ڕێککەوتنێک لەنێوان نووسەران و ڕەخنەگران بۆ پێناسەی تەنز نییە، چونکە خودی تەنز بەشێکی زۆری کایەکانی ژیان دەگرێتەوە و قسەیان لەبارەوە دەکات، بۆیە هەریەکە لە دیدگا  و پسپۆڕیی و تێڕوانینی خۆیەوە لێی ڕوانیوە و پێناسەی بۆکردووە،  لیرەدا هەندێک لەم پێناسانە دەخەینەڕوو:

(یان جاک) دەڵێت: (ساتیرا زادەی غەریزەی گازەندەیە، گازەندەیەک کە بۆ هونەر گۆڕدراوە) (پلارد: ١٣٩٨ هـ‌ش: ١٢). واتا تەنز بریتییە لە هەستی ڕەخنەیی و گازەندە، کە بەشێوازێکی سروشتی لە ناخی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام مەرجی سەرەکیی ئەو هەستە ڕەخنەییە بریتییە لە

دەربڕینی بەشێوازێکی هونەریی، کەواتە هەرچی توانای ڕەخنەگرتنی هەبێت، نابێت بە نووسەری تەنز، یان تەنزنووس، ئەگەر توانای دەربڕینی ئەو ڕەخنەیەی نەبێت بەشێوازێکی هونەریی.

(جۆناثان سویفت(Jonathan Swift) (١٦٦٧ – ١٧٤٥) کە تەنزنووسێکی گەورەی ئیرلەندییە، دەڵێت: تەنز جۆرە ئاوێنەیەکە، کە بینەر بەگشتی هەمووکەسێکی تێدادەبینێت، خۆی نەبێت و هەربۆیەش لەدنیادا بەم شێوازە پێشوازیی لێدەکرێت و کەم کەس دەڕەنجێنێت، تەنز لە باشترین شێوازدا جۆرێکە لە پاسەوانی ڕەوشت و ئەخلاق، چاکەکارانی کە کەوتوونەتە بەرانبەر خراپەکاران ئارام دەکاتەوە و هەوڵدەدات چاکەکاران لەسەر ڕێگای ڕاست بهێڵێتەوە، بەڵام کەم واهەیە و بەدەگمەن خراپەکاران دەهێنێتە سـەر ڕێگای ڕاست(پلارد: ١٣٩٨ هـش: ٥). بەو مانایەی کەوا من ئەگەر بینەری دیمەنێکی تەنز بم، یان خوێنەری دەقێکی تەنز بم، یان نووسەری بم، لەبەرئەوەی پێکەنین لە دەروونی مندا درووست دەکات، ئەو درووستبوونی پێکەنینەش بەڵگەی ئەوەیە کە خۆمی تێدانابینمەوە و پێم وانییە کە ئەو گاڵتەکردنە ڕووی لە منە.

سامویێل سمایڵز(١٨١٢ – ١٩٠٤)یش کە نووسەرێکی بەناوبانگی ئینگلیزە پێی وایە کە کەم کەس لەدنیادا هەیە قبوڵی ڕەخنە بکەن، هەرچەند ڕاستیش بێت و لەئەودا هەبێت، هەتا ژیرترین و هۆشیارترین کەسیش کە بە ڕووکەش تورەنابێت، ئەگەر لە ڕەخنەگریش تورەنەبێت، ڕقـی لەخـۆی دەبێتەوە بەوەی کە بۆچی ڕەفتار و کرداری بۆتەهۆی ئـەوەی ڕەخنەی لێبگیرێت؟ تەنز بە هۆی خـەندە و پێکەنینەوە هەوڵدەدات ئەو گیانە وەرزشییە و بارودۆخە لەبارەی بەئاسایی وەرگرتنی ڕەخنـە بهێنێتە ئاراوە(آلبویە: ١٣٩١: ٣١).

تەنز بە هونەرێکی ئەدەبی وەسف دەکرێت، کە بۆ کەمکردنەوە، یان سوککردنی بابەتێک(شتێک) لەڕێگەی گاڵتە پێکردنەوە، بۆ سەرگەرمی و چێژ وەرگرتن، یان بۆ مەبەستی سوکایەتی پێکردن و ڕقلێبوونەوە بەکاردێت(Abrams: 2005 : 285) .

تەنز پێکەنینــە بە کەموکوڕییــەکان و گەمژەیــی مرۆڤ، یان لاوازییــەکانی. تــەنز دەکــرێت ســادە و چێژبەخش بێت، یان توند و تیــژ و تاڵبێت لــــە دەرخستنــــی هەڵەکــانی مــرۆڤ، وەکـــــو ئــەوەی لە (Gulliver’s Travels(1726) ی(Jonathan Swift)، (گەشتەکانی گالیڤەر)ی (جۆناثان سویفت)دا هەیە (Stephen:1984:30) .

تەنز شێوازێکی نووسینە، کە تێیدا گاڵتە بە هەڵسوکەوتێکی چەواشەکاری کۆمەلایەتی، یان خراپە و هەڵەکانی مرۆڤ دەکرێت. تەنزنووس گاڵتە بە تاکە چەواشەکار و لادەرەکان و گەمژەیی کۆمەڵگا دەکات و ئامانج لێی ڕاستکردنەوە و چاککردنە(peck & Coyle: 2002 :170).

نووسەر و مێژوونووسی ئەدەبی فارسی (یحیی آرینپور) لە کتێبی (از صبا تا نیما)دا لەبارەی تەنزەوە دەڵێت: (تەنز دەلالەت لە شێوازێکی تایبەتی نووسین دەکات، وێنایەکی هەجووئامێزی لایەنە ناشیرن و نەرێنییە ناجۆرەکانی ژیانە، عەیب و عار و گەندەڵیی کۆمەڵ و حەقیقەتی تاڵی کۆمەلایەتی بەزیادەڕۆییەوە، واتا ناشیرنتر و خـواروخێچتر لەوەی، کە هەیە، پیشان دەدات(آرینپور: ١٣٨٢: ٣٦). واتا هەجوو و ڕەخنەی لایەنە ناشیرنەکانی ژیان دەکات و ڕەخنەیان لێدەگرێت و خوار و خێچیی و تاڵییەکانی کۆمەڵ بە زیادەڕۆییەوە پیشاندەدات. هەروەک لەشوێنێکی دیکە دەربارەی لایەنە ڕەخنەییەکەی تەنز دەڵێت: (تەنزنووسی باڵاترین پلەی ڕەخنەی ئەدەبییە، بەمەرجێک ڕووداو و کەسیەتییەکان نەشێوێنرێن )(آرینپور: ١٣٨٢: ٣٦). واتا بۆئەوەی بابەتی تەنز وەکو بابەتێکی ڕیالیستی و واقیعگەرایانە پەیامەکەی بەتەواویی بگاتە جێی خۆی، نابێت کەسایەتی و ڕووداوەکانی لە سیفەت و تایبەتمەندیی سەرەکی خۆیان دابماڵرێن.

هەروەها ڕەخنەگری بەناوبانگی ئەدەبی فارسی(د.همایون کاتوزیان)یش پێیوایە، کە(هەرشتێک شێوەی پێکەنین و گاڵتە وەربگرێت و کاریگەریی ئـەو بــەسەر خوێنــەرەوە بەجــێ بهێڵێــت، هــەر

نــاوەڕۆک و مانــایەکــی هــەبێــت، تــەنـــزە)( کاتوزیان: ٢٠١٦: ٢٥). لەم پێناسەیەدا سەنگی مەحەک بۆ جیاکردنەوەی بابەتێکی تەنزئامێز لە غەیری خۆی بریتییە لە پێکەنین و گاڵتە و کاریگەریی بەسەر خوێنەرەوە، ئەگەر پێکەنین و گاڵتەی تێدابوو و کاریگەریی لەسەر خوێندر دانا، ئەوە تەنزە، ئەگەرنا تەنز نییە، جا ئەو بابەتە هەر ناوەڕۆک و مانایەکی هەبێت.

لە پێناسەیەکی تردا بۆ تەنز (ابراهیم سیدعلوی)کە گەورە ڕەخنەگرێکی ئەدەبی فارسییە دەڵێت: (تەنز شێوازێکی تایبەتی بەیان و خستنەڕووی عەیب وعار و کەموکورتییەکانە و ڕەخنەیە لە بارودۆخی ژیانی ڕۆژانەی تاک و کۆمەڵ، لە قاڵبی ڕەمز وهێما، یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، ئەوکاتەی کە ئازادیی بەیان و دەربڕین نییە، یان سنووردارادەکرێت). (سید علوی: ١٣٨١هـ‌ش: ٦٣). بەپێی ئەو پێناسەیە تەنز کاتێک دێتەبەرهەم، کە ئازادیی ڕادەربڕین نامێنێت، یان سنووردارادەکرێت، ئەمەش گرنگیی شێوازی تەنز دەردەخات، کە لایەنە گاڵتەجاڕییەکەیەتی کە ڕەخنەجدیی و توندەکانی لەو قاڵبەدا دەردەبڕێت.

(محمدرضا اصلانی)یش کە نووسەرێکی دیار بواری تەنزە لەبارەی تەنزەوە دەڵێت: (لە ئەدەبدا بە جۆرێک لە بەرهەمی ئەدەبی شیعر و پەخشان دەگوترێت کە هەڵە و لایەنی نەخوازراوی ڕەفتاری مرۆڤایەتیی، گەندەڵیی کۆمەڵایەتی و سیاسیــی، هەتــا بیر و بــۆچــوونـــی فەلسەفیش بـــە شێــوەیەکـــی پیکەنیناویـــی دەخــاتـــەڕوو)( اصلانی: ١٣٨٥هـ‌ش: ١٤).

(د.حسین بهزادی اندوهجردی)ش کە لێکۆڵەرێکی گەورەی تەنزە لە ئەدەبی فارسیدا، بەم شێوەیە پیناسەی دەکات: تەنز شێوازێکی تایبەتی خستنەڕووی بیروبۆچوونی توندی کۆمەلایەتیی و ڕەخنەیی و سیاسیی و ئاشکراکردنی حەقیقەتی تاڵ و قێزەونی گەندەڵیی و خواروخێچیی تاک یان کۆمەڵ بە ڕووپۆش و ماسکی خەندە و بەشێوازێکی پێکەنیناوییە، چونکە باسکردنیان بەشیوەی ڕاستەوخۆ

قەدەغەیە، لەپیناوی ڕەخنەلیگرتن و ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی و ڕاستکردنەوەی خواروخێچییەکان(اندوهجردی: ١٣٧٨هـ.ش: ٦).

(د.علی اصغر حلبی) کە ڕەخنەگرێکی گەورە و دیاری تەنزە لە ئەدەبی فارسیدا دەڵێت: تەنز واتا گاڵتەکردن بە کەسێک، یان کۆمەڵێک، یان دەربڕینی واتایەکە، کە بەپیچەوانەی ئەوەیە، کە گوتراوە.( حلبی: ١٣٧٧: ٢)، بەشی یەکەمی ئەم پێناسەیە لەگەڵ کۆی پێناسەکانی تر هاوبەشە، بەڵام ئەوەی جیاوازە بەشی دووەمی پێناسەکەیە، کە مەبەست لێی ئەوەیە کە دەبێت لە بابەت و دەقی تەنز ئامێزدا پەیامێک هەبێت، یان واتایەک ببەخشێت کە پێچەوانەی بۆچوون و پێشبینی خوێنەر، یان بینەر و گوێگربێت، ئەمەش لایەنە تازەیی و سەرنجڕاکێشەکەی تەنزە بەلای خوێنەر، یان بینەرەوە.

(فریدون تنکابنی)یش لەبـارەی پیناسەی تەنزەوە دەڵێت: (تەنز بریتییە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە قاڵبی ڕەمز و کینایەدا بەلەبەرچاوگـرتـن و پاراستنـی لایەنـی ئیستاتیکـی و جـوانییناسی(باقریان: ١٣٨٧هـ.ش.: ١٢٨).

(جاحظ)ی وەکو وەکو نووسەرێکی گەورەی عەرەب لەبارەی تەنزەوە دەڵێت: ئەگەر خەڵک بیانەوێت هەمیشە لە پلەیەکی بەرز و بارێکی جدییدابن و بە شیوازێکی بەهێز قسەبکەن، کاری ئەوان بیهودەیە، چونکە هەر قسەیە و شوێن و کاتی خۆی هەیە، هێزی پێکەنین، بەڵام لەجیگەی خۆی هیچی لە هیز و کاریگەریی گریان لە جێگە  و کاتی خۆی کەمترنییە(شاملی: ١٣٧٨ هـ ش.: ١٤٧)، لێرەدا جاحظ باس لە پێکەنین و هێزەکەی وەکو زەقترین تایبەتمەندیی تەنز دەکات.

(د.احمد شوقی) دەڵێت: ( ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پێویستییەکانی تەنزە، بەڵام ڕەمز و کینایە لە لایەنە بنەڕەتییە پێکهێنەرەکانی نییە) (باقریان: ١٣٨٧هـ.ش.: ١٢٨).، هەرچەندە خەندە و پێکەنین لایەنێکی سەرەکی پێکهێنەری تەنزە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بۆ نەکردووە.

(کامەران موکری) لەڕێگەی ناوەڕۆکی ئەو پێناسەیەی کە بۆ (گاڵتەوگەپ)ی کردووە تێدەگەین کە زاراوەی (گالتەوگەپ)ی لەجیاتی (تەنز) بەکارهێناوە، هەروەکو دەڵێت: ( گالتەوگەپ هەروەکو هەموو چەشنەکانی تری ئەدەبی فۆلکلۆر، ئاوێنەیەکە کە ژیانی کۆمەڵگای ئادەمیزاد و ژیانی گەل لە هەموو لایەکەوە دەنوێنێ، لەبنەرەتدا چەکی دەستی زۆربەی گەلە، چەکی دەستی چەوساوەکانە دژی زۆرداریی، گاڵتەوگەپ لەهەندێک کات و هەندێک شوێن و کۆمەڵگادا هۆیەکە بۆ ڕەخنەگرتنێکی بنیاتنەر(موکری: ١٩٨٤: ٨٨).

(د.شێرکۆعبدالله) دەڵێت: تەنز وتنی تاڵییەکانە بە زمانێکی شیرین، تەنز ئاوێنەیەکە هەموو کەسێکی تێدا دەبینی تەنیا خۆت نەبێت، تەنز دەیەوێت هەرچی کەموکوڕی و خراپەکاریی ناو کۆمەڵگایە پیشان بدات، بەوێنە و نووسین، لەڕێگەی پێکەنینەوە(عبدالله: ٢٠١٥: ١٣)، لەم پێناسەیەدا کاریگەریی تەواوی پێناسەکەی (جۆناثان سویفت (Jonathan Swift) بەرچاودەکەوێت، کە پێشتر نووسیمان. بەتایبەتی لەو بڕگەیەدا کە دەڵێت: (تەنز ئاوێنەیەکە هەموو کەسێکی تێدا دەبینیت، تەنیا خۆت نەبێت).

(حەمەسەعید حەسەن)یش دەربارەی تەنز دەڵێت: (کاریکاتێرە بەوشە و باس لە بەدڕەوتاری دەکات و ڕووناکی دەخاتە سەر پێوەندییە نەگونجاوەکان. لەبنەڕەتدا فۆڕمێکی ئەدەبیی لاتینییە بە نێوەڕۆکی جیاواز، کە دەشێت بریتی بێت لە فەلسەفەی مۆراڵ، سەفەرنامە، یان گێڕانەوەی ژیاننامەی کەسانی نـاودار بەشێوەی گاڵتەجـاڕیـی. لە فۆڕمێکـی ئەدەبیـدا بەشێوازێکـی گاڵتەجاڕییانەی بریندارکەر، ڕەخنە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و کەسایەتییە سیاسی و کلتورییەکان دەگرێت). (حسن: ٢٠١١ : ٥).

(د.نەوزاد ئەنوەر عومەر)یش لە بابەت پێناسەی تەنزەوە دەڵێت: تەنز یەکێکە لەو ڕەگەز(جۆر)ە ئەدەبیانەی، کە بەهۆیەوە دەتوانین بەشێوەیەکی گاڵتەئامیز و پێکەنیناوی و ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیەکی

بونیادنەرانە لە دیاردە دزێو و خراپەکانی کۆمەڵگا بگرین بەمەبەستی بەرەوپێشبردن و باشترکردنی(عومەر: ٢٠١٦ : ١٢٨).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی خرانەڕوو دەکرێت بڵێین کە تەنز بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە کەمکورتی و ناتەواوییەکانی کۆمەڵ بەشێوازی گاڵتە و پێکەنین، جا ئەو کەموکورتییانە کۆمەڵایەتیی بن یان سیاسی یان ئاینی یان هەر لایەنێکی دیکە، بەڵام دەبێت ڕەخنەکە بەئاڕاستەی چاکسازیی بێت نەک ڕوخاندن و تێکشکاندن، چونکە لەکۆتاییدا ئەوە ئەرکی ئەدەب و ئەدیبانە.

## سێیەم) هەندێک لەو زاراوانەی پەیوەستن بە تەنزەوە:

بێگومان (تەنز) لە ئەدەبیاتدا مەیدانێکی فراوانە، لەو مەیدانە فراوانەی تەنزیشدا چەندان چەمک و زاراوە هەن کە لێیەوە نزیکن و خاڵی هاوبەش و جیاوازیان لەگەڵ (تەنز)دا هەیە، لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو چەمکانە بناسێنین و خاڵی هاوبەش و جیاوازیان لەگەڵ (تەنز) بخەینە ڕوو.

- **هەجو(داشۆرین) ( lampoon):**

ڕیشەی زاراوەی (هەجو) عەرەبییە و لە کرداری(هجا)وە هاتووە، کە بەواتای (خراپ گوتن) دێت، پێچەوانەی ستایش و مەدح و سەنایە و بەواتای جنێو و قسەی ناخۆش و سەرزەنشکردنی کەسێک یان جنێودان بە شیعر دێت (دهخدا: ١٣٧٧هـ.ش.: ٢٣٤١٦). هەروەها بەواتای داشۆرین و داشتن و نووسراوێک لە خراپ گوتنی کەسێک، یان شتێک (روحانی: ١٣٨٨هـ.ش : ١٤٢٧).

هەجو جۆرێکە لە جۆرەکانی شیعری لیریک، دەربڕینی بوغز و مەبەستێکی نەرێنیی تایبەتی کەسێکە بەرانبەر بەکەسێکی تر، هەندێک جار بە گاڵتەپێکردن دەستپێدەکات و بە جوێندان کۆتایی دێت، شاعیر لەڕێگەی هەجووەوە بەدبینی و هەستی خراپی خۆی، کە دەربارەی کەسی بەرانبەر هەیەتی دەردەبڕێت و لەم ڕێگەیەوە خۆی خاڵیدەکاتەوە. (شاد محمدی: ١٣٩٠هـ.ش: ٣٢).

(هۆراس(٦٥ – ٨ پ.ز) لە پێناسەی (هەجو) دا دەڵێت: ( هەجو ئەوبابەتەیە، کە هەجوبێژ تێیدا، کە  قسەدەکات حەقیقەت و ڕاستی بە پێکەنینەوە دەڵێت). (حلبی: ١٣٧٧:٤١).

(د.حسن ئەنوەری) (هەجو) بەوە پێناسەدەکات، کە (سەرزەنشکردنی کەسێک و خستنەڕووی عەیب و عار و خراپییەکانی، جا ڕاست بن، یان هەڵبەستراو، بە شیعربێت، یان پەخشان(انوری:١٣٨١هـ.ش: ٨٣١٤).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەجو بریتییە لە کورتیی، چونکە کورتبوونی هەجو وادەکات، کە زیاتر لەزەین و مێشک و یاد دا بمێنێتەوە. لە (عەقیل بن عولفە)یان پرسی: بۆچی لە هەجو دا شیعری درێژ نانووسی؟ گوتی: قەڵێتی ملی سەگ چەند کورتتربێت باشترە(اصلانی: ١٣٨٥هـ.ش: ٢٤٧)، دیارە لێرەدا شاعیر کەسی بەرانبەری کە هەجوی ئاڕاستە دەکات بە سەگی چواندووە و هەجوەکەی بە ئەو قەڵێتە چواندووە کە لە ملی دەکەن و جڵەوی سەگەکەی پێدەگرن، (فرۆید) هەجو بە نوکتەیەکی هێرشکەر ناودەبات، هەروەک هەجو بۆ هێرش و بەرگریش بەکاردێت و بەمەش بارودۆخێکی بێباک و بێ شەرمانە و بێ پەردە درووستدەکات و ئەو ئەدەبیاتەش پێی دەگوترێت ئەدەبیاتێکی ڕەق (اندوهجردی: ١٣٧٨هـ.ش: ٨٥٦).

هەجو و تەنز خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا زۆرە و هەمیشە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا پێکەوە باسیان دەکرێت و بەیەکەوە دێن، ئەمە مانای ئەوە نییە، کە لێک جیاوازنین و یەک دەلالەت و مانا دەگەیەنن، بەڵام هێندە لێک نزیکن ئەگەر شاعیر وریا نەبێت سنووری نێوانیان تێکەڵدەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە خوێنەر و لێکۆڵەریش سنووری نێوانیان نەزانێت، پێشتر هەجو لە تەنز باوتر و بڵاوتربووە، هەربۆیەش لەسەرەتاوە تەنزیان بە بەشێک لە هەجو داناوە، بەڵام پێویستە بزانرێت کە تەنز و هەجو ئەگەر لە خەندە و پێکەنین و دەرخستنی عەیب و عاری تاکەکەس و کۆمەڵ و تۆڵەسەندنەوە، لێکبچن، ڕێک جیاوازیشیان بەدەردەکەوێت، بەوەی کە خەمی (تەنز) گشتییە و زیاتر

پەیوەستە بە خەمی کۆمەڵ بەگشتی، لەکاتێکدا لە (هەجو) دا بابەتەکە تەواو تایبەت و کەسییە و بــەزۆریــی پــەیوەستــە بە تورە و تۆسنــی و چــاوچنۆکــی و قیــن لەدڵیــی نــووســەری هــەجــو.( اندوهجردی: ١٣٧٨هـ‌ش: ٤٨)، خاڵێکی دیکە ئەوەیە، کە لە تەنزدا خستنەڕووی مەبەست و پەیامەکان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و ڕەمز و کینایەیە، لەکاتێکدا مەبەست  و پەیام لە هەجودا بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بێ پەردەیە، هەروەها خاڵێکی تر لە جیاوازییەکانی نێوان تەنز و هەجو بریتییە لەوەی کە لەتەنزدا ڕەخنە دەگیرێت لەپێناو چاکسازی و چاکبوون، بەڵام هەجو ڕەخنە لە بەرانبەر دەگرێت لەپێناو تێکشکاندن و لەزەوییدان.

یەکێک لە هۆکارە هاوبەشەکانی درووستبوونی تەنز و هەجو بریتییە لە هۆکاری مادیی و لایەنی ئابووریی، واتا هەردوکیان لەپێناو بەدیهێنانی دەسکەوتێکی مادیی هەوڵدەدەن، بەڵام ئامانجی بەدەستهینانیان جیادەبێتەوە بەوەی کە لەهەجودا بەهۆی بارودۆخی مادی خراپ و ژیانێکی پەرێشان و ئابوورییەکی نادرووستی هەجونووس، کە خواپێداو و دەوڵەمەندەکان جنێوباران دەکات و بۆئەوەی بەڵکو هەڕەشە و ترساندن و هەراسانکردنیان ببێتە مایەی دەستکەوتێکی مادیی، لەکاتێکدا تەنزنووس لەوانەیە هەزاران برینی فەقیریی و هەژاریی پێوەبێت، بەڵام بەهەڕەشە و تۆقاندن خەریکی دەستکەوتی مادیی نییە بۆخودی خۆی، بەڵکو بەدوای ئەوەوەیە، کە ئەوانەی لەسەر حسابی خەڵک دەوڵەمەند بوون و بەفێڵ و تەڵەکە و سیاسەت مافی خەڵکی تریان خواردووە و چاویان لە هەژاریی و نەداریی خەڵک داخستووە، لەپێناو دەستەبەربوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی بهێنێتــەوە هــۆش خۆیــان، یــان ئــەگــەر پێویســت بکــات، ڕیســوا و سووکیان بکەن. (اندوهجردی: ١٣٧٨هـ‌ش: ٤٩)، لێرەشەوە هەجو بەرەو بەرژەوەندیی خودیی دەڕوات، بەڵام تەنز بەدوای دەستەبەرکردنی هاوکاریی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوەیە. (هەمان سەرچاوە).

له (هەجو)دا تەنیا باسی یەک کەس و یەک شت و یەک ڕووداو دەکرێت، بەڵام لەتەنزدا سەرەڕای ڕازاندنەوە و پێکهاتە گاڵتەجاڕییەکەی، بەهای کۆمەڵایەتیی و ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژیانی مرۆڤایەتی تەوەری سەرەکیی بابەت و باسەکەیە(موحد: ١٣٨٢هـ.ش: ١٥٨).

جیاوازیی هەرە دیاری تەنز  و هەجو ئەوەیە، کە لەهەجودا مەبەستەکە ئاڕاستەی کەسێکە، یان دیاردەیەکە کە شاعیرەکە ڕق و کینەی بەرامبەری هەیە ، بەڵام تەنز لەسەر بناغەی گاڵتە و بەزەیی ڕۆدەنرێت، کەواتە دەکرێت هەجو ببێتە مایەی تووڕەیی و پەستی و بێزارکردنی ئەو کەسەی ئاڕاستەی کراوە، تەنانەت زۆرجار خوێنەر، یان بیسەریش پێی قەڵسدەبێت، بەڵام تەنز بەپێچەوانەوەیە، چونکە لەلایەکەوە گوزارشت لە وردەکارییەکانی دەروونیی مرۆڤ دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە بەرانبەر بێزارناکات، بەڵکو دڵخۆشتر و پتر سەرنجی بۆ مەبەستە دەستنیشانکراوەکە ڕادەکێشێت.

یەکێکــی دیکــە لــە جیــاوازییەکانــی تــەنــز و هەجــو بریتییە لەوەی، کە تەنز عەیب و عار و ڕەخنەیەک  دەخاتە ڕوو، کە هەیە، بەڵام (لە هەجو دا زۆرجار عەیب و عارێک دەخرێتەڕوو، کە لە هەجوکراودا نییە و هەڵبەستراوی زەینی هەجوکــارە و لــە تــورەیــی ئەوەوە سەرچــاوەی گرتووە)( کاسب: ١٣٦٦هـ.ش: ٩).

- **هەزەل(Facetiae) :**

بابەتێکی تر لەبابەتەکانی پەیوەست بە تەنز بریتییە لە (هەزەل)، ئەوەندە لەتەنزەوە نزیکە، کە زۆر جار سنووریان تێکەڵدەبێت و لێکجیاکردنەوەیان زەحمەت و ئەستەم دەبێت. (هەزەل)یش بە هەموو قسەیەک دەگوترێت کە جددی نەبێت و بۆ گاڵتەبێت، لەبواری ئەدەبیشدا بە شیعر، یان پەخشانێک دەگوترێت، کە ناوەڕۆکێکی بێ ئەدەبانەی هەبێت دژی ڕەوشت و ئادابی کۆمەڵایەتی بێت (انوری:١٣٨١هـ.ش: ٨٣٤٣).

لە ئەدەبدا هەزەل بە نووسراوێک دەڵێن، کە زمان و ناوەڕۆکێکی ناشیرین و ناپەسەند و دژی ڕەوشتی هەبێت و بێ پەردە لەبارەی پەیوەندی سێکسی قسەبکات، هەزەل بەدوای بابەتی جدی نییە و ئامانجی دڵخۆشکردن و کات بەسەربردن و گاڵتەکردن و چالاکیی کاتییە، هەزەل واتا قسەی بێهودە و گاڵتەجاڕانە بەشێوەی بەدڕەوشتی. (جوادی: ١٤٠٠هـ.ش: ١٦).

هەزەل لەگەڵ تەنز جیاوازیی هەیە، بەوەی کە تەنز پێکەنین و گاڵتە دەکات بە هۆکارێک بۆ گەیاندنی پەیامی گەورەتر، بەڵام لە هەزەلدا پێکەنین و گاڵتە بۆخۆیان ئامانجن)( اصلانی: ١٣٨٥هـ.ش: ٢٥٤).هەروەها تەنز قسەیەکی بەرهەڵستکارانە و چزودارە، کە مەبەستی ڕەخنە و چاکسازییە لە کۆمەڵدا، لەکاتێکدا هەزەل توڕە و توند و جنێوە، بەڵام بەگشتی ئامانجێکی کۆمەڵایەتی نییە (شکاری: ١٣٩٨هـ.ش: ٧).

تەنز تێکەڵە بە پێکەنینێکی چزوودار و گاڵتەپێکەرانە، لەکاتێکدا هەزەل لەسەر بنەمای پێکەنین و گاڵتە درووستدەکرێت، هەروەها تەنز بەزۆریی جۆرێک لە شەرم و شکۆ و سەنگینی و نەفس بەرزیی و ئەدەبی تێدایە، بەڵام هەزەل لەسەر بنەمای بێباکیی و بێ ئەدەبیی بنیاددەنرێت، هەزەلنووس ، یان هەزەلگۆ ئەگەر قسە و نووسینەکەی بەرەو ناماقوڵی و ناشیرینی و بێنرخی بچێت، باکی نییە. هەروەها تەنز بە لێڵی و نادیاریی و گومان و خوازە و پۆشین... ڕووپۆشکراوە، لەکاتێکدا هەزەل

زۆر ڕوون و بێ پەردەیە. ئینجا تەنز دەربارەی ڕووداوەکان کینە و ڕق هەڵدەگرێت و حەکیمانە و زیرەکانە دەیانخاتە ژێر نەشتەری ڕەخنە و گاڵتەپێکردن، لەکاتێکدا هەزەل تەنها پێیان پێدەکەنێت. ئامانجی تەنز وێرانکردنی هەموو ڕێکخستنە ستەماکارەکانە، لەناوبردنی خراپە و فیتنە و فەسادی کۆمەڵایەتییە، لەکاتێکدا ئامانجی هەزەل تەنیا پێکەنینە، بەهەر ڕێگەیەک بێت. (اندوهجردی: ١٣٧٨هـ.ش: ٢٦).

سەرەڕای (هەجو و هەزەل) چەند زاراوەیەکی تر هەن، کە لەچوارچێوەی (تەنز)دا پۆلێندەکرێن و لێیەوە نزیکن، گرنگترینیان ئەمانەن:

- **ئایرۆنی(Irony):**

لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Irony) بۆ بەکاردێت، کە لە زمانی فارسیشدا (محمد رضا اصلانی) لەبەرانبەریدا (وارونە سازی) بۆ بەکارهێناوە(اصلانی: ١٣٨٥هـ.ش: ٢٣٨)، واتا(ئاوەژوو و پێچەوانە سازی)، کە ئەمەش لە پێناسە و تایبەتمەندییەکانییەوە وەرگیراوە و بەوە پێناسەکراوە، کە (شێوازێکی دەربڕینە، کە تێیدا شتێک دەگوترێت، بەڵام مەبەست لێی پێچەوانەکەیەتی) (CUDDON: 1998 : 430)، یان (شێوازێکی دەربڕینی واتایە، کە زۆر جار پێچەوانەی ئەوەیە، کە دەگوترێت) (Childs, Fouler :2006: 123)لە ڕەهەندی پێکەنین و گاڵتەجاڕییەکەدا لەگەڵ تەنز هاوبەشن، جیاوازیشی[١] لەگەڵ تەنز ئەوەیە کە تەنز ڕاستەوخۆ واتا دەگەیەنێت و پەیامەکەی ڕادەگەیەنێت، بەڵام ئایرۆنی ناڕاستەوخۆ واتاکەی دەردەبڕێت، وەکو لە پێناسەکەیدا باسمان کرد، ئەو واتایەی، کە مەبەستییەتی پێچەوانەی ئەوەیە، کە ڕایدەگەیەنێت، جیاوازییەکی دیکەشی لەگەڵ تەنز ئەوەیە، کە (لە ئایرۆنیدا مەرج نییە هەمیشە پێکەنین هەبێت، بەڵکو هەندێک جار تراژیدیا هەیە، بەڵام لە تەنزدا مەرجی سەرەکی ئەوەیە، کە پێکەنین هەبێت) (حسین: ٢٠١١: ٦١).

- **پارۆدی(Parody):**

وەکو زۆر لە زاراوەکانی تری نزیک لە تەنز، لە زمانی کوردیدا زاراوەیەکی دیاریکراومان بۆ ئەم زاراوەیەش نییە، زاراوەکە لەزمانی ئینگلیزید(Parody) یە و لە زمانی فەرەنسییدا(Parodie) یە کە لە زاراوەی (Parodia) ی لاتینیی و زاراوەی (paroidia) ی یۆنانییەوە سەرچاوەی گرتووە(اصلانی: ١٣٨٥هـ.ش: ٢٢٩).

لەبنەڕەتدا لاساییکردنەوەی گاڵتەئامێزانەی بەرهەمێکی ئەدەبییە، شاعیر، یان نووسەر دێت، لاسایی بەرهەمێکی ئەدەبی، کە بەزۆریی شیعرە دەکاتەوە و بەهەمان شێواز و قاڵب، بەڵام دێت گاڵتە بەو بابەتە جددی و سەنگینە دەکات، کە لە بەرهەمی یەکەمدا هەیە و بەرهەمی دووەمی لێدەخوڵقێنێت، پارۆدی لاساییکردنەوەیەکی زۆر ورد و دەقیقی پێویستە، چونکە شاعیر یان پارۆدینووس دەبێت لەنێوان نزیکی لە بەرهەمی یەکەم و جیاوازیی بابەتیی لێی لەگەڵ بەرهەمەکەی خۆی کە بەرهەمی دووەمە هاوسەنگییەکی ورد درووستبکات، بەجۆرێک کە سێبەری بەرهەمی یەکەم بەسەر دووەمەوە بەئاسانی هەستی پێبکرێت و بەرهەمی دووەمیش وەکو بەرهەمێکی سەربەخۆ دەربکەویت(داد: ١٣٨٥هـ.ش: ٤٩٦ – ٤٩٧). واتا پارۆدی کاتێک درووستدەبێت، کە فۆڕمی بەرهەمی یەکەم لە بەرهەمی دووەمدا نەگۆڕدرێت، بەڵام مانا لێکهەڵبووەشێتەوە، هەمیشە پارۆدی لەسەر بەرهەمی ئەدەبی بەناوبانگ بنیاددەنرێت، چونکە ئەگەر خوێنەر بە شیعر و بەرهەمی یەکەم ئاشنا نەبێت، چێژی لێ وەرناگرێت (شمیسا: ١٣٨٧هـ. ش: ٢٣٣)، بە گشتی دەتوانین بڵێین، کە خاڵی هاوبەشی لەگەڵ تەنز لایەنە خەندە و پێکەنیناوییەکەیەتی، خاڵی جیاوازیشی ئەوەیە کە پارۆدی لەسەر بەرهەمی دیکە بنیاددەنرێت، لەکاتێکدا تەنز تەواو سەربەخۆیە و هیچ پەیوەندیی نەلە فۆڕمەوە، نەلە ناوەڕۆکەوە بە بەرهەمی دیکەوە نییە.

- **نوکته(Joke):**

بریتییە لە چیرۆکێکی کورت، کە دەشێت ڕستەیەک، یان چەند ڕستەیەک بێت، بەڵام چەند کورتتربێت، ئەوەندە کاریگەرترە، هەربۆیە لە دارشتندا ڕەچاوی کورتبڕیی دەکرێت، لەڕووی پێکهاتنەوە، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی زمانییە، لەئەنجامی توانایەکی عەقڵی بەند لەسەر کۆکردنەوەی وشە و بیرە دژبەیەکەکان دێتە کایەوە، سەرەتا سەرسامامان دەکات، پاشانیش بەخەندە و پێکەنینمان دەهێنێت(ڕەسوڵ: ٢٠١٣: ١٧٤).

نوکتە بۆئەوەی کاریگەریی هەبێت، دەبێت هەست و لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لەنیوان گێڕەرەوە و گوێگردا هەبێت، ئەم هەست و لێکتیگەیشتنەش بۆ فەرهەنگ و کلتووری هاوبەش دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەو نوکتانەی کە لەناو میللەتێکدا زۆر پێکەنیناوییین، لەوانەیە میللەتانی تر هەر لێشی تێنەگەن، نەک بیانخاتە پێکەنین(طاهری: ١٣٩٠هـ.ش: ٢٦).

هەموو نوکتەیەک لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم بریتییە لە ناساندن و پێشەکی(Build up) کە تێیدا نوکتـــەبێژ لە یـــەک، یان چەند ڕستەیەکی کورت کەشێکی لەبار درووستدەکات بۆ گوتنی ئەسڵی بابەت، بەشی دووەم ئەسڵـــی بابەت (Punch Line)ە، کە لەبەرانبەر بەشی یەکەم بە تێکشکاندنی مەنتیقی ڕۆژانە و حەقیقەتـــی هەبـــوو دەبێتـــە هـــۆی پێکەنیـــن و شـــادیی(اصلانی: ١٣٨٥هـ.ش: ٢٠٨).

- **گاڵتە (Humour) (فكاهه) :**

لەڕووی زاراوەوە بەواتای شۆخی و گاڵتە و خۆشی، قسەخۆشی، بەرانبەری ئەم زاراوەیە لە ئینگلیزیدا(humour)ە، کە ڕیشەکەی بۆ لاتینی(humor) دەگەڕێتەوە(اصلانی: ١٣٨٥هـ.ش: ٢١٦). مەبەستی پێکەنین لە فوکاهەدا نە ڕقی کەسییە وەک ئەوەی کە لە هەجو دا هەیە، نە چاکسازیی و چاککردنە وەک ئەوەی لە تەنزدا هەیە(داد: ١٣٨٥هـ.ش:٣٦٢). لە زمانی کوردیدا بەرانبەر ئەم زاراوەیە زاراوەی (گاڵتە) بەکاردێت.

ئەم زاراوەیە(گاڵتە) بەمانای گالتەیەکی ئاسان و ئاسایی بەمەبەستی خۆشی، کە بۆ هەموو شوێن و کۆڕ و کۆبوونەوەیەک گونجاوە، شێوەیەکی تەواو و کاملّی هەزەلە، واتا تەنز هەجوویەکی کۆمەڵایەتییە، (گاڵتە)ش هەزەلێکی گشتییە و بۆ هەموو شوێنێک گونجاوە. جیاوازی لەگەڵ تەنز ئەوەیە، کە لە تەنزدا ڕەخنە هەیە، بەڵام لە گاڵتە دا ڕەخنە نییە و هەر بۆ خۆشییە. (صلاحی و اسدی پور: ١٣٦٥هـ.ش.: ٦) واتا لە گاڵتە دا پێکەنین ئامانجە، بەڵام لە تەنزدا پێکەنین ئامرازە(وەسیلە)یە بۆ دەربڕین و پەیامە رەخنەییەکانی.

- **کۆمیدیا (بەزمەسات):**

هونەرێکی شانۆیی گاڵتەئامێزانەیە، کە تێیدا بەش و پێکهاتەکانی بەشێوەیەک هەڵدەبژێردرێن و ڕێکدەخرێن، کە ببێتە هۆی خەندە و پێکەنین و شادمانی بۆ بینەر، لە کۆمیدیا دا هەمووان دڵنیان لەوەی، کە هەمووشتێک بە خێر و خۆشی کۆتایی دێت، بەدکاران بە سزای خۆیان دەگەن و پاڵەوان و کارەکتەری سەرەکی بە مافی خۆی دەگات(اصلانی: ١٣٨٥هـ.ش: ١٧٥).

پێشینەی کۆمیدیا بۆ مێژووی کۆنی یۆنان و شاری ئەسینا دەگەڕێتەوە، لە ئەسینا و زۆر شاری دیکەی یۆنانیش لە ئاهەنگی دایۆنیسۆس(Dionysus) دا مەراسیمی شانۆگەرییەک بەناوی

کۆمۆس(Komos)ەوە دەکرا، کە تێیدا گۆرانی و سەمای بەکۆمەڵ و پیشکەشکارانی شانۆگەرییەکە بە جلوبەرگی پێکەنیناوی و ماسکەوە، بەنمایش و جووڵەکانیان ستایشی خواکانی (باروری)یان دەکرد، ڕەواجی کۆمیدیا لە یۆنانی کۆن بەرێژەیەک بوو، کە بۆ ماوەیەک یاسا قەدەغەی کردبوو. کۆمیدیا لە زاراوەی (Komoidia)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە شێوەی گۆڕدراوی(Komos)ە، بەمانای شـادی و بــەزم و کــەیــف و ســەفا دێت، لە لاتینیشدا بەرانبەر زاراوەی(Komoedia)یە (اصلانی: ١٣٨٥هـ‌ش: ١٧٥).

ئەرستۆ پێناسەی کۆمیدیا لەڕێگەی بەراوردکردنی لەگەڵ تراژیدیادا دەکات و بەم شێوەیە دەستپێدەکات: لەکاتێکدا نووسەری تراژیدیا خەریکی باسکردنی دەرد و کێشە هاوبەشەکانی مرۆڤە، نووسەری کۆمیدیا بابەتی ڕۆژانە و سەردەم دەخاتەڕوو، لە تراژیدیا دا بەسەرهاتی ژیان و سەرگوزشتەی مرۆڤە گەورە و بەناوبانگەکان باسدەکرێت، بەڵام لە کۆمیدیا دا مرۆڤی ئاسایی و سادە و گیروگرفتەکانی پیشاندەدرێت، هەروەها تراژیدیا کۆتاییەکی کارەساتباری هەیە، لەکاتێکدا کۆمیدیا ئەگەر کۆتاییەکەی خۆش و شادی هێنیش نەبێت، کارەساتباریش نییە، زمانی نووسینی تراژیدیا زمانێکی بەرز و باڵایە، بەڵام زمانی نووسینی کۆمیدیا زمانێکی سادە و زمانی خەڵکی ئاساییە(داد: ١٣٨٥هـ‌ش:٣٨٨ – ٣٨٩).

ئەگەرچی کۆمیدیا و تەنز خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، کە خەند و پێکەنینە، بەڵام لەیەکتریش جیان، خاڵی جیاوازیشیان دەکرێت ئەوەبێت کە لەتەنزدا لەپشت هەر خەندە و پێکەنینێکەوە ئامانج و فەلسەفەیەک هەیە، بەڵام لە کۆمیدیا دا پێکەنین لەپێناوی پێکەنینە(مام شریفی: ١٣٩٢هـ . ش: ١٧-١٨) واتا لە کۆمیدیایادا پێکەنین هەم ئامرازە و هەم ئامانج، بەڵام لەتەنزدا خەندە و پێکەنین ئامرازە بۆ گەیاندنی ئامانج و پەیام.

- **کاریکاتێر(Caricature):**

زاراوەی کاریکاتێر لە زاراوەی ئیتاڵی(Caricare)ەوە هاتووە، کە لە مانای پڕکردن و بارکردنەوە وەرگیراوە(نجف زاده- فرجیان: ١٣٧٠هـ.ش: ٨٨٩)، لەبنەڕەتدا بابەتێکە، کە لە چوارچیوەی هونەری شێوەکاریدا پۆلێندەکرێت و شێوە و وێنەیەکی پێکەنیناوییە، کە وێنەکێش لەکاتی کێشانیدا بە تێڕبینییەوە چەند خاڵێکی دیاریکراوی بابەتەکە لەبەرچاودەگرێت وئەو خاڵ و بابەتانە زەقتر و گەورەتر بە زیادەڕۆییەوە دەکیشێت، لەئەدەبیاتدا کێشانی هەمان وێنەیە بە هەمان تایبەتمەندییەوە، بەڵام بە وشە، نووسەر هەندێک تایبەتمەندیی کەسێکی دیاریکراو بەشێوەی زیادەڕۆیی و گاڵتەجاڕیی بەرجەستەدەکات(داد: ١٣٨٥هـش:٣٨٣هـ. ش).

- **کاریکەلیماتێر:٢**

لە بنەڕەتدا زاراوەکەمان لە زمانی فارسی وەرگرتووە، بەزمانی فارسی(کاریکلماتور)ە، زاراوەیەکی لێکدراوی نیوە ئینگلیزیی و نیوە عەرەبییە، کە (کاریکاتۆر) و (کلمات)[٣]. ئەم زاراوەیە یەکەم جار لە ساڵی(١٣٤٦هـ . ش) (ئەحمەد شاملو) ئەوکاتەی سەرنووسەری بڵاوکراوەی(خوشە)بوو، بۆ تاک ڕستە تەنزەکانی (پەروێزی شاپوور) بەکاریهێناوە (اصلانی: ١٣٨٥هـ. ش: ١٧٢).

لە تایبەتمەندییەکانی (کاریکەلیماتێر) ئەوەیە کە لەڕستەیەک، یان چەند ڕستەیەکی کورتی تەنزئامێز پێکدێت، کە سیمای گێڕانەوەی وەکو چیرۆک و نوکتەی تیدانییە، هەروەها سیمای بیری تاکایەتی تێدایە و پەیوەستە بە بیرکردنەوەی کەسێک، بۆنموونە بەشێک لە پەندی پێشینان، یان وتە تەنزئامێزەکانی بێرنارد شۆ و چەرچڵ و چەندان نموونەی دیکە(تجبر: ١٣٨٩هـ. ش: ١٣٤).

## تەوەری دووەم: گرنگترین تیۆرەکانی تەنز:

ئەو هەلومەرج و هۆکارانەی کە دەبنە هۆی درووستبوونی پێکەنین لە تەنزدا، چەندان سەدە جێی مشتومڕی زانایان و فەیلەسوفان بوون، هەر بەم هۆیەوە تیۆریی جۆراوجۆر هاتوونەتە ئاراوە، ئێمە لیرەدا گرنگترین ئەو تیۆرییانە باسدەکەین، هەرچەندە هیچ کام لەم تیۆرییانەش تەواو و کامڵ نین، بەڵام هەریەکەیان چەند ڕاستییەک لەسەر پێکەنین و چۆنیەتیی دروستبوونی لە تەنزدا دەخەنەڕوو.

### یەکەم) تیۆری باڵایی (Superiority Theory):

بەپێی ئەم تیۆرە کە سەرەتا (ئەفلاتون) و (ئەرستۆ) و (کوینتیلیان) و لەگەڵ دەرکەوتنی مۆدێرنەیش (هۆبز) بڵاویان کردەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە ئێمە بەهۆی ئەوەی خۆمان پێ لەدەوروبەر باڵاترە، پێدەکەنین(موسوی:١٣٩١هـ.ش: ١٨).

(ئەفلاتوون) سەرسەختترین ڕەخنەگری پێکەنین و تەنزە، کە وەکو هەست و سۆز و عاتیفەیەک تەماشای دەکات، خاڵیکەرەوەی کەسایەتی و ژیرییە، لە کتێبی کۆماردا کاربەدەستانی حکومەت ئامۆژگاریی دەکات، کە خۆیان لە پێکەنین بپاریزن و دەڵێت:( دوورنییە کاتێک کەسێک خۆی بە پێکەنینێکی بێ سەروبەر دەسپێرێت، کاردانەوەیەکی بێ سەروبەریشی هەبێت). (ئەفلاتوون) بەتایبەتی لە هەندێک بەشی (ئیلیازە و ئۆدیسە) تورە و نیگەران بوو، لەو جێیەی کە باسی (لەرزینی کێوی ئۆلۆمپ بەهۆی پێکەنینی خودایان)دەکات، بە ڕەخنەوە دەڵێت: ( تەنانەت درووست نییە کە مرۆڤی شەریفیش بەشێوەیەک وێنابکرێت کە نوقمی پێکەنینن، چ بگات بە خودایان) (موریل: ١٣٩٢هـ.ش: ٣٥)

لەسەدەی حەوتەمدا، (تۆماس هۆبز) پێی وابوو، ڕەخنەی (ئەفلاتوون) لە پێکەنین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤ بە لاوازیی کەسی بەرانبەری شاد و دڵخۆش دەبێت، ئەو پێی وایە، کە مرۆڤی بەهێز ئاڵوودەی ئەم جۆرە چێژ و لەزەتەیە، چونکە خۆپەرستی و ململانێ لە سروشت و ناخیاندایە، بۆیە دەڵێت: ( من لە مرۆڤدا هەوڵ و کۆششێکی فراوان و بەردەوام و بێئارامی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات دەبینم، ئەمەش تەنها بە مەرگ دادەمرکێتەوە و کۆتایی دێت). (موریل: ١٣٩٢هـ.ش: ٣٨). ئەو بارودۆخەی مرۆڤ لەسەردەمی پێش درووستبوون و دەرکەوتنی دەوڵەت بە (جەنگی هەمووان لە دژی هەمووان) ناودەبات، لەبابەت ململانێی یەکتردا، لە واقعێکدا کە ئێمە لە بارودۆخی سەرکەوتندا نیشانبدات، یان خەڵکی تر لە بارودۆخی شکست، چێژ وەردەگرین، ئەگەر هەستی باڵایی بەسەرماندا زاڵبێت، لەوانەیە پێبکەنین(هەمان سەرچاوە).

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی درووستبوونی هەستی باڵایی لە مرۆڤدا، کە سەرچاوەیەکیشە بۆ هێنانە پێکەنین، بریتییە لە شانازیکردنی لەناکاو، شانازیکردنی لەپڕ بەخۆوە، هەمان ئەو هەستەیە کە بەهۆی پێکەنینەوە درووستدەبێت، هۆکارەکەشی یان کارێکی کتوپڕی خودی کەسەکەیە، کە دڵی پێخۆشبووە، یان درککردن بە شتێکی نەشاز و ناجۆرە لە کەسی بەرانبەردا، کە لەناکاو وادەکات کەسەکە هەست بە شانازیی بکات لەخۆیدا. ئەم جۆرە پێکەنینە زۆرتر لەناو ئەو کەسانەدا بڵاوە، کە لە کەموکورتیی و لاوازییەکانی خۆیان ئاگادارن و هەستیان پێکردووە، کەسانێکن، کە بۆ ڕازیکردنی خۆیان ناچارن سەرنج بدەنە کەموکورتییەکانی دەوروبەریان، بۆیە پێکەنین بە کەموکورتیی کەسانی تر، ئەمەش نیشانەی بێدەسەڵاتی و ترسنۆکییە، شایستەترین کار و ڕەفتار کە مرۆڤە گەورەکان دەینوێنن، ئەوەیە کە یارمەتی کەسانی تر بدەن، تا لە سووکایەتی پێکردن و گاڵتەپێکردن دووربکەونەوە و خۆیان تەنها لەگەڵ کەسە باڵا و سەرکەوتووەکان بەراورد بکەن(هەمان سەرچاوە).

پێش سەردەمی ڕۆشنگەریی بیر و تێڕوانینی ئەفلاتوون و تۆماس هۆبز لەسەر ئەم بنەمایەی، کە پێکەنین دەرخەری هەستی بالاییە، تاکە بۆچوون و تێگەیشتنی باوبوو بۆ پێکەنین، ئەم بۆچوونە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت (تیۆری بالایی) (موریل: ١٣٩٢هـ‌ش: ٣٨)، تۆماس هۆبز دەڵێت: ئێمە کاتێک هەستی پێکەنینمان لا دروست دەبێت کە لە لووتبەرزی نائاگاییمانەوە هەست دەکەین و پێمان وایە، ئێمە بالاترین و دەروروبەرمان لاوازتر و لەخوارترن(اسموتز: ١٣٨٦هـ‌ش: ٤٨)

بەپێی ئەم تیۆرە کە (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ) و (هۆبز) لە دامەزرێنەرانین، ئێمە بەهۆی ئەوەی هەست دەکەین، کە لە دەوروبەرمان باشترین و لە پلەیەکی هۆشیاریی بالاتردایین، پێیان پێدەکەنین. ئەو هەستی بالاییە، یان لە بەرانبەر کەسی هاوئاست و خوارترە، یان لەبەرانبەر کەسی بالاتر و باشترە، لەبەرانبەر گروپی یەکەم هەستکردن بە بالایی لە ڕەفتار و گوفتار و بیرکردنەوەدا بەگشتی لەو کاتەدا دروست دەبێت کە هەموو خەڵک خۆیان بە ژیر و تێگەیشتوو دەزانن، بۆیە نەزانیی و گێلییەتی کەسێک لە بابەتێک کە بەگشتی هەمووان لێی ئاگادارن و ئەو ئاگای لێنییە، دەبێتە جێی پێکەنینیان، چونکە خۆیان لەبەرانبەر ئەو بابەتە بەئاگا دەزانن و لەبەرانبەر کەسەکە خۆیان بە بالاتر دەبینن، بەڵام لەبەرانبەر گروپی دووەم کە کەسی تواناتر و بالاترن، کاتێک نوکتە، یان ڕووداوێک دەمانخاتە پێکەنین، کە ئێمە هەست بە بالاتریی دەکەین، لەڕاستیدا ئەم پێکەنینە کاردانەوەیەکە کە کەسەکە لەوکاتەدا هەست بە بالاتریی دەکات، واتا هەستێکی کاتییە بەرانبەر ئەو کەسە. (آلبویە: ١٣٩١هـ‌ش: ٤٢).

مرۆڤ بۆخۆشی قۆناغەکانی ژیانی لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکات، بەراوردی ڕابردووی لەگەڵ ئێستای دەکات و هەست بە بالایی ئێستای دەکات بەبەراورد بە ڕابردووی، بۆنموونە کاتێک هەڵەی ڕابردووی خۆی بەبیردێتەوە و دڵنیادەبێتەوە لەوەی کە هیچ زیانێکی بۆ ئێستای نییە، دەکەوێتە پێکەنین. (موریل: ١٣٩٢هـ‌ش: ٣٥).

ئەگەر تیۆریی باڵایی ڕاست بێت، پێکەنین نابێت لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا هیچ جێگە و پێگەیەکی هەبێت، چونکە هەڕەشەیە لەسەر گیانی هاوکاریی و پێکەوەسازان، هەربۆیە ئەفلاتوون، کە شاری نموونەیی وێنادەکرد، هەوڵیدەدا نمایشیی کۆمیدی زۆر سنووردار بکات و دەیگوت: (پیویستە ئەم جۆرە نمایشانە بۆ بەردە و خزمەتکارە بیانییەکانمان بەجێبهێڵین، هیچ کەسێکی ئازاد چ ژن چ پیاو، نابێت خۆی بەو هونەرەوە سەرقاڵبکات(سیاسی: ١٣٩٣هـ.ش: ٣٩)

دووەم) **تیۆری ناسازیی (ناتەبا) (Incongruity Theory):**

دوای ئەوەی کە لاوازیی و کەموکورتییەکانی تیۆری باڵایی دەرکەوتن، دوو تیۆری دیکە درووستبوون، ئەوانیش تیـۆری نـاسـازگـاریـی (Incongruity Theory) و تیۆری سوکنایی (Relief Theory) بوون.

تیۆری باڵایی دەڵێت: هۆکاری خەندە و پێکەنین هەستکردن بە باڵاترییە لەکەسانی تر، لەکاتێکدا تیۆری ناسازیی دەڵێت: هەستی ناسازیی و ناتەبا دەبێتە هۆکاری خەندە و پێکەنین، ئەمەش دیدگای (جەیمز بیتی) و (ئیمانوێل کانت) و (سۆرن کیرکگۆر) و (ئارتور شۆبنهاوەر) و زۆر لە فەیلەسوفان و دەروونناسانی ئەم دواییەن، ئەمڕۆ ئەم تیۆرییە بڵاوترین تیۆریی تەنزە لە فەلسەفە و دەروونناسییدا. (موریل: ١٣٩٢هـ.ش: ٤٣)

ئەرستۆ یەکەمین نیشانەی ئەم تیۆرەی باسکردووە، ئەو پێی وایە، کە باشترین ڕێگە بۆ هێنانە پێکـەینـی گـوێگـر، بریتییـە لە درووستکـردنی شتێـک، کـە پێچـەوانەی پێشبینیکردنی بێت. (آلبویە: ١٣٩١هـ.ش: ٤٤).واتا بۆئەوەی کە بابەتێک پێکەنیناویی بێت و خوینەر یان گویگر بهێنیتە پێکەنین، پێویستە کە پێشبینییەک لە بیرکردنەوەیدا درووستبکات، دواتر پێچەوانەی ئەو پێشبینییە ڕەفتاربکات.

هەروەها سیسرۆن(شیشرۆن) لە کتێبی(پەیامی وتاربێژ)دا دەڵێت: (بەربڵاوترین شێوەی نوکتە ئەوەیە کە ئێمە پێشبینی شتێک دەکەین، بەڵام شتێکی تر ڕوودەدات، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی پێکەنین (موریل: ١٣٩٢هـ.ش: ٤٥). کە ئەمەش هەمان بۆچوونەکەی (ئەرستۆ)یە.

ڕەگوڕیشەی ئەم تیۆرە بۆ کتێبێکی (فرانسیس هاچسۆن) دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی(١٧٥٠)دا نووسیویەتی، بەناونیشانی(قولاییەکانی پێکەنین)، (جەیمز ڕۆسڵ لول)یش،لەساڵی(١٨٧٠ )دەڵێت: یەکەم شت کە تەنز درووستدەکات، بریتییە لە نەگونجان، واتا: تەنز بۆخۆی لە نەگونجانی ئەوەی کە دەیزانین و هەستی پیدەکەین و پێشبینی دەکەین لەگەڵ ئەوەی کە ڕوودەدات و وەکو ئەوە نییە کە بیرمان لێی کردۆتەوە، درووستدەبێت. (موسوی:١٣٩١هـ.ش: ١٩).

ناسازیی و نەگونجان بەبۆچوونی (ڕۆبێرت لاتا)، واتا پێکەوە نەگونجانی دوو شت و لێکنەهاتنەوەیان و جووت نەبوونیان دێت، هەر بۆیە نموونەیەکی (هۆراس) دێنێتەوە، کە دەڵێت: ئەگەر وینەکێشێک سەری مرۆڤێک بە گەردنی ئەسپێکەوە بلکێنێت و پەڕی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر جەستەی درووستبکات، بەجۆرێک کە ژنێکی جوان بەشی سەرەوە پێکبێنێت و بە ماسییەکی ڕەشی ناشیرین کۆتایی بێت؛ کاتیک لەتەنیایی و خەڵوەت سەیری دەکەیت، دەتوانی خۆت بگریت و پێنەکەنی؟( موریل: ١٣٩٢هـ.ش: ٤٤).

زۆر لێکۆڵەر و بیرمەند پێناسەی ئەم تیۆرەی کردووە، بۆنموونە لەلای (پاوڵ مەگی) بریتییە لە (پەیوەندیی پێوەنەبوون، گاڵتەجارانە، بێمانابوون) (هەمان سەرچاوە)، (جەیمز ڕاسڵ) دەڵێت: تەنز لە ڕوونکردنەوەی یەکەمدا هەستکردنە بە نەگونجاویی، تەنز بەهۆی نەگونجاوییەکی دیار و بەرچاوەوە بەرهەمدێت، لەنیوان ئەوەی کە دەیزانین و پیشبینی دەکەین لەلایەک و ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن لە نوکتەدا لەلایەکی ترەوە(آلبویە: ١٣٩١هـ.ش: ٤٤)

تیۆری نەگونجان دەکرێت بە تیۆری پێچەوانەی پیشبینی ناوببرێت، ڕووداوێک کە دژی پیشبینی گوێگر، یان خوێنەر لە بابەتێکی (تەنز)دا ڕوودەدات کە پێشبینی نەکردووە، هەڵبەت هەمیشە ئەوەی پێچــەوانەی پێشبینی ڕوودەدات نابێتە هۆی پێکەنیــن، بەڵکو هەندێک جار لەوانەیە بمانترسێنێت(تجبر: ١٣٩٠: ٨٥).

## سێیەم)تیۆری سوکنایی(ئارامبوونەوە)(دەرچەیەک بۆ خاڵیبوونەوە) (Relief Theory):

تیۆری سوکنایی سەرەتا لە سەدەی هەژدەهەمدا بەسەر تیۆری باڵایی و تیۆری نەگونجاوییدا داهێنرا، ئەم تیۆرە زیاتر جەخت لەسەر تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی دیاردەی پێکەنین دەکاتەوە، بەتایبەتی سیستمی دەمار، ئەمەش ئەو بابەتەبوو کە لە تیۆری باڵایی و تیۆری نەگونجاندا باس نەکرابوو. (موریل: ١٣٩٢هـ.ش: ٥١)

لە زانستی پزیشکیی سەدەی هەژدەهەمدا ئەوە باسکرابوو، کە دەمارەکان لەنێوان میشک و ئۆرگانەهەستییەکان و ماسولکەکاندا پەیوەندی درووستدەکەن، وا وێنا دەکرا، کە دەمارەکان هەڵگری بزوێنەرە کیمیایی و ئەلیکتریکییەکــان نیــن، بەڵکو گوێزەرەوەی ئــەو گــاز و شــلانەن کــە بــە (ارواح حیوانی) ناسرابوون، لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی وردیان بەردەوامبوو، پێشبینیش دەکرا، کە ئەو گاز و شلانە لە خوێن و هەوا پێکدێن، (جۆن لۆک) ئەوانە بەوە وەسفدەکات کە شلەیەکن و بە سیستەمی دەماردا تێدەپەڕن. هەر بۆیە تیۆری سوکانیی سیستمی دەمار بە تۆڕێک لولە و گوێزەرەوە وەسف دەکات لەناویاندا هەڵچوونێکی زۆری هەست و سۆزی تێدایە، کە پێویستیی بە خاڵیبوونەوەیە، وەکو ئەوەی لە مەنجەڵی بوخاردا دەریچەیەک کراوە بۆ خاڵیکردنەوەی هەڵمی زیادە، بەپێی ئەم تیۆرەش پێکەنین کارێکی هاوشێوە دەکات(هەمان سەرچاوە: ٥٢).

ئەم تیۆرە لەسەدەی نۆزدە و بەهۆی بیروبۆچوونەکانی (فرۆید) و (هێربرت سپێنسەر)ەوە زیاترخرایەڕوو و بەرەوپێشچوو، (سپێنسەر) پێی وابوو، کە پێکەنین خاڵیکردنەوەی وزەی تورەیی

چەپێنراو و سەرکوتکراوە، (اکرم آلبویە: ١٣٩١هـ ش: ٤٣) هەروەک پێشی وابوو، کە خاڵیبوونەوەیە لە تورەیی و دڵەڕاوکێ، (موسوی:١٣٩١هـ ش: ١٩)، (فرۆید)یش لە کتێبی (نوکتە و پەیوەندیی بە نەست)ەوە باسی ئەوە دەکات، کە ئەو وزەیەی خاڵی دەبێتەوە بەهۆی پێکەنینەوە بۆیە چێژ بەخشە، چونکە لەڕێژەی ئەو وزەیە کەمدەکاتەوە، کە لەکاتی ئاسایی بۆ کۆنترۆڵ یان سەرکوتکردنی چالاکییەدەروونییەکان بەکاردێت(شیخی: ١٣٩٦هـ ش: ٢٤).

تیۆری سوکنایی زیاتر جەخت لەسەر وزەی سەرکوتکراوی دەروونیی پەیوەست بە تابووە سێکسییەکان دەکاتەوە، کە بە خستنەڕوویان لەڕێگەی نوکتەوە خاڵیدەبینەوە و سەرەنجام دەبێتە هۆی ئارامی و سوکنایی دەروونییمان، نیشانەی سوکنایی و ئارامیشمان لەم تیۆرەدا پێکەنینە(تجبر: ١٣٩٠هـ ش: ٨٥)، بەگشتی ئەم تیۆرە بۆ ئەم بابەتە زیاتر پشتی بە بیرۆبۆچوونەکانی (فرۆید) دەبەست.

ئەم سێ تیۆرە لە تیۆرە هەرە گرنگ و بەربڵاوەکانی تەنزن، هەرچەندە بەدوایەکتردا هاتنیان نیشانەی دژایەتیکردنی یەکتر و یەکتر ڕەتکردنەوەنییە، بەڵکو زیاتر بە سێ تیۆری تەواوکاریی ناسراون و یەکتری تەواودەکەن و ئەو لاوازیی و کەموکورتیی و شتە نەگوتراوانەی کە لە یەکێکیاندا هەبووە، ئەوی دوای خۆی هەوڵیداوە چاکیبکاتەوە و بیڵێت، هەربۆیە (ڤیکتۆر ڕاسین) دەڵێت: ئەم سی تیۆرە، کە لە ئاڵۆزیەکانی دیاردەی تەنز لە گۆشەی جیاجیاوە دەکۆڵنەوە، دژی یەکتر ناوەستنەوە، بەڵکو بەتەواوەتی هەست بەوەدەکرێت، کە یەکتری تەواودەکەن(موریل: ١٣٩٢هـ ش: ٣٩).

سەرەڕای ئەم سی تیۆرییە، چەند تیۆرییەکی تریش ناویان دێت، بەڵام زۆریان بەناوی بیرمەند و فەیلەسوفەکانەوە ناویان دێت و بیروڕای ئەوانی تێدا دەخرێتەڕوو، کە لە بنەڕەتدا ئەو بیروڕایانە

لەسێ تیۆرییە سەرەکییەکەدا خراونە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە کە (جۆن مۆریل) خاوەنی کتێبی بەناوبانگی (فەلسەفەی تەنز) بە سێ گروپ ناویان دێنێت.

تیۆری باڵایی: لەسەر بنەمای بیروبۆچوونەکانی(ئەفلاتون، ئەرستۆ، کوینتیلیان، لەسەردەمی مۆدێرنیش تۆماس هۆبز)ە.

تیۆری سوکنایی(ئارامی): بیروبۆچوونەکانی هێربێرت سپنسر و فرۆیدی تێدا دەخرێتە ڕوو.

تیۆری ناسازی (ناتەبا): ڕەگ و ڕیشەی ئەم تیۆرییەش بۆ بیروبۆچوونەکانی (فرانسس هاچسۆن، ئیمانوێل کانت، شۆبنهاوەر، کەیپەر کیکگۆر، جەیمز ڕۆسل لول) دەگەڕێتەوە(عبدالجواد موسوی: ١٣٩١ هـ.ش.: ١٨ – ١٩).

## تەوەری سێیەم: جۆرەکانی تەنز :

تەنز هەڵگری پەیامێکە و بۆگەیاندنی پەیامەکەشی پەنا بۆ ئەدەب دەبات، ئەمەش تەواو پەیوەستە بە ناوەڕۆکەوە، لەبەرئەوەی پەیامەکانی جۆراوجۆرن، بۆیە لەرووی ناوەڕۆکەوە بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەبێت، گرنگترین و بڵاوترینیان ئەمانەن:

### یەکەم) تەنزی کۆمەڵایەتی (Social Satire) :

جۆرێکە لە جۆرەکانی تەنز و ئەو تەنزەیە کە بابەتی دابونەریت و کەلتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت، بڵاوترین جۆری تەنزە (شادمحمدی: ١٣٩٠ هـش: ٦٤) هۆکاری بەربڵاویی و زۆریەکەشی بە بەراورد بە جۆرەکانی تر بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە بەگشتی تەنزێکە بۆ گشت کۆمەڵگایە و ئاماژە بۆ کەسێک یان لایەنێکی دیاریکراو ناکات و ئەوەش تەنزنووسی بە بەراورد بە جۆرەکانی تری تەنز دەستکراوەتر کردووە.

تەنز بۆخۆی بابەتێکی تەواو کۆمەڵایەتییە، ئەوەتا فرۆید لە بیروبۆچوون و تیۆرەکانیدا لەبارەی تەنزەوە دەڵێت: (تەنز کۆمەڵایەتیترین چالاکیی دەروونییە، ئەم جۆرە ئەدەبییە هەمیشە پێویستی بە کەسی سێیەمە کە درکی بکات و لێی تێبگات، چونکە هیچ کەس تەنز بۆخۆی نانووسێت)( اصلانی:١٣٨٥هـش:١٤٢).مەبەستیش لە کەسی سێیەم ئەوەیە کە تەنزەکەی بۆ دەنووسرێت کە خوێنەر، یان بینەر یان گوێگر دەگرێتەوە، دیارە کە کەسی یەکەمیش تەنزنووسە، کەسی دووەم ئەوەیە کە لەبارەیەوە دەنوسرێت.

لەبەرئەوەی تەنزنووسیش وەکو هەر تاکێک لە کۆمەڵگادا دەژیت، بۆیە بیرکردنەوە و ئەندێشەی ڕەنگدانەوەی کەلتوور و یاسا و ڕووداوەکۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگان، تەنزی کۆمەڵایەتی بە پێشاندانی نەخۆشییەکان، بەدوای دەرماندا دەگەڕێت و بەرەو چاککردنی کۆمەڵگا هەنگاودەنێت، تاکو

لە کۆمەڵگایەکی نموونەیی نزیکی بکاتەوە. (آلبویە: ١٣٩١هـ.ش:١٥٠) واتە تەنزنووس وەکو پزیشکێک لەڕێگەی تەنزەوە نەخۆشییەکە دەستنیشاندەکات و هەوڵدەدات دەرمان و چارەسەری بکات.

تەنزی کۆمەڵایەتی هۆکارێکە بۆ دەربڕینیی مەبەستی ئاشکراو و شاراوە و ڕێگایەکە بۆ دەربڕینیی خەم و ناخۆشییەکانی ناو دڵ و پەردەهەڵماڵین لەسەر کەموکورتییەکانی ناو کۆمەڵ و ڕەوشت و ئاکاری مرۆڤ و ناهەموارییەکانی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵ، بەشێوەیەک کە هەموو ئەو ساتە بێنێتە پێکەنین و ڕەخنەی تەنزئامێزیان ئاڕاستە بکەن، بۆئەوەی بەخۆداچوونەوە ڕووبدات، یان هەندێک جاریش ڕق و قینەیان بوروژێنێت (حسێن: ٢٠١٠: ٢٢).

لەم جۆرە تەنزەدا، نیگەرانییەکانی تاک، خێزان، کۆمەڵ، لەگەڵ دەرد و دڵتەنگی و پەرێشانییەکان، لەچوارچێوەی تەنزدا لێیان دەکۆڵرێتەوە، کەموکوڕی و خواروخێچییەکانی کەسە کاریگەرەکانی وەکو: سیاسەتمەدار و سەرمایەدار و ستەمکار، چینەباڵا و خاوەن دەسەڵاتەکانی کۆمەڵ، لە قاڵبی تەنزدا باسی ڕووداو و لادان و خواروخێچییەکانیان دەکرێت و تەنز ئامێزانە دەخرێنە ڕوو (پستە:١٣٩٧هـ.ش:٤٣).

**دووەم) تەنزی سیاسیی( Political Satire) :**

جۆرێکی دیار و بەربڵاوی تەنزە و سیاسەت دەکاتە چەقی بابەت، ئەم جۆرە تەنزە لەگەڵ سیاسەتی باوی کۆمەڵ لە پەیوەندیدایە، بەمەبەستی چاککردن و بەرەوپێشبردنی ئەو سیاسەتە، ڕەخنە دەگرێت. ئەم تەنزە هەندێک جار لەلایەن ستەملێکراوانەوە و هەندێک جار لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە درووستدەبێت، واتا هەرجۆرە تەنزێک کە پەیوەست بێت بە حکومەت و دەسەڵاتەوە، بە تەنزی سیاسیی ئەژماردەکرێت، جا چ پەیوەست بێت بە دژایەتیکردنی سیاسەتی دەسەڵاتداران، یان بەپێچەوانەوە، بۆ قایمکردنی دەسەڵاتی سیاسیی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگادا و لەناوبردنی نەیارانی بێت(آلبویە: ١٣٩١هـ.ش: ٦٥).

له تەنزدا بەگشتی و تەنزی سیاسی بەتایبەتی، هەندێک جار تەنزنووس بۆئەوەی لە سزای حاکمان و دەسەڵاتداران دووربێت، دێت ڕەخنەی خۆی لە قاڵبی تەنزدا، لەسەر زاری شێت و دێوانەکان دەردەبڕێت، چونکە دەربارەی شێتەکان دەگوترێت حەق و حیسابیان لەسەر هەڵگیراوە و لە شەرع و قانوون ئازادن و بەدەرن، بۆنموونە، ئەمەی لەسەر(باڵوڵ) باسدەکرێت (جعفری: ١٣٨٩: ١٠٩). کەواتە ئەو تەنزە لەژێر دوو دەمامک و ڕووپۆشدایە، چونکە لە تایبەتمەندییەکانی تەنز بۆخۆی بەگشتی بریتییە لەوەی کە ناڕاستەوخۆیە و ماسکی هەیە، ئەمەش بێگومان بۆ خۆبەدوورگرتنە لە سزای حاکم و دەسەڵاتداران، کە تەنزەکەیان لەبارەوە دەنووسرێت.

**سێیەم) تەنزی ئایینی (Religious Satire):**

جۆرێکە لە جۆرەکانی تەنز، دین و مەزهەب بەدرێژایی مێژوو لەبەر ئەو سەنگ و ڕێزەی کە هەیبووە، لە ڕەخنەی توند بەدووربووە، بەڵام هەندێک لەبەرئەو دەمارگیرییەی کە بۆ دین هەیانبووە، وایانکردووە کە زەمینەی نووسینی تەنز بۆ تەنزنووسان برەخسێت. لەم جۆرە تەنزەدا شاعیر، یان نووسەر پشتئەستوور بە بیروباوەڕی دینی و مەزهەبی خۆی، بیروباوەڕی کەسانی تر بەشێوەی تەنز گاڵتەپێدەکات، پێداگریی لەسەر ڕاست و درووستی ئایین و مەزهەبی خۆی دەکات(آلبویە: ١٣٩١هـ-ش: ٦٥). پێشتر لەبەرئەوەی کە پیاوانی ئایینی وەکو میراتگری پێغەمبەران و پیرۆز سەیرکراون، کەمتر رەخنەیان لێگیراوە و بەتەنزەوە باسیان کراوە، بەڵام دواتر وردە وردە ئەو دیدگایە گۆڕدرا، تەنزی ئاینی هاتەناوەوە، تەنزنووس زیاتر بابەتی جیاوازیی قسە و کردار دەخاتە ژێر زەرەبین و تەزویر و ڕیابازیی هەمیشە بابەتی بەردەستی بوون، بۆیە هەمیشە مەلا و شێخ و سەید و دەرویشەکان بابەتی سەرەکیی تەنزی ئاینیین، چونکە بەشێک لە ئەوان وەکو ئەوەی دژی هەواو هەوەسی مرۆڤ بن خۆدەنوێنن، بەڵام وانین (پلارد: ١٣٩٨هـ . ش: ١٩).

بۆیە ئەو تەنزەی کە دەربارەی ئایین دەنووسرێت، لە سێ جۆر ڕەخنە بەدەر نییە، کە پێویستە جیاوازییان لەنێواندا بکریت، جۆری یەکەمیان ڕەخنەیەکە کە لەلایەن کەسێکی بێ دین یان بە گومان ئاڕاستەی دین دەکرێت. جۆری دووەمیان: ڕەخنەیەکە لەلایەن کەسێکی دەمارگیری فیرقە و کۆمەڵێکی ناو دین ئاڕاستەی فیرقە و کۆمەڵێکی دیکەی ناو هەمان دین دەکرێت. جۆری سێیەم: ڕەخنەیەکە لەلایەن کەسێک لە دین و فیرقەیەکی دینی دیاریکراودا ئاڕاستەی هاودین و کەسە نزیکەکانی دینی خۆی دەکات و ئەوان دەکاتە بابەتی تەنزەکانی خۆی (جوادی:١٤٠٠هـ.ش:١١٧). جۆری یەکەمیان مەبەستەکەی دیارە، بەڵام بۆ جۆری دووەمیان، بۆنموونە کەسێکی سوننی مەزهەب بەشێوەی تەنز ڕەخنە لە کەسێکی شیعە مەزهەب بگرێت، یان هەر لەناو سووننی مەزهەبیشدا کەسێکی سەربە تەریقەتی قادری تەنز بەرانبەر لایەنگرانی تەریقەتی نەقشبەندی بنووسێت، یان بە پێچەوانەوە، بۆ جۆری سێیەمیشیان بۆنموونە کەسێک کە سەر بە هەمان دین و مەزهەبی خۆی بێت، بەڵام لەبەر ڕیابازیی و فێلبازیی، تەنزنووس ڕەخنەی تەنز ئامێزیی ئاڕاستە دەکات، وەکو ئەو شیعرانەی حافزی شیرازی و نالی و مەحوی  و حاجی قادر و بێکەس و چەندان شاعری دیکە کە ئاڕاستەی شێخ و سۆفی دینفرۆش و ڕیابازیان کردووە.

**چوارەم) تەنزی فەلسەفی(Philosophical Satire):**

جۆرێکی دیکەیە لە جۆرەکانی تەنز، لەبنەڕەتدا تەنزی فەلسەفیی پێکەنینی ئەو کەسانەیە بە دنیا و پووچییەکانی و ئەوانەی بەتەواویی لێی تێگەیشتوون و ئارەزوویان ئەوەیە، کە بگەن بە کامڵی، ئەمەش تەنزێک بەرهەمدێنێت کە لە جیهانبینی و تێڕوانین و بیروباوەڕی ئایینی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، نووسەری ئەم جۆرە تەنزە هەوڵدەدات کە ئەندێشەی خۆی لە قاڵبی تەنزئامێزدا دەرببڕێت تاکو بڕوا بە گوێگر و خوێنەر بهێنێت و بیخاتە سەر بیر و باوەڕی خۆی(آلبویە: ١٣٩١هـ.ش: ٦٥). هەر بەم هۆیەشەوەیە کە دین و فەلسەفە هەمیشە بەریەککەوتنیان لەگەڵ یەکتر هەبووە، جا یان

یەکتریان ڕەتکردۆتەوە، یان یەکتریان قبوولْکردووە و لەژێر سایەی ئەم یەکتر قبولْکردنەدا فەلسەفەی ئاین هەیە.

تەنز و فەلسەفە بۆیە لەم جۆرەدا یەکانگیردەبن و تێکەڵی یەک دەبن و تەنزی فەلسەفی درووستدەکەن، چونکە خاڵی لێکچوویان زۆرە، بۆنموونە تەنزنووس و فەیلەسوف هەردوکیان ڕەخنەگرانە بیردەکەنەوە و دژی بیروباوەڕی باوی کوێرانە و ملکەچی بێ چەند و چوونن، فەلسەفە و تەنز ڕەگێکیان لە سەرسامیی و حەیرانییدایە، ئەوانەی کە لەم دوو بوارەدا کاردەکەن، بیر و خەیاڵ لەوشتانەدەکەنەوە کە جیاوازن لەو واقیعەی کە هەیە(موریل :١٣٩٢هـ‌ش:٢٠٩).

تەنزی فەلسەفی تەنزێکە، کە باسی مرۆڤایەتیی بەگشتی دەکات، نەک کەسێکی دیاریکراو، تەنزێکە لەجێگەی قاقا و پێکەنین بە دەنگی بەرز، زەردەخەنە و سەرڕاوەشاندنێکی پڕ لە فەهم و تێگەیشتنی تێدایە(چترودی،عطاردی:١٣٨٩هـ‌ش:٩٨٤)، نموونەی ئەم جۆرە تەنزە زۆرە، دەکرێت ئاماژە بۆ چوارینەکانی خەیام و بەشێک لە شیعرەکانی مەحوی بکەین.

## تەوەری چوارەم: مێژووی تەنز :

کە باس لە مێژووی تەنز دەکرێت، ڕێک مەبەستمان تەنز نییە بە واتا نوێیەکەی و ئەوەی لە چوارچێوەی زاراوەی ساتیرا(سەتایەر)دا باسدەکرێت، بەڵکو مەبەستمان هەموو ئەو بابەتانەیە، کە هەم تەنز و هەمیش لەچوارچێوەی تەنزدا پۆڵێندەکرێن، لەوانە هەجو و هەزەل و هەموو جۆرەکانی تر کە لە ژێر چەتری تەنزدا پۆڵێندەکرێن. هۆکارکەشی ئەو تێکەڵییەیە، کە لەمێژووی ئەدەبیاتی دنیادا، بەتایبەتی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتی ئیسلامی لەنیوان ئەو چەمکانەدا هەبووە، هەروەها ئەو لەیەکچوونەش کە لەنێوانیاندا هەیە.

## یەکەم) مێژووی تەنز لە ئەدەبی ڕۆژئاوا دا :

ئەدەبیات هەر لە پێش زایینەوە لەلایەن فەیلەسوفان و بیرمەندانەوە جێی بایەخ و تێڕامان بووە، چونکە هەموو کایەکانی ژیانی تەنیوە و بۆ هەمووشتێک پشتیان پێی بەستووە، بۆیەش لێیان کۆڵیوەتەوە و قسەی جددی و گرنگیان لەبارەوە کردووە.

لەلایەن ئەفلاتوونەوە لە قالبی کۆمیدیادا باسی کراوە و قسەی جددی لەبارەوە کراوە، بەڵام باسکردنەکان گشتی بوون، بەشێوەیەکی ڕێکخراو و وردتر لەلایەن (ئەرستۆ)وە و لە دوای ئـەفلاتـوونەوە باسیکـراوە و لێـی کـۆڵـدراوەتـەوە، ئـەمــەش ئەگەر ڕوونتر بڵێین لە (هونەری شیعر)کەیدا، کە یەکەم کتێبی ڕەخنەییە لە بواری ئەدەبدا، بۆیەکەمجار (ئەرستۆ) لەم کتێبەدا، ئەدەب و هونەر پۆڵێندەکات بۆ (تراژیدیا و کۆمیدیا)، هەرچەندە( گرنگییەکی ئەوتۆ بە کۆمیدیا نادات و زیاتر بیر و بۆچوونەکانی لەبابەت ئەدەبەوە لە تراژیدیادا دەخاتە ڕوو، هەربۆیەش تراژیدیا نووسەکان هەموویان ناویان دیارە و کۆمیدیا نووسەکان گومناوترن لەئەوان و دڵنیانین لەوەی کە کۆمیدیا لە کەیەوە دەستی پێکردووە) (ارسطو: ١٣٤٣هـ‌ش: ٣٤). ڕوانگەی گرنگی پێدانی تراژیدیا و گرنگی پێنەدانی کۆمیدیاش لەلایەن ئەرستۆوە دەکرێت بۆئەوە بگەڕێتەوە، کە (تراژیدیا لاسایی کەسی باش

دەکاتەوە، بەڵام کۆمیدیا لاسایی کەسی خراپ دەکاتەوە، هەروەها تراژیدیا گرنگی بە بابەتە هاوبەشەکانی مرۆڤ دەدات، بەڵام کۆمیدیا گرنگی بە بابەتی ڕۆژانەی ژیانی مرۆڤ دەدات، بەواتایەکی تر، بابەتەکانی کۆمیدیا کاتین، بەڵام لە تراژیدیادا بابەتەکان نموونەیین و بۆ هەموو سەردەمێکن) (کارگر: ١٣٩١ هـ.ش.: ٦)

لێرەوە بابەتی ئێمە کە تەنزە لەژێر چەتری کۆمیدیادا دەستپیدەکات، (چونکە کۆمیدیا لە سێ جۆر و پلە بەدەر نییە، ئەویش (تەنز، هەجو و هەزەلیات)ن، هەرچەند دەکرێت باسی گاڵتە و گەپ و نوکتە و ....، بکرێت، بەڵام ئەم سێ زاراوەیەی کە باسکران، گرنگتر و سەرەکیترن بۆ کۆمیدیا)) (هەمان سەرچاوە)

بۆ مێژووی (تەنز) لە ڕۆژئاوادا دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ یۆنانیی و ڕۆمانییەکان، وەکو دیاریشە یەکەمین شاعیر، کە بەرهەمەکانی بابەتی تەنزیان تێدایە لە مێژووی یۆناندا (ئارچیلۆکیان(archilochian))ە، کە لە سەدەی حەوتی پیش زاین ژیاوە، هەروەها بەرهەمە کۆمیدییەکانی (ئەرستۆڤانس)یش شێوازێکی تەنزئامێزیان هەیە.(داد: ١٣٨٥هـ.ش: ٣٤٢).

ڕۆمەکان خۆیان بە داهێنەری تەنز دەزانن. کوینتیلیان (Quintilian (٣٥ – ١٠٠ زاینی)) ڕەخنەگری ڕۆمیی گوتوویەتی:(تەنز بەتەواوەتی هی ئێمەیە)، هەڵبەت مەبەستی تەنزە وەکو جۆرێکی ئەدەبی و ئەوەی کە لە چوارچێوەی ساتیری ئێستادا باسی دەکرێت، ئەو تەنزەی کە لە ئەدەبی لاتینی دا بە (لوسیلیوس) دەستی پێکرد و لەلایەن شاعیرە گەورەکانی وەکو (هۆراس (٦٥ – ٨ پ.ز.)) و (جۆڤیناڵ) و (پرسیوس) گەیشتە لوتکە، نەک تەنز بە گشتی، کە لە ئەدەبیاتی یۆنانی زۆر و زەوەند بوو (جوادی: ١٤٠٠هـ.ش: ٦٦).

کاریگەریی تەنزی ڕۆمیی بەسەر ئەدەبی ئینگلیزییەوە هێندە زۆر بوو، هەتا شاعیرێکی گەورەی وەکو (جۆن دان) کە وازی لە بابەتە کۆنەکانی تەنز هێناو و لە تەنزەکانیدا ڕووی کردە بابەتی ئاینی،

نـەیتـوانـی لـە کـاریـگــەریـی (هـــۆراس) و (جـۆڤینــاڵ) و (پێرسیـوس) دووربـکــەوێتــەوە. (جوادی: ١٤٠٠هـش: ٦٨).

لەئەدەبی ئینگلیزیشدا تەنز پێش سەدەکانی ناوەڕاست بەشێوەی سەربەخۆ نەبووە، بەڵام لەو بەرهەمانەی، کە بەگشتی بە تەنز ئەژمار نەدەکران، ڕیشەیەکی تەنزئامێزیان تێدابوو، وەکو حیکایەتەکانی (کانتێربێری)، (چاسرۆ پییەرز پلۆمان)، (لۆنگ لاند) .لەکۆتاییەکانی سەدەی شازدەهەمی زاینی یەکەمین بەرهەمی تەنز بەناونیشانی (پارچەیەکی ناشایستە بۆ ماميس)ی (تۆماس لوچ) و بەرهـەمـە تـەنـزئامێـزەکـەی (جۆن دان) و (مارستۆن) و تەنزی تاڵ و گەزەندەی جۆڤینال پەیدابوو.(داد:١٣٨٥هـش:٣٤٢)، هـەروەهــا شــاعیــری گـەورەی ئینگلیـــز(ولیەم شکسپیر (١٥٦٤ – ١٦١٦)) لە شانۆگەرییەکانیدا، کە تەنزی بەکارهێناوە، زیاتر گرنگی بە لایەنی دەروونی مرۆڤ داوە و بە ڕیشە و بنەڕەتی ڕاستەقینەی درووستبوونی گەندەڵی کۆمەڵایەتی زانیوە، هەروەک تیشکی خستووەتە سەر کۆمەڵێک دیاردە، کە لەسەدەی شازدەدا باوبووە، وەکو هەرەسهێنانی ڕەوشت و بەها ڕەوشتییەکان (الهوال: ١٩٨٢: ٢٤١).

ناکرێت توانای (ڤۆڵتێر(١٦٩٤ – ١٧٧٨)) لە تەنزدا نادیدە بگرین، بابەتە تەنزئامێزەکانی ڕەهەندێکی فەلسەفی پەیوەست بە ئاین و سیاسەت و کۆمەڵیان هەبوو، کە شۆڕشێکی گەورەبوو و بوو بە گۆڕانێکی سیاسی گەورە لە فەرەنسا، ئەویش گۆڕانی دەسەڵات لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماریی(الهوال: ١٩٨٢: ٢٤٢). نووسەری گەورەی ئینگلیز (جۆرج بێرنادشۆ(١٨٥٦ – ١٩٥٠))یش وتارە ڕەخنەیی و کۆمەڵایەتییەکانی بەشێوەی تەنز دەنووسی و لەو ڕێگەیەوە بیر و بۆچوونەکانی دەخستەڕوو (هەمان سەرچاوە)

لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم و بەشێکی سەدەی هەژدەیەم و لەسەردەمی ڕۆشنگەریی تەنز لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا گەیشتە لوتکە، شاعیران و نووسەرانی سەردەمی ڕۆشنگەریی، کە

ئامانجیان چاککردنی خوارو خێچییەکان بوو، تەنزیان بە هۆکارێکی گونجاو دەزانی بۆ ئەو مەبەستە، دوو نووسەری دیار و بەرجەستەی تەنز لە ئینگلتەرا، کە (جاناثان سویفت و ئەلیکساندەر پۆپ)ن، لەسەدەی هەژدەیەمدا دەرکەوتن، لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم نووسەری دیکە دەرکەوتن، وەکو (هێنری فیلدینگ و ساموێل جۆنسۆن) چەندان بەرهەمیان لەبابەت تەنزەوە نووسی و بڵاوکردەوە.

سەرەتای سەدەی نۆزدە کۆمەڵێک شاعیری تەنز پەیدابوون، لەوانە(براونینگ و تێنی سون)،تەنز لە ڕۆمانی سەدەی بیستەم، لەبەرهەمی گەورە نووسەرانی وەکو (Aldous Huxley (ئاڵدس هەکسلی) لە ڕۆمانی (دنیای جوان و نویێ) و (جۆرج ئۆروێل (مەزرای ئاژەڵان(١٩٨٤)دا دروەشایەوە. (داد: ١٣٨٥هـ.ش: ٣٤٢).

## دووەم) مێژووی تەنز لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا:

کە باس لە ئەدەبی ڕۆژهەڵات دەکەین ، مەبەستمان زیاتر ئەدەبی کوردیی و دوو ئەدەبی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییە، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان بەسەر ئەدەبی کوردییەوە هەیە، ئەم دوو ئەدەبە پێش ئیسلام دوو ئەدەبی لەیەکتر دابڕاون و بە هاتنی ئیسلام هەردووکیان لەچوارچێوەی ئیسلامدا تێکەڵاویی لەنێوانیاندا درووستبووە، ئەمەش بێگومان بەهۆی بڵاوبوونەوە و حوکمی ئیسلامەوە بووە، ئەوانیش ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبی فارسین، ئینجا ئەگەر باسی مێژووی تەنزیش بکەین، دەبێت بڵێین کە (مێژووی تەنز ئەوەندە کۆنە، کە هەندێک کەس دەیگێڕنەوە بۆ ئەوکاتەی، کە سەرۆک هۆزەکان دوای گەڕانەوەیان لەجەنگ کاتێک کە دادەنیشتن، بەتایبەتیی لەکاتی سەرکەوتنەکانیان بە تەنز و گاڵتەپێکردنەوە باسی شکستی دوژمنەکانیان دەکرد )( طه: ١٩٧٩: ٥٣)

### ١) مێژووی تەنز لە ئەدەبی عەرەبیدا:

ئەگەر بڕوانینە ئەدەبی عەرەبی و لەم ئەدەبەدا بەدوای بابەتی تەنزدا بچین ، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پێش ئیسلام و بچینەوە بۆ ئەدەبی جاهیلی، هەرچەندە لەم جۆرە ئەدەبەدا شاعیرێک نییە، بڵێی تەنز نووسە، تەنها ئەوەی هەیە ئەوەیە، کە بابەتی تەنز و هەجو و هەزەل لەشیعرەکانیاندا هەیە و ئەو بابەتە بەتەواویی لە ئەدەبیاتیاندا ڕەنگیداوەتەوە، نموونەی ئەم شاعیرانەش : ( عبید بن الابرص، عبد المسیح بن عسلة ، عبدالله بن سلمة ، امرؤ القیس، زهیر بن أبي سلمی)ن. (طه: ١٩٧٩: ٥٨).

بۆنموونە (زهیر بن ابی سلمی) بە قەصیدەیەک هەجوی هۆزی (آل حصن)دەکات و لە دووبەیتی قەصیدەکەدا دەڵێت:

وَما أَدري وَسَوفَ إِخالُ أَدري        أَقَومٌ آلُ حِصنٍ أَم نِســـاءُ

فَإِن قالــوا النِســـاءُ مُخَبَّــــآتٍ        فَحُقَّ لِكُلِّ مُحصَنَةٍ هِــداءُ (ابی سلمی:١٩٨٨:١٧)

هەروەک دیارە (زهیر) لەقەصیدەکەدا بەزمانی تەنز و گاڵتە باسی پیاوانی هۆزەکە دەکات و دەڵێت: چونکە پیاوانی هۆزی (آل حصن) لە ئاستی ژنەکانیاندان، بۆیە پێویستە لە پیاوی دیکەیان مارە بکەین، چونکە ژنان تەنیا بۆ بەمێرددان دروستکراون.( میرعرب: ١٣٩٥ هـش: ٣٢)

ئینجا ئەگەر لە سەردەمی ئیسلامدا باسی تەنز بکەین ، نووسەرانی وەکو (طبری و راغب اصفهانی و ابی الحدید) و چەندانی دیکە باسی گاڵتە و نوکتە گوتنی پێغەمبەر(د.خ.)یان کردووە، بۆنموونە زۆربەیان ئەم بەسەرهاتە دەگێڕنەوە، کە پیرێژنێک هاتە لای پێغەمبەر(د.خ.) و لێی پرسی: ژنان چۆن دەچنە بەهەشت؟ پێغەمبەر فەرمووی: پیرێژن ناچنە بەهەشت. پیرێژنەکە، کە گوێی لە وەڵامی پێغەمبەربوو، خەمباربوو و گریا، ئینجا پێغەمبەر(د.خ.) ئایەتێکی لە قورئانی پیرۆز خوێندەوە کە مانایەکەی ئەوەبوو کە ژنان هەموویان کە چوون بۆ بەهەشت گەنج دەبنەوە. پیرێژن بەم قسەیە

شاد و دڵخۆشبوو و ڕۆیشت. نموونەی زیاتر لەبەردەستدابووە، بەڵام نووسەرانی ئەم نموونە و نوکتە و بەسەرهاتانە بێ مەیل بوون بەرانبەر ئەم لایەنەی کەسایەتیی پێغەمبەر(د.خ.) و زیاتر شاردویانەتەوە و جەختیان لێ نەکردۆتەوە، تەنیا گوتویانە کە پێغەمبەری ئیسلام گاڵتەی لەگەڵ دەوروبەری کردووە. (حلبی: ١٣٧٧: ١٧٩)

لەبارەی خەلیفەکانی ڕاشیدەینیش ئەوەی کە دەزانرێت ئەوەیە کە لێرە و لەوێ کەمە گاڵتەیەکیان دەدرێتە پاڵ، (جاحظ) هەندێک شۆخی و گاڵتە دەداتە پاڵ ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی(ڕ.خ)، ئەوانەشی لە (ئیبن عباس) وەرگرتووە، باسی گاڵتە و ئامادەوەڵامی ئیبن عەباسیشی کردووە. ڕاغبی ئیسفەهانیی دەڵێت: ئیمامی عومەر پیاوێکی قەڵەو و ورگنی بینی و ئاماژەی بۆ ورگی کرد و گوتی: ئەمە چییە؟، ئەویش لەوەڵامدا گوتی: ئەمە نیعمەتی خوایە، ئیمامی عومەر لەوەڵامدا گوتی: وانییە، ئەمە لەعنەتی خوایە. (هەمان سەرچاوە).

لەسەرەتای پەیدابوونی ئیسلام دوو شاعیری گەورە دەرکەوتن کە بە مامۆستای ڕەوانبێژیی و شاعیرانی ئەدەبی عەرەبی ئەژماردەکرێن و بۆخۆیان قوتابخانەیەکی تەنزن، و هەریەکێکیان گەنجینەیەکی شاراوەن لە ئەدەبیات و شیعری تەنز، ئەوانیش (حسان بن ثابت) و (الحطیئة)ن (طه: ١٩٧٩: ٨٤).

بۆ نموونە (حسان بن ثابت) کە بە شاعیری پێغەمبەر(د.خ)ناسراوە، بەشیعری تەنز و هەجووەوە ڕووبەڕووی نەیارەکانی ئیسلام و پێغەمبەر بۆتەوە، کاتی جەنگەکان پێغەمبەر(د.خ) ئەوی بۆ جەنگ نەدەبرد و ڕایدەسپارد ئاگای لە ژنەکانی خانەوادەکەی بێت و جێگەیەکی پارێزراوی هەبوو، لێی دەپرسن بۆچی ناچیت بۆ جەنگ؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت:( چونکە ئەوەی زمانی درێژە، شمشێری کورتە) (حلبی: ١٣٧٧: ٢٢٩).

هەروەها (الحطيئة)یش کە لەئەدەبیاتی عەرەبیدا شاعیرێکی گەورەیە ، بەتایبەت لە بابەت تەنز و هەجووەوە، دەڵێن: سەرەتا هەجوی خەڵکی دەکرد، دواتر زمانی بەرانبەر خانەوادەکەی کرایەوە و ئەوانی هەجو دەکرد، پاشان چونکە کەس نەمابوو هەجوی بکات، بۆیە هەجوی خۆی دەکرد ( میرعرب: ١٣٩٥ هـش: ٣١).

سەردەمی ئومەویەکانیش بە سەردەمی درەوشانەوەی ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی تەنز و هەجوو بەتایبەتی دادەنێن، لەو سەردەمەشدا چەندان شاعیری تەنز و هەجو دەرکەوتن، کە لە ناو ئەدەبیاتی عەرەبیی ناوێکی گەورەبوون، ئەوانیش (فرزدق و جریر و عامرالشعبی و ابویزیدخداش و أیاس بن معاوية)بوون(حلبی: ١٣٧٧: ٢٣٤ - ٢٤٢).

لەناو ئەو شاعیرانەشدا(جریر) بەناوبانگترین شاعیری تەنز و هەجووی سەردەمی خۆی بوو، کە لەشیعرەکانیدا هەمیشە هەجوی کەسە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکانی دەکرد، دەکرێت هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە بۆخۆی لە ناو خێزانێکی دەست کورت و هەژار دا گەورەببوو(عویز: ٢٠٠٩: ٦١). (جریر)، (فرزدق و اخطل) و (٥٣)شاعیری دیکەی سەردەمی خۆی هەجوکردن، هەندێک لەو شاعیرانە شانازییان بەوەوە دەکرد کە لەلایەن(جریر)ەوە هەجووکراون، چونکە جگە لە (فرزدق)هیچ یەک لەو شاعیرانە لە پلەوپایەی شیعریی ئەودا نەبوون(حلبی: ١٣٧٧: ٢٣٤ - ٢٣٨).

ئەدەبیاتی عەباسیش پڕە لە تەنز و هەجو و هەزەل و چەندان شاعیر و ئەدیبی گەورە لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆیان تاوداوە و شیعر و بەرهەمی جوانی هونەرییان خوڵقاندووە، نموونەی ئەو شاعیرانەش (بشار بن برد، ابونواس، ابو العتاهية، عباده مخنث، جاحظ) (حلبی: ١٣٧٧: ٢٤٤) و چەندان شاعیر و ئەدیبی دیکەن، لەوانە (ئیسماعیل بن ابراهیم الحمدونی، ابو علاء المعری، ابو العيناء) (طه: ١٩٧٩: ١٤٩ - ٢٤٢).

پاش هاتنی شالاوی مەغۆل بۆ بەغدا لە ساڵی (١٢٥٨)ی زایینیی، چەندان کێشەی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی...) و چەندان کێشەی دیکە زیادبوون بۆ کێشە کەڵەکەبووەکانی سەردەمی خەلافەتی عەباسی، ئەمەش بووە هەوێنی دروستبوونی شیعر و ڕەخنەی تەنز ئامێز لای شاعیران و نووسەران، هەروەها وەک لای شاعیران دەردەکەوێت و گومانیان لەڕاستگۆیی کۆمەڵگایە لەو سەردەمەدا و هەربۆیە بەشێوەی تەنز و گاڵتەجاڕانە شیعرەکانیان دەنووسن، سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکانیش لە عێراق و جیهانی ئیسلامیدا ئەم شێوە بیرکردنەوەیە درێژەپێدەری چەرخەکانی دەسەڵاتی مەغۆلە، ئەمە بەردەوام  بوو تاکو سەدەی نۆزدەیەم ، بەجۆرێک کە شاعیران بەنموونەی شیعری تەنز ڕەخنەیان لە لەکۆمەڵگەی عەرەبی ئەو سەردەمە گرتووە کە تەنیا پاشکۆ و نۆکەری دەسەڵاتداران بوون و ژیانیان لەسەر بنەمای درۆ و فێڵ بنیاد ناوە، زۆر لە شاعیران باسی ئەو سەردەمە دەکەن، لەوانە(عبدالغفار الاخرس، جعفر الحلی، السید الحیدر الحلی)گاڵتە بە دواکەوتوویی نەتەوەکەیان دەکەن. (العبادي: ٢٠١١: ٦٤)

سەرەتای سەدەی بیستەم کە هێشتا ئیمپراتۆری عوسمانی مابوو و عێراقیش هەر لەژێر دەسەڵاتی ئەودابوو، تاکو جەنگی یەکەمی جیهانی و نەمانی دەوڵەتی عوسمانی و دابەشبوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی و هاتنی بیری ناسیۆنالیزم لە ئەوروپاوە بۆ ئەو ناوچانە، هەریەکەیان هەوڵی دەدا لەژێر چەتری نەتەوە قەوارەیەکی سیاسی بۆخۆی هەبێت، بۆیە لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیز و دەوڵەتی عێراق دروستبوو، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی گۆڕانکاریی زۆر لە ئەدەبدا ڕووبدات، بەهۆی گۆڕانی  بارودۆخی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و...هتد، بابەتەکانی تەنزیش گۆڕانکارییان بەسەرداهات و ئەو گۆڕانکاریی و بابەتە  نوێیانەی کە هاتنەپیش،  بوونە هەوێنی ئەدەبیاتی تەنز و تێیدا ڕەنگیاندایەوە.

لەو سەردەمەدا کۆمەڵگا لەبارودۆخێکدابوو کە لەژێر زوڵم و چەوسانەوە و ستەمکاریی سیاسی بوو، بەجۆرێک کە لەگەڵ ڕاستیی ژیان ڕێک نەدەکەوت، شاعیران هەستیان بەو بارودۆخەی ژیان کردبوو و لەبەرهەمەکانیاندا ڕەنگیدایەوە.

ناوەڕۆکی شیعر و ئەدەب زیاتر هەڵگری پەیامی هۆشیارکردنەوەی میللەت بوو لەم پێشهاتانەی کە ڕوویاندەدا، دەیانویست هەست بە نادادیی و ناڕێکییەکان بکەن، میللەت ئاڕاستەبکەن بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئەم نادادی و خواروخێچییانە ببنەوە، ئەدەبیاتی تەنز لەم سەردەمەدا بوو بە سەکۆیەکی گونجا و زمانحاڵێکی باش بۆ ئەم بابەتانە. ئە شاعیرانەش کە لەم ماوەیە جێ پەنجەیان لە ئەدەبیاتی تەنزدا دیاربوو، بریتیبوون لە (معروف عبدالغنی الرصافی، الزهاوی، عبدالمحسن الكاظمي، علی الشرقي، محمود لاحبوبي، عبدالغني الخضري، فاضل لاصيدلي، عبدالرحمن البناء..هتد..) (العبادي: ٢٠١١: ٦٤)

بابەتی ئەم شاعیرانە، کە بە شاعیرانی نوێخوازیش ناسراون، تەنزی سیاسی بەبەراورد بە جۆرەکانی تری تەنز زۆر زیاترە، زۆر بەجوانی لەشیعرەکانیاندا وێنای بارودۆخی سیاسیی وڵاتە عەرەبییەکانیان کردووە.( میرعرب: ١٣٩٥ هـ.ش: ٣٦).

**٢) مێژووی تەنز لە ئەدەبی فارسیدا:**

مێژووی تەنز لەئەدەبی فارسیدا بیروڕای جیاوازی لەسەرە، هەندێک لە لێکۆڵەران جۆرێک باسی تەنز دەکەن، کە مێژووەکەی زۆر کۆنە و بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەدەبی فارسی دەگەڕێتەوە، ئەم جۆرە تەنزەش تێکەڵە لەگەڵ هەجو و هەزەل و جۆرەکانی تری گاڵتەوگەپ، هەندێکی تر لە لێکۆڵەران تەنز بۆ واتا و دەلالەتە نوێیەکانی پۆلێندەکەن، ئەمەش مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، بەڵام بۆئەوەی بەرچاوی خوێنەر ڕوونبێت، دەبێت باسی ئەو پۆلێنە بکەین، کە مێژوویەکی زۆر کۆن و هاوبەشی لەگەڵ هەجو و هەزەلدا هەیە، چونکە هەرچۆنێک بێت ڕیشەی ئەو تەنزەیە، کە ئێمە ئێستا پێناسەی دەکەین و هۆکاری سەرپێکەوتن و پاڵفتەبوونییەتی.

لە سەرەتای ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسیدا تەنز بەشێوەی بەرهەمی سەربەخۆ زۆر کەم و دەگمەنە، ئەوەی هەیە لە چەند گوفتار و حیکایەتێکدا کە ڕەگ و دەماری تەنزئامێزییان تێدایە، لەگەڵ هەجو گەشەیان کردووە. مێژووی ئەم جۆرە حیکایەت و گوفتارانە بۆ هەندێک لە دەقی گەلانی ئاریایی دەگەڕێتەوە، کە تێیاندا باسی خوای ئەم گەلە ئارییاییانە کراوە، دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی ساسانییەکان ، بەتایبەتی لەسەردەمی پادشایەتیی (نەوشیروان) کۆمەڵێک حیکایەت و بەسەرهات هەن کە چەند لایەنێکی  تەنزئامێزیان تێدایە، لەوانە(کەری مەزڵوم و زنجیری دادپەروەریی نەوشیروان)، یان بەسەرهاتی (ئەو کەنیزەکەی کە لە مەجلیسی مەیخواردنی نەوشیروان دەستی لەرزی و مەی بە جلی پاشادا ڕشت) و ..هتد..) (جعفری:١٣٨٩هـ-ش: ١٢).

ئینجا ئەگەر بێینە سەر مێژووی تەنز لە ئەدەبی فارسییدا، دەبێت بڵێین، کە (لەکۆنترین قۆناغی مێژووی ئەدەبیاتی فارسییەوە دەستپێدەکات، ئەویش ئەو ئەدەبیاتەیە، کە بە ئەدەبیاتی فارسی (دەریی)ناسراوە، ئەگەرچی ئەوەی کە لە ئەدەبیاتی فارسی دەری بەدەستگەیشتووە زۆر کەمە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە بابەتی تەنز لە ئەدبیات دا بسەلمێنێت) (تجبر: ١٣٨٩ هـ-ش.: ٩٦).

ئەدبیاتی دەرییش بەسەر چەند سەردەمێکدا دابەشدەبێت، لەوانە ئەدەبیاتی (دەورانی طاهری و صفاریان و سامانیان. لەو ماوەیەشدا چەندان شاعیری گەورە دەرکەوتوون، بەتایبەتی دەروانی سامانیان، لە نموونەی(ابوالحسن شهید، ابو طیب مصعبی، رودکی سمرقندی، ابو شکور بلخی..هتد)) (عبدالقیوم: ١٣٦٦هـش: ١٠٢ – ١٤٤). لەناو ئەم شاعیرانەشدا زیاتر (رودکی(٨٥٨ – ٩٤٠)) بە شاعیری تەنز و هەجو ناسراوە و لەم ڕوانگەیەشەوە شاعیرێکی گەورەی ئەم بابەتەی ئەدەبە، بۆنموونە شیعرێکی تەنز ئامێزی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت:

روی بە محراب نهادن چە سود

دل بـــە بـــخارا و بتان طراز

ایزد مـــا وســوسە عـــاشقی

از تو پذیـــرد، نپذیرد نمـــاز(رودکی: ١٣٧٦ هـش: ٩٢)

واتا: ڕوو لە قیبلەکردن سوودی نییە، بڕۆ بۆ شاری بوخارا و طراز لەوێ خۆشەویستی بکە لەگەڵ جوان و زیباڕوویانی ئەوێ، چونکە دڵت لای ئەوانە، نەک نوێژەکان و خواپەرستییەکەت، خوای گەورەش عاشقی و خۆشەویستییەکەت لێوەردەگرێت، نەک نوێژەکانت. لێرەدا شاعیر ڕەخنە لە کەسانی ڕیابازی ئاینی دەگرێت، کە وا پیشان دەدەن کە دینداری ڕاستەقینەن، بەڵام لەبنەڕەتدا ڕیابازن، بۆیە دەڵێت: خۆشەویستی و عاشقی دنیایی لە نوێژەکانتان باشترە.

دوای ئەدەبیاتی سامانی، ئەدەبیاتی دەورانی غەزنەویی دەستپێدەکات، لەم ماوەیەشدا شاعیرانی بەناوبانگ لە بابەت تەنز و هەجووەوە هەڵکەوتوون، کە بە سەرمەشقانی ئەدەبی فارسی ناودەبرێت لەم بوارەدا، لە نموونەی (فیردەوسی توسی، مەنوچهری دامغانی) و چەندانی تر...

لەدایکبوونی ڕاستەقینەی تەنز لە دوای ئیسلام و بەتایبەت لە سەدەی شەشەم و حەوتەمی کۆچی و لەئەدەبیاتی تەسەوفدا درووستدەبێت، حیکایەت و بەسەرهاتەکانی ئەدەبیاتی تەسەوف هەم تام و جێژی کۆمەڵایەتییان هەیە، هەم زەوق و سەلیقەیەکی فەلسەفی (داد: ١٣٨٥هـش: ٣٤٠).

(عەتاری نەیشابووری(١١٤٦ – ١٢٢١)) لە کتێبی (ئیلاهی نامە)دا لە حیکایەتێکی تەنز ئامێزدا، کە بەشێوەی شیعر و لە قاڵبی مەسنەویی دا نووسیویەتی، ناوەرۆکی حیکایەتەکە بەم شێویەیە کە دەڵێت: ( شێتێکی دەروون ئاڵۆز و ڕووت و ڕەجاڵ لەخوای گەورە داوای قوماشی دەکرد و دەیگوت: خوایەگیان کراسم لەبەر نییە و ئەو سەبر و ئارامییەی کە تۆ هەتە، من نیمە، خوای گەورە وەڵامی دایەوە کە ئەی بەندەی من، قوماشت دەدەمێ، بەڵام بۆ کفن، نەک بۆ کراس)(جعفری:١٣٨٩هـ‌ش: ٦٢).

دوای ئەدەبیاتی غەزنەویش ئەدەبییاتی دەورانی سەلجوقی دێت، لەم دەورانەش چەندان شاعیر هەڵکەوتوون، کە کەم و زۆر بابەتی تەنز لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیان داوەتەوە و لەو ڕێگەیەوە پەیامەکانیان کاریگەرتر گەیاندووە، یەکێک لە گەورەترین شاعیرەکانی ئەو ماوەیەش (خەیام(١٠٤٨ – ١١٣١))ە، کە بە چوارینەکانی ئەدەبیاتی فارسیی ئەو ماوەیە و تەواوی ئەدەبیاتی فارسی ڕەنگین کردووە و لە چەندان چوارینەیدا بابەتی تەنز ڕەنگیداوەتەوە، بۆنموونە لە چوارینەیەکدا دەڵێت:

گاویست در آسمان و نامش پروین

یک گاو دگر نهفتــه در زیر زمــین

چشم خردت باز کـن از روی یقین

زیر و زبر دو گـاو مشتی خـر بین (خیام:١٣٩١هـ‌ش: ٨٤)

واتا:

گایەک لە ئاسمان ناوی پەروینە

گایەک کۆڵـەکەی ژێری زەمینـە

بەچاوی خیرەد ســـەرنجێ بدە

مابەینی دوو گا کــەرگەل ببینـە ( سەلام: ١٣٨٧ هـش: ٤٥)

خەیام لێرەدا وێنەیەکی تەنز ئامێزی زۆربەی مرۆڤایەتیمان پیشاندەدات بەتایبەتی ئەوانەی، کە خۆیان وابەستەی دنیا کردووە و پێیان وایە، کە قەت نامرن و بە کۆمەڵە کەر و گوێدرێژ و نەزانێک ناویان دێنیت، هەروەک ئاماژەیەکیشی تێدایە، کە مەبەستی ئەوکەسە نەزانانەبێت کە بڕوایان بەو ئەفسانەیە هەبێت کە دەڵێت: دنیا لەسەر قۆچی گایەک وەستاوە.

چەندان شاعیری تری گەورەی فارس هاتن، لە بەرهەمەکانیاندا گرنگییەکی زۆریان بە بابەتی تەنز دا و لە شیعر و بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیان پێدایەوە، لەوانە(ئەنوەریی، سەنائی غەزنەویی، خاقانی شروانی، عوبەیدی زاکانی، نظامی گەنجەویی، مەولانای ڕۆمی، سەعدی و حافظی شیرازی و چەندانی تر...). ئەمانە بوون بە کوڕی ڕۆژگاریی خۆیان و هەر نادادییەکی سیاسی و خوارو خێچییەکی کۆمەڵایەتیی و ڕیابازییەکی دینییان بینیبایە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە کاریگەرترین چەکی ئەو سەردەمە، کە ئەدەب بوو دەکەوتنە دژایەتیکردنی کەسی بەرانبەر کە هۆکاری ئەو نادادیی و خوار و خێچی و ڕییابازییەبوو.

(انوری(١١٢٦ – ١١٨٩)) لە پارچەیەک شیعردا کە تێیدا بەشێوەیەکی تەنز ئامێز گلەیی لە بەدبەختی خۆی دەکات، دەڵێت:

هر بلایی کز آسمان آید

گرچه بر دیگری قضا باشد

بر زمین نارسیده می‌گوید

خانەی انوری کجا باشد (انوری : ١٣٦٤هـ.ش: ٣٧٦).

واتا هەر بەڵایەک کە لە ئاسمانەوە بێت، ئەگەر بۆ کەسێکی تریش هاتبێت، پێش ئەوەی بگاتە سەر زەوی، دەپرسێت کە ماڵی (ئەنوەری) لەکوێیە؟

هەروەها (عوبەیدی زاکانی(١٣٠١ – ١٣٧١)) کە بە حیکایەت و نوکتە تەنز ئامێزەکانی بەناوبانگە، لەپشت هەر نوکتە و حیکایەتێکیشی حیکمەت و فەلسەفەیەک هەیە و دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە بە ئێمەی بگەیەنێت، بۆنموونە لە یەکێک لە نوکتە تەنز ئامێزەکانیدا دەڵێت:

کابرایەک کراسێکی دزیبوو، بردی بۆ بازاڕ بۆئەوەی بیفرۆشێت، لە بازاڕ لێیان دزی، لێیان پرسی: بە چەندت فرۆشت؟ ئەویش گوتی: بە مایەی خۆی. (زاکانی: ١٣٥٢هـ.ش: ٢٧٢). پەیامی نوکتەکە زۆر ڕوونە، دەیەوێت پێمان بڵێت، کەماڵی با بە با دەڕوات، چەند لە دزیی سەرف بکەیت، هەر ئەوەندەشت لێ دەستدەکەوێت.

پێویستە بڵێین، کە (لوتکەی تەنز لەئەدەبیاتی فارسیدا بریتییە لە سەردەمی شۆڕشی مەشروتە کە تەنز لەڕووی ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە بەبەراورد بە پێش خۆی لە بنەڕەتەوە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئاگاداربوون لە بارودۆخی ژیانی خەڵک لە تایبەتمەندییەکانی تەنزی ئەم ماوەیە بوون، زۆر لە نووسەر و شاعیرانی ئەو ماوەیە بەباشیان زانی، کە بابەت و پەیامە ئەدەبییەکانی خۆیان لە قاڵبی تەنزدا دەرببڕن، بۆیە بابەتی شیعری ئەو ماوەیە بەشێوەیەک بوو بە سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە پێشینەی نەبوو، شێوازی تەنزی ئەو ماوەیە لە دوو لایەنەوە گرنگ و جێی سەرنجە، ئەوانیش، یەکەم: ئەوەیە کە تەنزی ئەم ماوەیە هەم بابەت و هەم ناوەڕۆکی نوێیە، چونکە ڕەخنەگرانە و کۆمەڵایەتییە و شێوازی خستنەڕووشی تازەیی تێدایە، دووەمیان ئەوەیە، کە ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسی بەبەراورد بە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەوروپیی، لەڕوانگەی تەنزەوە لاوازە، بەڵام لە دەورانی مەشروتە بە هەوڵی شاعیران و نووسەرانی وەکو بڵاوکراوەی (نسیم شمال): (ئیرەج میرزا، علی ئەکبەر دێهخودا و ، دواتر جەمالزادە و صادقی هیدایەت، تاڕادەیەک ئەم لاوازییەیان قەرەبووکردەوە، بۆیەش لە دوای مەشروتەوە تەنز وەکو یەکێک لە کەناڵە کاریگەرەکانی ڕاگەیاندن بەکارهێنرا و وەکو ژانرێکی ئەدەبی ناسێنرا).( طاهری: ١٣٩٠هـ.ش: ٤٧).

## ٣) مێژووی تەنز لە ئەدەبی کوردیدا:

ئەگەر لە ئەدەبی کوردیدا باسی تەنز بکەین ، دەبێت لە ئەدەبێکەوە دەستپێبکەین، کە ئەوەندە کۆنە، مێژووەکەی نازانین و ئەوەندەش بەهێز و کاریگەرە، کە بەسەر زارانەوە ماوەتەوە و بەم شێویە خۆی لە فەوتان و ونبوون پاراستووە، ئەوەش ئەدەبی فۆلکلۆر و میللییە، ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی هەروەکو دیارە ئەدەبی خەڵکی ئاساییە و لە ژیانی ئاسایی خەڵکیشەوە سەرچاوەی گرتووە و هەموو لایەنەکانی ژیانیشی گرتۆتەوە.

ئەو زاراوەیەی لەچوارچێوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا لە تەنز نزیکە و دەلالەتی لێ دەکات هەروەکو پێشتریش باسمان کردووە(گاڵتەوگەپ)ە. ئەمەش بە پێی بیروبۆچوونی هەندێک لە لێکۆڵەرانی ئەدەبی کوردیی لەبابەت ناساندنی گاڵتەوگەپ و لێکۆڵینەوە لێی.

(د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) لەبابەت گاڵتەوگەپەوە دەڵێت: (گاڵتەو گەپ سەرەتایەکە بۆ ئەدەبی گاڵتە ئامێز، کە مەبەست لێی ساتیر و تەنزە) (ڕەسوڵ: ١٩٧٠: ١٢٠)، (د.هیمداد حسێن)یش بەم شێویە پێناسەی گاڵتەوگەپ دەکات و دەڵێت: (گاڵتەوگەپ بریتییە لەو بەشە گرنگەی فۆلکلۆر کە تەنیا مەبەست لێی پێکەنین و کات بەسەربردن نییە، بەڵکو بەزۆری لەپشت پەردەی پێکەنینەکەوە لایەنێکی ناهەموار بەهۆی گاڵتەوە دەخاتەڕوو، کە خۆی لەخۆیدا ڕەخنەیەکە بەرانبەر ئەو کارە(حسێن: ٢٠٠٧: ٢٠٣). ئەمەش بێگومان تایبەتمەندییەکانی تەنزن.

دەربارەی قاڵبی گاڵتەوگەپ و ژانرەکەی بیروڕای جیاواز هەیە، بۆنموونە (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) دەڵێت : (چیرۆکێکی کورتە، بەڵام بەجۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە و گیانی پێکەنینی بەبەردا کراوە)( ڕەسوڵ: ١٩٧٠: ١١٩)، بەڵام (د.هیمداد حسێن) ڕایەکی جیاوازی هەیە و پێی وایە، کە مەرج نییە گاڵتەوگەپ هەر چیرۆک بێت، بەڵکو دەکرێت لە هۆنراوەی فۆلکلۆریی و مەتەڵی کوردیشدا هەبێت و بۆ بەڵگەی قسەکانیشی چەندان نموونە دەهێنێتەوە. (حسێن: ٢٠٠٧: ٢٠٢).

لەبابەت سەرهەڵدانی گاڵتەوگەپیشەوە (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) و (کامەران موکریی)، هەردووکیان بەسەرهات و چیرۆکەکانی مەلای مەشهور(مەلای مەزبوورە) وەکو سەرەتا و کۆنترین بابەتی تەنز و گالتەو گەپ لەناو میللەتانی ڕۆژهەلات بەگشتی و کورد بەتایبەتی، دەهێننەوە و مەلای مەزبوورەش وەکو قارەمانی تەنز و گاڵتەوگەپ باسدەکەن و بۆئەم مەبەستەش چەندان نموونە دەهێننەوە، بۆنموونە: دەگێڕنەوە کە جارێک دراوسێیەکی مەلای مەزبوورە چوو بۆ لای مەلا، تا کەرێکی بداتێ باراشی پێ ببات بۆ ئاش، مەلا وتی: باوەڕ بکە لەدوێنێوە کەرەکەم ناردووە بۆ شار، کابرا خەریکبوو بە نائومیدی بگەڕێتەوە، کەچی کەرەکە لە تەویلە دا زەڕاندی، کابرا بە مەلای وت: ئەدی ئەوەنییە کەرەکەت لە تەویلەدایە؟ مەلاش وتی: بەخوا زۆر سەیری بەزەڕەی کەر باوەڕ ئەکەی، بەڕیشی سپی من باوەڕ ناکەیت (ڕەسوڵ: ١٩٧٠: ١٢٣).

لەبابەت مێژووی تەنزەوە لە ئەدەبی نووسراوی کوردیدا تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەک و توێژینەوەیەکی ورد و تەواومان، نییە تاکو پێمان بڵێت، کە لە کوێیوە دەستی پێکردووە و چۆن ڕێچکەی بەستووە و بەرەو کوێ ڕۆیشتووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەدەبیاتمان لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدابووە، بۆیە ئاساییە، کە مێژووی ئەدەبیاتی تەنزیشی لە مێژووی ئەدەبیاتی ئەوان بچێت، کە وەکو هی ئەوان تێکەڵەیەکە لە تەنز و هەجو و هەزەل.

ئەو تەنزەی لەئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا هەیە، بەشی زۆری تەنزە لە بابەت ئایین و مەزهەبەوە، ئەو تەنزەی کە دەربارەی دین و مەزهەب دەنووسرێت لە سێ جۆر ڕەخنەوە سەرچاوە دەگرێت، جۆری یەکەمیان بریتییە لە ڕەخنەی کەسێکی بێ باوەڕ و دژە ئاین بۆ خودی مەزهەب و دین، جۆری دووەمیان بریتییە لە ڕەخنەی کەسێک، کە دەمارگیریی بۆ لایەن و تەریقەتێکی ناو ئاین هەیە بەرانبەر بە مەزهەب و تەریقەتەکانی تری دین، جۆری سێیەمیان بریتییە لە ڕەخنەی کەسێکی ناو دین، کە ڕەخنە و بەرهەڵستی دەکات لەشێواز و جۆری دینداریی ڕییابازیی، بەناو دینداران و ئەمانە

دەکاتە بابەتی ڕەخنە و تەنزەکانی. (جوادی: ١٤٠٠هـ‌ش: ١١٧). جۆری سییەمیان لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا زیاترە، بۆنموونە لە شیعرێکی (مەلاپەرێشان)دا سۆفی دینفرۆش و ڕیاباز بەشیوەیەکی تەنز و گاڵتەجاڕیی وێنە دەکێشێت و رەخنەی توندیان ئاڕاستە دەکات، هەروەکو دەڵێت:

وەمەزهـــەب حەقیر دوو هۆزن کافر

یەکـــی سۆفییە، یەکـــی موتـــەکەبیر

لێکن وەمەعنا سووف پەشـــم پوشـــا

کیلاب و سیبـــاع دەواب و حـــووشا

تاریکوسەلات مالی مـــەردوم خـــوەر

بە مەعنای سۆفیە،وێنە سەگ و خەر (مەلا پەرێشان:٢٠١٩: ٢٤١)

واتا: ئەوەی بە مەزهەبی حەقیر دەژمێردرێت دوو هۆزی کافرن

یەکێکیان سۆفییە، ئەوی دیکەیان لوتبەرزە

بەڵام لە ناوەڕۆکدا پۆشینی سووف و خورییان درۆیە

ئەمانە سەگ و گورگ و وڵاغ و دڕندەن

نوێژ ناکەن، ماڵی خەڵک دەخۆن

ئەم جۆرە سۆفیانە سەگ و کەرن(خەزنەدار:٢٠٠٣: ١٨)

هەروەکو دیارە شیعرەکە ڕەخنەگرتنی توندە لە سۆفی دینفرۆش و ڕیاباز، وێنەیەکی کاریکاتێرئامێز و تەنزیان دەکێشێت بەوەی کە ئەو ڕیش و پرچەی کە وەکو سونەت هێشتوویانەتەوە بە سووف و خوری دەچوێنێت.

تەنز و هەجو وەکو تەواوی بابەتەکانی تری ئەدەبیات لە شیعری (نالیی)شدا ڕەنگیانداوەتەوە و لەم بابەتەشدا وەستایی و دەستڕەنگینی خۆی نواندووە، ئەوەی لە شیعری نالییدا لە بابەتی تەنز ڕەنگیداوەتەوە، بەزۆریی بریتییە لە گاڵتەکردن بە سۆفی و دەرویش و ئەوانەی لەپەنای دینەوە دنیا دەخۆن و جگە لە ڕیا و فێڵبازیی هیچ ئیشێکی تریان لەناو دیندا نییە، بۆیە بەشێوەیەکی تەنزئامێز هێرشیان دەکاتە سەر و وێنەیەکی کاریکاتێرییان دەکێشێت و ڕووی ڕاستەقینەیان بە خەڵک پیشان دەدات، هەروەکو لە شیعرێکدا دەڵێت:

صۆفی کە گرانبارە، بێ مـەغز و سـەبوک بـارە

صووف پۆشی غەمی بارە، ئەو باری لەکن پەشمە (نالی: ١٣٨٠: ٤٧٤)

واتا سۆفی کە ڕیش و مێزەر و تەسبیحێکی گەورەی هەڵگرتووە باری خۆی پێ قورسکردووە، لەڕاستیدا کابرایەکی بێ مێشک و بێکارە، ئەو خوری پۆشەی کە باری خەمی بەسەرشانەوەبێت و بیربکاتەوە، گوێ بە خوری نادات و ئەو شتانە بەلایەوە هیچن(هەمان سەرچاوە) هەروەکو دیارە شاعیر وێنەیەکی تەنز و کاریکاتێریی سۆفی ڕیاباز و فێڵبازی بۆ کێشاوین پێیوایە، کە ئەو هەموو ڕیشە زۆر و میزەرە، کە بە سووف و خوریی چواندوون و تەسبێحە گەورە، کە لەلای خۆی سوونەتە، بەلام لای نالیی لەبەر ئەوەیە سۆفی بۆخۆی ڕیابازە و بۆڕیاییش ئەوشتانەی کردووە، سەرچاوەکەی لەبێمێشکیەکەیەوە هاتووە و وەکو گوێدرێژ وێنای دەکات، کە تەنیا باری خۆی قورس کردووە.

هەروەک لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

صۆفی چییە ئیشی تۆ؟ هەر کایە حەشیشی تـۆ

عاشق وەکو ڕیشی تۆ، هەوساری لەکن پەشمە(هەمان سەرچاوە: ٢٧٦)

واتا: سۆفی تۆ خەریکی چیت؟ تۆ کابرایەکی مایەپووچیت، یان کردارت وەکو پووش وایە و لە کا بەولاوەشی لێ پەیدانابێت، بەڵام عاشق و دڵدار خۆی بەم شتە هیچ و پوچانەوە خەریک ناکات، ئەو هەوساری ولاخ و ڕیشی تۆی پێ وەکو یەک وایە، کە کردووتە بە هۆی بەستنەوەی ئازادیی و سەربەستیت. (نالیی: ١٣٨٠: ٤٧٤). هەروەکو دیارە لێرەش بەهەمان شێوەی شیعری پێشوو، وێنەیەکی تەنزئامێزی سۆفییمان بۆ دەکیشێت و بە ولاخ و گوێدرێژی دەچوێنێت و ڕیشەکەشی وەکو هەوساری ولاخ سەیردەکات کە تەنیا ڕیابازییە.

هەروەها لە شیعرێکی تردا کە بەهەمان مەبەستی تەنزئامێز و پێکەنینەوە وێنەی وشکە سۆفی و شێخی تەریقەت دەکیشێت و دەڵێت:

بنوارە وشکە سۆفی یو ڕەقسی بە هەلهەلـــە

دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پی مەلە

:

شێخم، چ گەرمە حەلقەیی زیکرت بە ڕەشبەڵەک

حاڵی ئەمانە خۆ بە جەنـــابت موحـــەووەلـە (نالی: ١٣٨٠: ٤٦٦ - ٤٦٧)

بەیتی یەکەم واتا: سەیری وشکە سۆفی بکە، چۆن لەڕێی خۆی لایداوە و بە قریوەکێشانەوە کەوتۆتە سەماکردن و لە دەریای وشک و بێ ئاوی ئاسماندا (کە هەوای نەفس و ئارەزووبازییە)کەوتۆتە پێ مەلەکردن، بەیتەکە هەمووی کینایەیە لە کاری ناوەخت، کە مەرجە پێویستییەکانی دیارنەبن و کردار و گوفتار یەکنەگرێتەوە(هەمان سەرچاوە)

نالیی لە بەیتی دووەمدا گاڵتە بە شێخی ڕیاباز و فێڵباز دەکات و دەڵێت: یاشێخ حەڵقەیی زیکرت بەهۆی کۆبوونەوەی ژن و پیاوەوە بەناو بۆ خواپەرستی و لەڕاستیدا بۆ ڕابواردن، زۆر گەرمە،

دیارە وەزعی ئەم ژن و پیاوە ڕەشبەڵەککارانەش بەدەست خۆتە و خۆت ئەزانی چییان لی ئەکەی، هەرکەس بەپێی لێهاتنی و ئەوەی بۆی دەشێت، یاخود خۆت بەرپرسی لای خوا بەوەی کە گومڕات کردن و لەخشتەت بردن.

جگە لەم شیعرە نموونەی شیعری تری وەکو (بۆ میرزا سەفای شیرازای و بۆ مەستورەی ئەردەڵانی)هەن، کە زیاتر بابەتی هەجون.

سالمی ساحێبقرانیش یەکێکی دیکەبووە لەو شاعیرانەی، کە گرنگییەکی زۆری بە بابەتی تەنز و گاڵتەجاڕیی داوە و لەدیوانەکەیدا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، بۆنموونە لە شوێنێک کەسی گەمژە و بێ عەقڵ بەم شێوەیە باسدەکات و دەڵێت:

وەکو یەک دێتە بەر گوێی پیاوی ئەحمەق

نەفیـری بولبـــول و ئـــاوازی لـــــەقلـەق (سالم: ٢٠١٥: ٤٠٨)

هەروەکو دیارە بەشیوەیەکی تەنزئامێز باسی پیاوی گێل و بێ عەقڵ دەکات، بەوەی کە چونکە هیچ عەشق و خۆشەویستی نازانێت، بۆیە دەنگی خۆشی بولبول و دەنگی ناخۆشی لەقلەقی وەکو یەک بەرگوێ دەکەوێت و جیاوازییان ناکات.

هەروەها لەشوێنێکی تر لە دیوانەکەیدا بەشێوازێکی تەنز و گاڵتەجاڕانە باسی بانگهێشتکردنی لەلایەن (مەلابەکر)ناوێکەوە بۆ نان خواردن دەکات، لەکاتی نانخواردندا دەکەوێتە تەنیشت پیاوێکی زۆرخۆر و زۆر بەجوانی و بەشیوازی تەنزئامێز باسی زۆرخۆریی و نالەبار نانخواردنەکەی دەکات و دەڵێت:

چوومــە ســەر ضیـــافەتی مــەللا بەکـــری عالی جەناب

چ بڵێــم خەڵکینــە! بۆم نایەتــە بەر مـــەددی حیســـاب

خولاصه جێ به جێ بوون: ڕیزێ له خوار، ڕیزێ لـه ژوور

هێنـــایـــان هـــــــەر به دوو کـــەس سینییێ یاپراخ و کەباب

ئەوی مەقبـوول بێ لای خەڵکی، ئیسته قسەی موختەصەره

بوو بــه هامسینی مــن، کـــــەره خۆرەکەی خانه خــــەراب

:

هەمـــوو جـــار چوارده یاپراخ و دوو جووت نانی قەوی

بای دەدا، لـوولـی دەدا، قووتـــی دەدا، میثلـــــــی دەواب

چنگی گورگی کـــه بەیەک حەملـــه لـــه گۆشت ڕامالْـــی

هاته یـــــادم- ساعەتەن- زەحمەتی مەڕ، جەوری قەصاب

دەروونــــی هاتــه جۆش و مــەطڵەبــی دۆی ترشی کـرد

کاســـەدۆی نایــه ســەر و دوو قومـــــــی لیدا به شیتــاب (سالم: ٢٠١٥: ١٥٢)

(شێخ ڕەزای تاڵەبانیی)ش یەکێکه له شاعیره گەورەکانی کورد و گەورەترین شاعیری کورده له مەیدانی هەجوو و تەنز له ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا، بەجۆرێک که بابەتی هەجو و تەنز بووه به مۆرکی شیعرەکانی و شێخ رەزای پێ دەناسرێتەوه و شیعری ئەوی پێ له باقی شاعیرانی کلاسیک جیادەکرێتەوه.

بۆنموونه (شێخ ڕەزا) داوای له (میرانی خدربەگی خۆشناوی شەقڵاوه) کردووه، که ئێسترێکی بەدیاریی بۆ بنێرێت(خەزنەدار: ٢٠٠٤: ٢٩٧)، بەڵام دیاره شێخ ڕەزا دیارییەکەی بەدڵ نەبووه، بۆیه بەم شێوه تەنزەوه باسی ئێسترەکه دەکات و وینەیەکی کاریکاتێریی زۆر جوانمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

میر به سەد مننەت هەناردی ئێسترێکـــی ڕووت و قـــووت

دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەر وەک عەنکەبـووت

:

گەرچـی ناتوانـــێ ببزوێ هێنـد لەڕ و کـــەم قـووەته

دەنکه جۆییکی نیشـــان دەی تـــا قیامـــەت دێ لـــه دووت

:

سەی فەتاحـــی مەیتـــەرم ڕۆژێ به حوججـــەت لێی نەوی

کلکـــی دەرهێنـــا له بن ئەمجـا به ئاستەم گوێـــی بـزووت

:

لایقـی شانـــی من و شایانـــی شەئنـــی تـــۆ نەبـــــوو

چاوەکەم چیت پێ بڵێم چارم نییـــــه غەیـــری سکـــووت(شێخ ڕەزا:٢٠١٠: ٣١٠)

هەروەکو دیاره، چونکه شێخ ڕەزا دیاریەکەی میری بەدڵ نەبووه، وێنەیەکی تەنز ئامێزی زۆر جوانی کێشاوه، بەجۆرێک که هەرچی سیفەتی خراپی لەئێستردا هەیه، ئەو هاتووه لەودا کۆیکردۆتەوه له پیریی و بێتاقەتیی و نەخۆشیی و لەڕ و لاوازیی، بەجۆرێک خوێنەری کورد مەمنونی میره بۆدیارییەکه که بۆته سەرچاوەی ئیلهامی نووسینی ئەو شاکاره تەنزەی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیی.

هەروەها لای (مەولەوی)ش بابەتی تەنز و گاڵتەجاڕیی بەرچاودەکەوێت و شاعیر کەم و زۆر گرنگی بەم لایەنە داوە، هەروەکو لە شیعرێکدا دەڵێت:

خەیلێـوەن خـەریـــک (زا)کـەی (زەحمــەت)م

بــەشکــو وە (ڕا) بۆ ، بــەرشـــــۆ عــوسرەتم

فـــەلـــەک جە بــەختم ، مـــەگــەس مـکیانۆ

وە (ڕا) کـــەی (ڕەحمـــەت) هەمـــدیس مڕیانــۆ[7](مەولەوی: ١٣٩١هـ.ش: ٢٣٤)

واتا: لەمێژە خەریکی کڕاندنی نوقتەی پیتی (ز) ی وشەی زەحمەتم ، بەڵکو (ز) ێکە ببێ بە (ڕ) و زەحمەتم ببێتە ڕەحمەت و تەنگانەو ناخۆشیم نەمێنێ، بەڵام لە بەد بەختی من ، هەموو جارێک زەمانە مێشێک دەنێرێ و پیسایی بە پیتی (ڕ) ی وشەی  ڕەحمەت دادەکات و سەرلەنوێ دەیکاتەوە (ز) و ڕەحمەتم دەبێتەوە زەحمەت.(هەمان سەرچاوە).

هەروەکو دیارە شاعیر سەرەڕای ئەوەی گلەیی لە حاڵی ناخۆش و پڕ لە ئازاری خۆی دەکات، لەهەوڵی ئەوەش دایە، کە بیگۆڕێت بە ڕەحمەت و خۆشیی، بەڵام فەلەک و زەمانە یارمەتیدەرنین و وادەکەن، کە لە ناخۆشیی و زەحمەتدا بمێنیتەوە، ئەمەشی بەشێوازێکی زۆر جوان و وشەئارایی دەربڕیوە و لایەنە تەنز و خەندەئامیزەکەش لە جوانیی وشەئاراییەکەدایە، کە کڕاندنی نوقتەی (ز)ی وشەی (زەحمەت)ە و گۆڕینییەتی بۆ (ر)ی وشەی (رەحمەت)بەڵام لەبەختی خراپی ئەو، فەلەک و زەمانە مێش و مەگەز دەنێرێت و دیسان ڕیقنە لەسەر (ر)ی (رەحمەت)دەکەن و دەیکەنەوە بە (ز)ی (زەحمەت) و لە تەنگانە و زەحمەتدا دەیهێڵنەوە.

هەروەها بەسەرهاتێکی تەنزئامێزیش لە (مەولەوی) دەگێڕنەوە، کە دوای مردنی (عەنبەر خاتوون) داوای ئافرەتێک دەکات، کە ناوی (ئایشێ)دەبێت، (ئایشێ)ش پێش ئەوکاتە دوو شووی تری کردووە، دەچن بۆ لای و پێی دەڵێن: هاتووین داخوازیت بکەین بۆ (مەولەویی)، ئەویش دەڵێت: وەڵا من شوو بەو گاپیرە ناکەم، ئینجا دێنەوە بۆلای (مەولەوی)و بۆی دەگێڕنەوە و دەڵێن: (ئایشێ)وای گوتووە، ئەویش لەوەڵام دا و بەشیعرێکی تەنز ئامێز دەڵێت:

بڵێن بــــە ئایشــێ، دڵــی نـــەئیشـــێ

وەردی دوو گاسن گای پیر دەیکێشێ (یوسف: چاوپێکەوتن: لینک)

(مەحوی)یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی، کە بابەتی تەنز و هەجو لە شیعرەکانیدا دەبینرێت، ئەگەرچی مەحویی وەکو شاعیرێکی عارف و ئەهلی تەسەوف ناسراوە، بەڵام دیوانەکەی بی بەهرە نییە لە بابەتی تەنز، بەتایبەتیش تەنزی دینیی زاهید و واعیز و سۆفی دینفرۆش و دەغەڵکار، ئەمەش بێگومان لە ئەزموون و تەجروبەی مەلایەتی باشی مەحوییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە بۆخۆی مەلا بووە و سەروکاریی لەگەڵ مەلاکاندا هەبووە و مەلایەکی زانا و شارەزای دین بووە، بۆیە زۆر بەئاسانی مەلا و سۆفی و شێخی باشی لە هی خراپ جیاکردۆتەوە و ئەوەشی لە شیعرەکانیدا ڕەنگ پێداوەتەوە و وینەیەکی تەنز و کاریکاتێری مەلا و پیاوی ئایینی دینفرۆشی دڵ نەخۆشی لە شیعرەکانیدا کیشاوە، هەروەکو لە شوێنێکدا دەڵێت:

واعیظم پرسی، یەکی شۆخانـــە جوابـــــی دامـــــەوە

وەعظی چی؟ سەر لنگە دەستاڕێ کرەی دەستاڕی هات

شێخ و توڕڕەی مێزەر و نەقڵ و نوقووڵی هیچ و پـوچ

من بە توڕڕەی یار ئەسیرم، ئەو بە کۆڵــێ توڕڕەهـــات (مەحوی: ١٣٨١هـ.ش: ٩٢)

واتا هەواڵی واعیزی ئامۆژگاری کەرم لەکەسێک پرسی، وەڵامێکی خۆشی بە توێکڵی دامەوە، وتی: کەی ئەوە بە واعیز دادەنرێ؟ هەرچەندە بەدیمەن مەلایە و مێزەری بەسەرەوەیە و ئامۆژگاریی خەڵک دەکات، بەڵام مێزەری زلی وەک لنگە دەستاڕ وایە و دەم جووڵاندن و ئامۆژگارییکردنی وەک کرەی دەستاڕ لەبەرگوێ قورس و ناخۆشە. (مەحوی: ١٣٨١هـ.ش: ٩٢)

هەروەکو دیارە شاعیر وێنەی مەلا و پیاوی ئایینی فێڵباز و ڕیاباز بەشیویەکی تەنز و گاڵتەجاڕ و کاریکاتێر دەکیشێت و مێزەری سەری بە لنگە دەستاڕ چواندووە و قسەکردنەکەشی بە کرە و دەنگ ناخۆشی دەستاڕ.

حاجی قادریش یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی، کە دیوانەکەی لە بابەتی تەنز و هەجو بێبەش نییە، لەچەندان شوێن ئەم بابەتە بەدیاردەکەوێت، هەروەکو لەم شیعرەدا  کە هەجوی (شێخ نەبی ماویلی و شێخ غەفور)ی مامی شێخ ڕەزا دەکات و یەکەمیان بە کەر و گوێدرێژ دەچوێنێ و دووەمیان بە گای کوێر و دەڵێت:

لە عەهـــدی کەر نەبی تا دەوری گا کـــوێر

لەگوێی گا نووستوو ون زۆر حەیفە بۆ شێر

لـــە کـــن خـــۆتـــان فـــلان ئیبنـــی فلانـن

لـە دنیـــا د ا ئـــایـــن و ئـــۆیـــن دەزانـــــن (حاجی قادری کۆیی: 1390 هـ ش: ٢٦٣-٢٥٤)

لەدوای حاجی قادرەوە سەردەمێکی نوێ دێتە کایەوە و کرانەوەیەکی گەورە لە ڕۆژهەڵات و کوردستانیش ڕوودەدات، ئەویش هاتنی تەوژمە ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیرییە تازەکانی ئەوروپا بوون، هەروەها هاتنی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان، لێرەوە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی دەستپێدەکات و شاعیران و نووسەرانی کورد پێشوازییەکی گەرم لەم کەناڵە تازەیەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان دەکەن و هەوڵدەدەن شیعر و نووسینەکانی خۆیانیان تێدا بڵاوبکەنەوە، بابەتی تەنزیش وەکو بەشێک لەم بەرهەمانە لە ڕۆژنامەکوردییەکاندا بڵاودەکرێنەوە.

**بەشی دووەم: مێژووی ڕۆژنامەنووسیی و ڕەنگدانەوەی ئەدەب و بارودۆخی باشووری کوردستان:**

**تەوەری یەکەم:  مێژووی ڕۆژنامەنووسیی(بیانی و کوردی):**

**یەکەم) مێژووی ڕۆژنامەنووسیی بیانی:**

**دووەم) مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی:**

**تەوەری دووەم: ئەدەب و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژنامەنووسیی باشووری کوردستاندا(١٩٢٠ – ١٩٥٠).**

**یەکەم) شیعر:**

**دووەم) پەخشان:**

**١) چیرۆک:**

**٢) ڕۆمان:**

**٣) وتاری ڕەخنەی ئەدەبی:**

**تەوەری سێیەم: بارودۆخی باشووری کوردستان(١٩٢٠ – ١٩٥٠) :**

**١- لەڕووی سیاسییەوە:**

**٢- لەڕووی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە:**

**٣- لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە:**

## بەشی دووەم: مێژووی ڕۆژنامەنووسیی و ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە ڕۆژنامەنووسیی و بارودۆخی باشووری کوردستان:

### تەوەری یەکەم: مێژووی ڕۆژنامەنووسیی(بیانی و کوردی):

ڕۆژنامەنووسیی لقێکی گرنگی زانستی ڕاگەیاندن و میدیایە و سەکۆیەکی گرنگ و بایەخدارە بۆ پیشاندانی هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە لە واقیعی کۆمەڵدا لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ڕوودەدەن، لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندیی سیاسەت و سیاسییەکاندا نییە کە هەموو شتێک پیشان بدرێت و ئاشکرابکرێت، بۆیە ترسی خستۆتە دڵی دەسەڵاتدار و ئیمپراتۆرەکان، ئەوەتا (ناپلیۆن) لەبارەی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسییەوە دەڵێت: (سێ ڕۆژنامە لە سەد هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن) ، زۆر کەس ڕۆژنامە و گۆڤار بە (السلطة الرابعة، واتا دەسەڵاتی چوارەم، ناودەبەن، چونکە لەڕاستیدا لەگەڵ وەرچەرخانی هەموو ڕژێمێک، ئەم دەسەڵاتی چوارەمە سەرلەبەری وەکو سێ دەسەڵاتەکەی تری (تەشریعی و تنفیذی و قضائی)دەگۆڕدرێت. (مەزهەر: ١٩٧٨: ١٨)، بۆیە زانینی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی زۆر گرنگە و بەم شێوەیەی خوارە دەیخەینەڕوو.

### یەکەم) مێژووی ڕۆژنامەنووسیی بیانی:

ئەگەرچی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی پەیوەستە بە مێژووی چاپەمەنییەوە، چاپەمەنیش لە جیهاندا مێژووەکەی بۆساڵی (١٤٣٦) دەگەڕێتەوە کە لەلایەن (گۆتنبێرگ)ی ئەڵمانییەوە داهێنرا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەزگای چاپ بە وڵاتانی ئەورووپیدا، ئیتر لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە ئەورووپا دەستی بە دەرچوون کرد، لە ساڵی (١٦١٥)دا (فرانکفۆرتەر جۆرناڵ) لە ئەڵمانیا و لە (١٦٣١)دا بە هاندانی کاردیناڵ ڕیشیلیۆ بۆ خزمەتکردنیی دەرباری لویسی چواردەهەم ڕۆژنامەی (لا گازێت) و دوای ئەوە لە (١٧٧٧)دا (ژۆرنال دو پاری)، لە (١٦٠٥)دا ڕۆژنامەی

(نیوتیدیگن) له بەلجیکا، لە(١٦٢٠) دا لە هۆڵەندا، لە ساڵی(١٦٤١)دا ڕۆژنامەی (ڕیڤیو) لە بەریتانیا، لە (١٧٨٥)دا تایمس دەرچوو کە تائێستاش بەردەوامە، لە ساڵی (١٧٠٣)دا ڕۆژنامە لە ڕووسیا پەیدابوو، لە ئەمریکاش لە ساڵی (١٦٩٠)دا ڕاکردوویەکی ئینگلیز لە بۆستن ڕۆژنامەیەکی بڵاوکردەوە، لەساڵی(١٧٠٤)دا (بۆستن نیوز لێتەر) ڕۆژانە کەوتە دەرچوون. بەدوای ئەم سەرەتایەدا هەزاران ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە سەرانسەری ئەوروپا و ئەمریکا، بە زمانی جیاواز دەرچوون و خوێندنەوەی ڕۆژنامە بوو بە نەریتێکی ئاسایی)( ئەمین : ٢٠١٣:١٥).

ڕۆژهەڵاتیش ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسییان هەر لە ڕۆژئاواوە پێگەیشتبوو، سەرەتایەکەی بەم شێوەیەبوو کە یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی لەسەردەمی لەشکرکێشییەکەی ناپلیۆن دا(١٧٩٨ – ١٨٠١)، لە قاهیرە، بەناوی (التنبیه)دەرچووە، لەبەرئەوە میسرییەکان زووتر لەچاو گەلانی دراوسێیان ئاشنایەتییان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسییدا پەیداکردووە، (محمد علی پاشا) چاپخانە کۆنەکەی ناپلیۆنی تازەکردەوە و یەکەمین ڕۆژنامەی ڕەسمیی بە زمانی عەرەبی لە ساڵی (١٨٢٨) بەناوی (الوقائع المصریة) دەرکرد، پاشان (بابی عالی)ش پاش سێ ساڵ دوای ئەوە، واتا لەساڵی (١٨٣١)دا، یەکەمین ڕۆژنامەی ڕەسمیی بە زمانی تورکی لە ژێر ناوی (تقویم الوقائع)دا دەرکرد. (ئەمین:٢٠١٣:٣٤٨).

لە ئێرانیش ساڵی (١٨٥٠) لە دەرباری قاجار یەکەمین ڕۆژنامەی ڕەسمیی بەزمای فارسیی لەژێر ناوی(وقائع اتفاقیه)دەرچوو، هەرچەندە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی بەزمانی فارسی کۆنترە، چونکە ڕۆژنامەوانی بە زمانی فارسی پێش ئەوەی لە ئێران پەیدابێت، لە هندستان دەستی پێکردووە، ( هەمان سەرچاوە ).

## دووەم) مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی:

سەرەتاکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و مێژووەکەی بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە و بەدیاریکراویی بۆ ٢٢ی نیسانی ساڵی ( ١٨٩٨) دەگەڕێتەوە، کە تێیدا ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە لەلایەن (میقداد مەدحەد بەگ) نەوەی بەدرخان پاشاوە دەرکراوە، پاشان لەلایەن عەبدولڕەحمان بەگی برایەوە دەرچووە(د.کەمال فوئاد: ١٩٧٢: ٨)، لێرەوە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەست پێدەکات و وەرچەرخانێکی گەورە لە دنیای ڕۆشنبیریی کورددا ڕوودەدات و کوردیش وەکو هەموو میللەتانی دنیا پێ دەنێتە دنیایەکی فراوان، کە ئەویش دنیای ڕۆژنامەنووسییە.

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی (١٩٠٨)ی تورکیا بەهارێکی کورت لەژیانی کورد دا دەستی پێکرد. بۆیەکەم جار کورد چەند کۆمەڵ و دەزگایەکی ڕوناکبیریی و سیاسیی بەخۆیەوە بینی، پایزی ساڵی ١٩٠٨، واتە ڕستەوخۆ دوای سەرکەوتنی شۆرشی ناوبراو، (ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشا و شێخ عبدالقادری شەمزینی) و ژمارەیەک سەرداری تری ناسراو کۆمەڵەی(تەعالی و تەرەقی کوردستان)یان دامەزراند و (کورد و تەعاون و تەرەقی غەتەسی)یان بڵاوکردەوە. (مەزهەر: ١٩٧٨: ٧٣)، پاشان قوتابیانی کوردی ئەستەنبوڵ (جڤاتی هێڤی)یان دامەزراند و دەستیان بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) کرد و یەکەم ژمارەیان لە ١٩ی حوزەیرانی ساڵی (١٩١٣)دا بڵاوکردەوە(عبدالله زەنگەنە: ٢٠٠٥:١٩)، هەر لەو ماوەیەدا ( گۆڤارێک بەناوی گۆڤاری (یەکبوون)ەوە دەرچوو. (د.کەمال مەزهەر: ١٩٧٨: ٧٤). (کورد و تەعاون و تەرەقی غەتەسی)ناوەرۆکی بابەتەکانی بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و زمان و ژیانی ڕوناکبیریی و فۆلکلۆری کوردیی و ئەوجۆرە باسانە تەرخانکردبوو، ئەمە لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) و (یەکبوون)یشدا بەهەمان شێوە ڕەنگیدابۆوە(هەمان سەرچاوە: ٧٣)

ئەمــە سەرەڕای ئــەوەی کــە لە ئەستەنبــووڵ چەنــدان ڕۆژنامــە و گــۆڤــاری تــری وەکو:( کــوردســتــان(ئەستەنبوڵ ١٩٠٨)، ڕۆژی کـورد و (هــەتــاوی کورد) لــە ئــەستــەنبــوڵ دەردەچـوون(ئەمین: ٢٠١٣:٢٣ – ٢٤).

پاشان ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە باشوری کوردستان دەستی پێکرد و یەکەم گۆڤاریش لە بەغدا، لەلایەن جەمالەدین بابانەوە بەناوی(بانگی کوردستان) دەرچوو، یەکەم ژمارەی لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩١٤ بە دوو زمانی کوردیی و تورکیی دەرچوو، گۆڤارێکی ئەدەبی بوو، هەر پازدە رۆژ جارێک دەردەچوو، بەڵام لەپاڵ بابەتە ئەدەبییەکاندا بایەخی بە بابەتی ئایینی و ڕۆشنبیریی گشتیی و کشتوکاڵیی و مێژوویش داوە.(فاروق عەلی عومەر:٢٠٠١:٧٠).ئینجا مسیۆنێردەکان یەکەم هەنگاویان لە مەیدانی ڕۆنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نا، وەک مینۆڕسکی باسدەکات، مسیۆنێرە پرۆتستانتەکان لە سابلاغ(مهاباد) بەیاریدەی ئەڵمانییەکان گۆڤارێکی بچووکیان بەناوی(کوردستان)ەوە دەرکردووە کە وتارو بابەتی فۆلکلۆری کوردیی بڵاوکردۆتەوە و دەڵێت: ژمارە یەکی لە نیسانی ساڵی ١٩١٤ دەرچووە. (مەزهەر: ١٩٧٨: ٧٨).

پاشان ڕۆژنامەیەکی هەفتانە لەژێر چاودێری و بەسەرپەرشتیی ئیسماعیل ئاغای شکاک(سمکۆ) بەناوی(ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم)دەردەچوو – کە هــەر بەنـــــاوەکەیدا دیارە ڕۆژنامەیەکی نەتەوەیی بووە- دواتر ناوەکەی بۆ (ڕۆژی کورد) و پاشانیش هەر بەناوی (کورد)گۆڕدرا، مێژووی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە ڕاستەوخۆ بۆ دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و سەردەمی حوکمی (سمکۆ)دەگەڕێتەوە، ڕۆژنامەکە بە زمانی فارسی و کوردیی دەرچووە(تمدن: ١٣٥٠هـ‌ش:٣٧١).

دوای ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەگەریی کوردی پچڕایەوە، تاکو سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان لەمەهاباد، ئینجا کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون، لە نموونەی (گۆڤاری نیشتیمان، گۆڤاری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری هەڵاڵە و چەندان ڕۆژنامە و گۆڤاری

دیکە) کە ئەو ماوەیە بەهۆی زۆریی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەتوانین بە سەردەمێکی پرشنگداری ڕۆژنامەنووسیی کوردی دابنێین.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و نەمانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە ویلایەتی موسڵ و بەغدا و بەسرە و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە، یەکێک لە کارەکانی ئینگلیز لە عێراقی تازەدا بریتیبوو لە هێنانی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار، ئەمەش بۆئەوەی ئامانجی خۆیان بڵاوبکەنەوە و بیری نەتەوەیی گەشەپێبدەن، ئەمەش نەک بەمەبەستی دابینکردنی سەربەخۆیی بۆیان، بەڵکو بۆ بەگژداچوونەوەی کەلتوور عوسمانیی، کە لەڕێگای سۆزی ئایینیەوە کاریگەریی لەسەر خەڵک و ناوچەکە مابوو(ئەمین: ٢٠٠٣: ١٥٣). یەکێک لەو ڕۆژنامانەش، ڕۆژنامەی((تیگەیشتنی ڕاستی)بوو کە لەساڵی (١٩١٨) لە بەغدا لەلایەن ئینگلیزەوە دەردەچوو، کەژمارەکانی دەخوێنیتەوە هەست بە نووسینی دوو کەسی جیاواز دەکەیت، یەکیکیان بۆ کورد سوتاوە، کە لەوەدەچێت (شوکری فەزلی) بێت، دووەمیشیان وەکو ئینگلیزێکی دڵسۆز و ڕوناکبیرێکی ئەوروپایی دەنووسێت، کە ئەویش (مێجەرسۆنە) (مەزهەر: ١٩٧٨: ١٠٨)..هـەروەها لـە ئەستـەنبـوڵ ڕۆژنامـەی (ژین) لە ساڵی (١٩١٨ – ١٩١٩) دەرچـووە، ڕۆژنامـەی کوردستان لە (١٩١٩ – ١٩٢٠)یش لە ئـەستەنبـوڵ دەرچووە )( ئەمین:٢٠١٣ : ١٥٥).

ئینجا کۆمەڵێک ڕۆژنامە لە شاری سلێمانی دەرچوون، کە مەودا و قۆناغی ئیشکردنی ئێمەن لەم توێژینەوەیەدا، لەوانە: پێشکەوتن(پیشکوتن) ژمارە ١ی لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٢٠ دەرچووە. بانگی کوردستان(بانک کوردستان)لە ٢ی ئابی ساڵی ١٩٢٢ یەکەم ژمارەی دەرچووە.ڕۆژی کوردستان(ڕوژ کوردستان): لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ ژمارە یەکی لێدەرچووە(خەزنەدار:١٩٧٣: ١٠). بانگی حەق(بانک حق): دوای ئەوەی شێخ مەحمود چاپخانەکەی لە ئەشکەوتی جاسەنە لەناوچەی سورداش دامەزراند، یەکەم ژمارەی لە ٨ی مارتی ١٩٢٣ لێدەرچووە، ئومێدی ئیستقلال: دوای

کشانەوەی ئینگلیز و گەڕانەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحمود بۆ سلێمانیی، یەکەم ژمارەی لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٣ لێدەرچووە(عومەر:٢٠٠١ : ٨٠ - ٩١).، ژیانەوە: یەکەم ژمارەی لە ١٨ی ئابی ١٩٢٤ دەرچووە، ژیان : ژمارە ١ی لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ دەرچوو، درێژەپێدەری (ژیانەوە)بووە، زبان: ژمارە یەکی لە ١١ی ئەیلولی ١٩٣٧ دەرچووە، ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن شارەوانییەوە بۆ بەربەرەکانیکردنی ڕۆژنامەی (ژیان)ی پیرەمێرد دەرکراوە، زانستی: گۆڤارێکی زانستی و ئەدەبی و هونەریی و مێژوویی و ئابووری بووە، ژمارە یەکی لە ٢٥ی شوباتی ١٩٣٨ دەرچووە( نەوشیروان مستەفا ئەمین: ٢٠١٣:١٥٥). دیاریی کوردستان: ژمارە یەکی لە ١١ی مارتی ١٩٢٥ لە بەغدا دەرچووە ( ئەمین- ساڵح:٢٠٠١: ٥) .هەر لە بەغدا چەندان بڵاوکراوەی کوردی بڵاوکرانەوە، لەوانە(پەیژە (١٩٢٧)) (حەیدەری: ١٩٨٥ : ٢٩)، (یادگاریی لاوان(١٩٣٣)) و دیاریی لاوان(١٩٣٤))(( کەریم: ١٩٧٨: ٢٧ ، ٤٠).

لە ڕەواندزیش (حسێن حوزنی موکریانی و گیو موکریانی) گۆڤاری (زاری کرمانجی)یان دەرکردووە، یەکەم ژمارەشی لە ٢٥ی مایسی ساڵی ١٩٢٦ دەرچووە(موکریانی: ٢٠٠٢ : ٣)، کەرکوک: لەلایەن (وەجدی ئەفەندیی)ەوە لە کەرکوک ژمارە یەکی لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٦ دەرچووە. (تاقانە: ٢٠٠٧:٨)، هەروەها ڕووناکی: یەکەمین گۆڤاری کوردیی شاری هەولێرە، لە ٢٤ی ١٠ ساڵی ١٩٣٥ یەکەم ژمارەی لێدەرچووە.( موکریانی: ٢٠٠١ : ٣).

گۆڤاری هاوار: لەلایەن میر (جەلادەت بەدرخان)ەوە، کە سەرۆکی کۆمەڵەی (خۆیبوون) بووە دەرچووە، ژمارە ١یشی لە ١٥ی ٥ی ١٩٣٢ دەرچووە. سەرەڕای ئەوە بەدرخانییەکان لەماوەی سەختی جەنگی جیهانیی دووەم لە شۆڕشی ڕۆژنامەنووسیی هەر بەردەوامبوون، سێ گۆڤاری دیکەیان دەرکردوون، ئەوانیش:( ڕۆناهی) جەلادەت عالی بەدرخان مانگانە دەریکردووە، یەکەم ژمارەی لە ١ی نیسانی ١٩٤٢ دەرچووە، (ڕۆژا نو): د.کامەران عالی بەدرخان ژمارە یەکی لە ١ی

مایسی ١٩٤٣ له بەیروت دەرکردووە، (ستێر): ئەویش هەر لەلایەن د.کامەران عالی بەدرخانەوە دەرکراوە و ژمارە یەکی له ٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ له شام دەرچووە (ئەمین: ٢٠١٣: ١٥٥ ).

گۆڤاری گەلاوێژ(١٩٣٩ – ١٩٤٩): یەکێک بوو له بەناوبانگترین گۆڤارە کوردییەکانی سەردەمی خۆی کە خوێندەوارێکی زۆری کوردی لەدەوری خۆی کۆکردبۆوە، بەجۆرێک لەهەموو پارچەکانی کوردستانەوە نووسەرانی کورد بابەتیان تێدا بڵاودەکردنەوە، (نەوشیروان مستەفا ئەمین) بە قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی ناوی دەبات، (ئەدمۆنز)یش بە یەکێک له گرنگترین گۆڤارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەوکات ناوی دەبات. ئەم گۆڤارە سەرەتای بڵاوبوونەوەی له کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩دابووە و ماوەی دە ساڵ بەردەوامبووە.( صالح: ٢٠١٦: ٥)، هەروەها گۆڤاری دەنگی گێتی تازە: یەکەم خولی بەسەرپەرشتیی تۆفیق وەهبی بەگ و سەرنووسەرەکەی حسێن حوزنی موکریانیی بوو، یەکەم ژمارەی له له تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ دەرچووە(ساڵح- ساڵح –زەنگەنە : ٢٠١٠: ٥)، گۆڤاری نزار: یەکەمین گۆڤاری سیاسیی کوردیی بووە، بە دوو زمانی عەرەبی و کوردی بابەتەکانی تێدابڵاوکراونەتەوە، یەکەم ژمارەی له ٣٠ی ٣ی ١٩٤٨ دەرچووە، علاالدین سجادیی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بووە(ساڵح –ساڵح: ٢٠٠٠: ٣).

**تەوەری دووەم:**

**(ئەدەب و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژنامەنووسیی باشووری کوردستاندا(١٩٢٠ – ١٩٥٠)):**

ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی دوو بواری نووسین و دوو کایەی گرنگی ڕۆشنبیریی لێک جیان، ئەگەر باسی مێژووی ئەو دوو بوارە بکەین، دەبێت بڵێین، کە مێژووی ئەدەب بە هەردوو جۆری زارەکی و نووسراویەوە کە یەکەمیان مێژووەکەی هێندە کۆنە نازانرێت، دووەمیشیان مێژووەکەی لە ڕۆژنامەنووسیی زۆر کۆنترە، بەڵام ئەوەی کە پێوستە لێرە باسی بکەین، ڕۆژنامەنووسیی هەمیشە و لەهەر قۆناغێکدا سەکۆیەکی گرنگ بووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەب، بەتایبەتی کە ئەدەبی نووسراوی کوردی تاکو پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و چاپەمەنی بەشێوەی دەستنووس (لە بازنەیەکی داخراوی زارەکیدا جێگۆڕکێی پێکراوە و لەناو دەستەی خوێندەوارانی مزگەوتدا ماوەتەوە، بەرهەمی شیعری باڵا بە بێ دەنگدانەوە و کاریگەریی بووە)( محمد: ٢٠٠٤ : ٦١). هەروەک دیارە ڕۆژنامەنووسیی بۆ ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و زارەکیش گرنگ بووە، لەلایەکەوە چونکە ئەدەبی خەڵکی زۆرینەی نەخوێندەوار و گشتییە، لەڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە هەم ئاشناکراوە بە چینە خوێندەوارەکە و هەمیش ئەرشیفکراوە و لەفەوتان پارێزراوە. لەبەرئەوەی تاکو سەردەمی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیش بەشی زۆری چینە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکەی کورد یان شاعیربوون، یان سەروکاریان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەدەب و شیعربووە، ئەدەب بۆخۆشی چالاکترین کایەی ڕۆشنبیریی بووە، ئەگەر نەڵێین تاکە کایەی ڕۆشنبیریی بووە، بۆیە دەبینین، کە (ڕۆژنامەنووسیی بەهەوڵ و چالاکیی شاعیر و نووسەر و ئەدیبان سەریهەڵداوە و گەشەی سەندووە، ئەوان بوونەتە پێشەنگ و پیشڕەوی ئەم پیشە شارستانییە، چونکە ئەوان سەردەستەی ڕووناکبیریی بوون و پێش ڕۆژنامە گوتاری خۆیان بە شیعر ئاڕاستەکردووە،

جەماوەریان بەئاگاهێناوەتەوە)(هەمان سەرچاوە: ١١٨)، ئەمەش وایکردووە، کە سەلیقە ئەدەبییەکە زیاتر زاڵبێت بەسەر نووسینەکانیاندا، یان ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیاندا بڵاویان کردوونەتەوە، تەنانەت وایکردووە لایەنە ئەدەبییەکە زاڵبێت بەسەر نووسین و داڕشتنی چەشنە ڕۆژنامەنووسییەکان و بابەتە غەیرە ئەدەبییەکانیشەوە و بە زمان و داڕشتنێکی ئەدەبی بنووسرێن، هەڵبەت سەلیقەی خوێنەری ئەوکاتەش بێ بەهرە و بێ کاریگەریی نەبووە و زەوقی ئەدەبی ئەوانیش لەبەرچاوگیراوە(ئەبوبەکر:٢٠٠٧: ٢٨٧)، بۆیە دەبینین کە هەر لە ڕۆژی پەیدابوونییەوە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی شوێنی دیاری بۆ ئەدەبی کوردیی تەرخانکردووە، ئەمە بەتەواویی لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا وەکو یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی هەستی پێدەکرێت، هەروەها ئەم بایەخدانە بە ئەدەبی کوردیی دوای ڕۆژنامەی (کوردستان)یش هەر بەردەوامبووە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دوای ئەویش زۆر گرنگییان بە ئەدەبی کوردیی داوە(مەزهەر: ١٩٧٨ : ١٥٤). بۆنموونە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) بە گشتی و (شوکری فەزڵی) لەچوارچێوەی ڕۆژنامەکەدا زۆر گرنگییان بە وتار و لێکۆڵینەوە لە ژیان و بەرهەمی شاعیران دەدا و تەنانەت ئەگەر وتارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیشیان نووسیبایە، دەهاتن بۆ بەهێزبوونی پەیامی وتارەکە و پشتڕاستکردنەوەی قسەکانیان، شیعری شاعیرێکیان دەهێنایەوە، کە پەیوەستبوو بە ناوەڕۆکی باسەکەیان(مەزهەر:١٩٧٨ : ١٦١-١٦٢)، ئەمەش هەروەکو گوتمان دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ڕۆژنامەنووسیی لەدایکبووی ئەو دنیا ئەدەبییە فراوانەیە و لە سەرەتاکانی مێژووی خۆیدا بەردەوام ئەدیبەکان بوونەتە دەستپێکی کاروانەکەی(ئەبوبەکر: ٢٠٠٧ : ١٩٠).

ئەدەبی نووسراوی کوردی تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، کە بە ئەدەبی کۆن ناسراوە، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، هەمووی، یان بەزۆری شعربووە و بە پەیدابوون و گەشەسەندنی ڕۆژنامەنووسیی، ئەدەبی کوردیش وەکو پێویستییەکی ئەوکاتە لە تاکە ژانرییەوە، کە شیعربووە بەجۆرێک فراوانبووە، کە هەم شیعر

بەرەونوێبوونەوە چووە، هەمیش ژانرەکانی تری وەکو (وتار و چیرۆک و ڕۆمان) و چەندان ژانری دیکەی ئەدەبی پەیدابوون، بۆنموونە:(وتار لە ڕۆژنامەی کوردستان(١٨٩٨)، (چیرۆک) لە (ڕۆژی کورد)(١٩١٣)، شانۆنامە و شیعری نویّ لە (ژین)(١٩١٩)،شیعری منداڵان لە ڕۆژنامەی (کوردستان) و (ژین)(١٩١٩)، ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) (١٩١٨)( پیربال:٢٠٠٥: ٤١). گرنگترین ئەو ژانرە ئەدەبییانەی لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەدا ڕەنگیان دایەوە، ئەمانەبوون:

**یەکەم) شیعر:**

شیعر وەکو کۆنترین ژانری ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا، بابەتێکی تەواو جێکەوتووە و لەگەڵ زەوق و سەلیقەی ڕۆشنبیریی ئەم قۆناغەشدا تەواو هاوتەریببووە و جێگەیەکی دیاری هەبووە، لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەی باشووری کوردستاندا، هەم شیعری شاعیرانی کلاسیک بڵاودەکرانەوە، هەم شاعیرانی نویّ و سەردەم، شیعرە کلاسیکییەکان بەزۆری غەزەل و قەسیدە بوون و ناوەڕۆکەکانیان دیاربوو، بەڵام شیعری نویّ بەزۆریی بە کێشی پەنجەی خۆماڵی و ناوەڕۆکێکی سادە و ساکار دەنووسرا، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی کە ئەو پەیامە کۆمەڵایەتیی و نیشتیمانیی و نەتەوایەتییە بە ئاسانی بە خەڵکە نەخوێندەوارەکە بگات و لەناویاندا بڵاوببێتەوە.

ئەو شاعیرە کلاسیکییانەی کە لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەدا شیعرەکانیان بڵاوکراونەوە( نالی، سالم، شێخ ڕەزا، حاجی قادر، کیفی جوانڕۆیی، باباتاهیر، مەولەوی، وەلی دێوانە، وەفایی بێسارانی و حەریق) و چەندان شاعیری دیکە بوون، مەبەستی بڵاوکردنەوەی شیعرەکانیشیان زیاتر نیشاندانی ئاستی بەرزی ئەدەبی شیعری کلاسیک بە خوێنەران و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەبووە، هەروەک مەبەستێکی دیکەش ڕازیکردنی دڵی لایەنگرانی شیعری کلاسیک بوو، چونکە لەم قۆناغەدا ململانێیەکی توند لەنێوان شیعری کۆن و شیعری نوێدا هەبوو، هەروەها مەبەستێکی دیکەش ئەوەبوو، کە ناوەڕۆکی بەشێکی ئەم شیعرانە هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەو ڕووداو و واقیعەی لەو

سەردەمەدا هەبووە، بۆنموونە بە شیعرێکی سالم یان شاعیرێکی دیکەی کلاسیک گوزارشتیان لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەوسەردەمە دەکرد.

هەروەها شاعیرانی نوێخوازی سەردەمەکەش بەشێکی گرنگ بوون لە ئەدەبیاتی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغە، ئەم شاعیرانە لە هەستکردن بە بەرپرسیارییەتییان بەرانبەر بە خاک و خەڵک و سەردەمەکە شیعرەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغەدا بڵاودەکردەوە، نموونەی ئەو شاعیرانەش(پیرەمێرد و گۆران و شێخ نووری شێخ ساڵح و ئیبراهیم ئەحمەد و قانیع و بێکەس و مەدهۆش و موفتی پینجوێنی و أ.ب.هەوری و ڕەشید نەجیب و شێخ سەلام و دڵدار و ع.ح.ب) و چەندان شاعیری دیکە بوون.

لەم قۆناغەدا وەکو تایبەتمەندییەکی قۆناغەکە کە مۆرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی پێوەدیاربوو و شاعیران و ئەدیبان وێڵبوون بەدوای ناسنامەی نەتەوایەتیدا، بۆئەم مەبەستەش گرنگییەکی زۆر بە ئەدەبی میللی و فۆلکلۆر دەدرا، بەتایبەتی (پیرەمێرد) لەهەموویان زیاتر پاراستنی فۆلکلۆری بەخەمی خۆی دەزانی و ئەو ئەرکە قورس و گەورەیەی گرتبووە ئەستۆی خۆی و مەتەڵ و پەندی پیشێنانی لەقاڵبی شیعردا دادەڕشتەوە و کێش و سەروا و ڕیتمی پێدەدان، ئەم بابەتە لە زۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی ژیان و ژین دا بەرچاوەدەکەوێت.

سەرەڕای ئەمەش لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەدا زۆر گرنگی بە شیعری بیانی دەدراو لەلایەن هەندێک لە شاعیران و نووسەرانەوە کە ئاگایان لە شیعر و ئەدەبیاتی بیانی بوو بەشیوازێکی ئەدەبی وەردەگێڕدرانە سەر زمانی کوردی، ئەمەش لەپێناوی ئاشنابوونی شاعیران و ئەدەبیان و خوێنەری کورد بە ئەدەبیاتی جیهان و ئاگاداربوون لە پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان، بۆنموونە گۆڤاری گەلاوێژ زیاتر گرنگی بەم بابەتە دەدا و کە بڕگەیەکی بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردبوو بەناوی (لە ئەدەبیاتی بێگانەوە) کە (شێخ سەلام) چوارینەکانی (خەیام)ی بە کوردی، بە زنجیرە تێدا بڵاودەکردنەوە، زۆر

گرنگیش بە شیعر و ئەدەبیاتی عەرەبی دراوە و شیعرەکانی(جوبڕان خەلیل جوبڕان و میخائیل نعیمە)ی بە کوردیی تێدابڵاوکراونەوە، هەروەها شیعری شاعیرانی ئینگلیز و فەرەنسیش بەشێکی ئەو گرنگیی و بایەخەبوون کە گۆڤاری گەلاوێژ پێیدەدا، بۆنموونە: شیعری(فەلسەفەی دڵداریی)ی(شیللی)، شیعری(سەربەستی) (جۆن ستیوارت مێڵ)، شیعری (ژیان)ی (أ.ل. باربۆڵد)، هەروەها شیعری(گۆمی)ی شاعیری گەورەی فەڕەنسی(لامارتین)[٨]کراوە بە کوردیی و لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

**دووەم) پەخشان:**

لەم قۆناغەدا گۆڕانکارییەکان زۆر خێرا بوون و لەهەموو ڕوویەکەوە شتی تازە دەهاتە ناوەوە و لەم چوارچێوەیەشدا پەخشانی هونەریی زۆر گرنگی پێدەدرا(چونکە مع الاسف هتا عصر (٢٠)مین ئەستێرەی نثرمان هەر کزبو)(پیرەمێرد: ١٩٣٤: ٤)، پەخشانیش بە دوو شێواز هاتە ناوەوە، شێوازێکیان ئەو دەقە فۆلکلۆریی و میللیانەبوون، کە لەشێوەی گاڵتەوگەپ و حیکایەت بەسەر زارانەوەبوون و نەوە لەدوای نەوە پارێزراوبوون و لەم قۆناغەدا بوون بە دەقی نووسراو و کەوتنە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ئەمەش چەند سوودێکی هەبوو، یەکێکیان پاراستنی ئەو سامانە نەتەوەیە دەوڵەمەندەی فۆلکلۆر لە فەوتان و ئەرشیفکردنی، سوودێکی دیکە بریتیبوو لە پاکبوونەوەی زیاتری ئەو زمانە کوردییە تێکەڵەی کە لەسەردەمی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی و زمانی نووسینەکانی ڕۆشنبیرانی ئەوکات، کە پڕیبوو لە وشە و زاراوەی فارسی و عەرەبی و تورکی، سوودێکی تریشی بریتیبوو لەوەی کە هەر زوو ناوەڕۆکێکی کوردانە و خۆماڵی بۆ چیرۆکی هونەری کوردی وەکو بەشێکی گرنگی پەخشان دروستکرد، کە لەم قەناغەدا وەکو هونەرێکی ئەورووپی پەیدابببوو، ئەو قسەیەی پیرەمێردیش بەڵگەی گرنگیپێدانی پەخشانە کە لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا دەڵێت: (ئێمە گفتوگۆی پەخشانمان لەوانەی هۆنراوە لا شیرنترە لەبەرئەوە شیعرەکانمان خستە

دواوە)(هەمان سەرچاوە)، پەخشانیش لە چەند ژانرێکی ئەدەبیدا، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغەی باشووری کوردستاندا خۆیان دەنواند، گرینگترینیان ئەمانەبوون:

## ١) چیرۆک:

چیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبی و بە شێوازێکی هونەریی مێژوویەکی زۆر کۆنی لە ئەدەبی کوردیدا نییە، هەڵبەت ئەم قسەیەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە هیچ بنچینەیەکمان بۆ ئەم ژانرە ئەدەبییە نەبووە، بەڵکو حکایەت و بەیت و بەشێکی زۆر لە ئەدەبی میللیمان دەبێت بە بنچینە بۆ چیرۆک، هەربۆیەش دەبینین، کە سەرەتاکانی چیرۆک نووسین کە لەم قۆناغەوە دەستپێدەکات، لەڕووی ڕوخسار و تەکنیکەوە وەکو چیرۆکی میللەتانی دەرودراوسێ، تەواو کاریگەریی ڕۆژئاوای لەسەرە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەزۆریی بابەتەکانیان لەو حیکایەت و بەیتانە وەرگرتووە کە لە ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی کوردیدا هەن(حسێن:٢٠٠٧ :٧٤)، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغە ڕۆڵی سەرەکییان لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی چیرۆک بینیووە، چونکە بەشێکی زۆریان هەر لەو ڕێگەیەوە بڵاوکراونەوە[٩] چیرۆکی(لەخەوما)ی (جەمیل سائیب) کە بەڕای زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەدەب یەکەم چیرۆکی هونەری کوردییە(هەمان سەرچاوە : ٨٠) بە زنجیرە (١٨)ئەڵقەی لە ڕۆژنامەی(ژیانەوە) و (٥)ئەڵقەی لە ڕۆژنامەی(ژیان)دا لێ بڵاوکردۆتەوە:[١٠]

ئینجا پیرەمێرد لەسەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوودا چەند هەوڵێکی چیرۆک نووسینی داوە، چیرۆکی(ئاواتی دڵ – گەشتێک بەسەر باڵی پەرندەی خەیاڵەوە)یە کە (٣) بەشی لە ژمارەکانی(٣٥٥، ٣٥٦، ٣٥٧)ی ڕۆژنامەی (ژیان)دا لێ بڵاوکردۆتەوە[١١]ئینجا چیرۆکی (مەم و زین)ی بە (١٤) ئەڵقە لە ژمارە(٣٣٠)تاکو(٣٤٦)ی گۆڤاری (ژیان)دا بڵاوکردۆتەوە ، پاشان چیرۆکی(دوانزە سوارەی مەریوان)ی بە (١٠)ئەڵقە لە ژمارە(٣٦٦)تاکو (٣٧٦)ی ڕۆژنامەی(ژیان)دا بڵاوکردەوە، هەروەها لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەدا یەکێکی دیکە لەو گۆڤارانەی کە وەکو ئەستێرەیەک دەدرەوشیتەوە و

ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەکردنی چیرۆکی هونەری کوردییدا هەبووە، گۆڤاری (گەلاویژ)ە، ئەم گۆڤارە بەجۆرێک چیرۆک بەلایەوە گرنگ بووە کە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانکردووە بەناوی(چیرۆکی ئەم مانگە) و لەدەرەوەی ئەم گۆشەیەش بەپێی بوار چیرۆکی دیکەی بڵاوکردۆتەوە.

ڕۆڵ و گرنگیی ئەم گۆڤارە بۆ چیرۆکی هونەری کوردیی لە دوو لاوەیە، لایەکیان بڵاوکردنەوەی چیرۆکی هونەری کوردی لەپێناو هاندانی چیرۆکنووسانی کورد بۆ بەردەوامی چیرۆک نووسین، لایەکی تریشی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی بیانی بە شێوەی وەرگێڕدراو، ئەمەشیان زیاتر بۆ ئەوەبووە، کە چیرۆکنووسان ئاشنابکات بە تەکنیکە باوەکانی چیرۆک لە ئەدەبیاتی ئەوکاتەی جیهاندا و سەلیقەی خوێنەری کوردیش بەو تەکنیکە تازانەی چیرۆکی میللەتان گۆشبکات. بۆنموونە (ئیبراهیم ئەحمەد) چیرۆکی(کوێرەوەریی ، خازێ، لە وڵاتی قارەمانانا، کەرەلۆتی مەنۆچەر ، تۆڵە سەندن) و (علاءالدین سجادی) چیرۆکی(شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو، بۆچی نەچووین بۆ کوێستان، لەپێناوی ئافرەتا، ڕونە زەنگی حەمەسەن، سەرکەشی ڕیسوایی لەشوێنە، جەوهەر ئاغا)، (شاکر فەتاح) چیرۆکی(مدیربەگ، سەرێکی هەیە و هەزار سەودا، مامۆستا بێژەن، بووک و خەسوو، دەسپاکی، چەقاوەسوو، گرامەفۆنەکەم چۆن کڕی؟، مام شێخ)ی تێدا بڵاوکردنەوە، (پیرەمێرد) چیرۆکی(ئەنجامی پیاوێکی بەنگ کێش، زۆرەملێ مل شکانی لەدوایە)ی تێدا بڵاوکردەوە، ئەمانە مشتێکن لە خەروارێک لەو چیرۆکانەی لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەوە، بەگشتیش بابەتەکانی چیرۆکەکان بریتیبوون لە (جوتیار و ژیانی پڕ لەناسۆر و دەردەسەریی بەدەست دەرەبەگ و ئیمپریالیزمی پاڵپشتیەوە، ئافرتی کورد و باری دواکەوتوویی لە کۆمەڵدا، دەردەکانی تری ناو کۆمەڵی کوردی ئەو سەردەمە، وەکو هەژاریی و چاوبەستکردنی خەڵکی ساویلکە لەژێر پەردەی ئاییندا، بەراوردکردنی نێوان شار و لادێ و زەرەر و زیانەکانی خواردنەوە و قومارکردن و..هتد.)( محمد: ٢٠٠٤: ٨١).

سەرەڕای ئەوەش کە گۆڤارەکە گرنگییەکی زۆری بە چیرۆکی منداڵان داوە و گۆشەیەکی تایبەتی بۆ کردۆتەوە بەناوی(بەشی منداڵان) و (علاءالدین سجادی) چیرۆکی (داڵە سوورە، مارەکەی مام هۆمەر، ڕاوە ژیشک، بزن و مەیموون)و چەندانی دیکەی تێدابڵاوکردوونەوە، نووسەر بۆ نووسینی چیرۆکەکانی سوودیکی زۆری لە ئەدەبی فۆلکلۆر وەرگرتووە و مەبەستیشی لە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکانە بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاریی و پەروەردەی دروستی کوردەواریی بووە، ئەگەرچی سوودێکی دیکەی ئەم چیرۆکانە بریتیبووە لە بەرەو کوردی پەتی بردنی زمانی ئەدەبی نووسراوی کوردیی لەڕێگەی ئەو زمانە کوردییە ڕەوان و بێگرێ و گۆڵ و سادەیی لە چیرۆکەکاندا بەکارهاتبوون کە سەرچاوەکەشی فۆلکلۆر بووە.

هەروەها ئەو چیرۆکە وەرگێڕدراوە بیانیانەش، کە گۆڤارەکە بڵاوی کردوونەوە زۆرن، دەکرێت ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەین، بۆنموونە، چیرۆکی(گەردانە، داستانی کچێک، تاوانی باوکێک، خەوبوو، شەیتان)ی (موپاسان)، چیرۆکی(گرەو، دکتۆری دان، لەشەوی جەژنا، شەوێکی بەسام، لەکوێستان)ی (ئەنتۆن چیخۆف) و چیرۆکی(لەشەوێکی تۆفدا، خان و کوڕەکەی، دڵدارییەکی سەیر)ی (ماکسیم گۆرکی) و چیرۆکی(خەوی شەوێکی چلەی هاوین، تۆفێک لەدەریادا، بازرگانی ڤینیسیا)ی (ولیەم شکسپیر) چیرۆکی( بلبل و گوڵ[1] ، ڕۆژی لەدایکبوونی شازادە)ی (ئۆسکار وایڵد)و چەندان چیرۆکی تری چیرۆکنووسە بەناوبانگەکانی جیهان، وەکو جوبران خەلیل جوبران و تۆفیق الحکیم و لیۆ تۆڵستۆی و بەلزاک و..هتد..

سەرەڕای ئەوەی لە ڕۆژنامەنووسیی ئەو ماوەیەدا چەندان ڕۆژنامە و گۆڤاری تر هەبوون کە گرنگییان بە چیرۆکی کوردی و بیانی دەدا و بڵاویان دەکردنەوە، لەوانە ڕۆژنامەی ژین و گۆڤاری ڕووناکی و زاری کرمانجی و دەنگی گێتی تازە و..هتد.

### ٢) ڕۆمان:

ئەگەرچی ڕۆمان بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی کە هەیەتی، ئەویش دووررودرێژییە، ئەمەش بە هۆی ئەو ڕووداو و کارەکتەرە زۆرانەوەیە کە هەیەتی لەچاو ژانرەکانی تری ئەدەبدا، بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ئەستەم دەبێت، بەڵام ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغە بێ بەهرە نەبووە لە برەودان بەم ژانرە، وەکو تاکە ڕۆمان کە بەرچاومان کەوتبێت و لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەدا بڵاوکرابێتەوە، ڕۆمانی(نازدار)،یان (ژنی کورد لە لادێ)یە[١٣]کە ڕۆمانێکی سەد لاپەڕەی دەستنووسە و (محمد عەلی کوردی) نووسیویەتی و بەشێکی لە زنجیرەیەکی سێ ئەڵقەیی لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا بڵاوکردۆتەوە، ئەوەی شایانی باسکردنە ئەوەیە کە لە مێژووی ڕۆمانی کوردیدا لەدوای (مەسەلەی ویژدان)ی (ئەحمەد موختار جاف)، - کە هەندێک لە لێکۆڵەرەوان بە نۆڤلێتی و چیرۆکی درێژی دادەنێن- دووەم ڕۆمانی کوردییە(ڕەشید: ٢٠٠٧ : ٨).

لە ئەڵقەی یەکەمی ئەو بەشەی کە بڵاویکردۆتەوە نووسەر پێشەکییەکی کورتی لەسەر ڕۆمانەکە نووسیوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە واقعین و تێکەڵ بە خەیاڵی کردوون، ئینجا باسی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەکات، لەگەڵ ئەو پەیامانەی کە لەڕێگەی ڕۆمانەکەوە دەیەوێت بیگەیەنێت بە خوێنەر، سەرەتای ڕۆمانەکە بە وەسفی سروشتی جوانی دیمەنی گوند لە بەهاردا دەستپێدەکات و ژیانی ئاسایی خەڵکی گوند، کە خەریکی مەڕدارین و لەوەڕاندنی مەڕ و وردەکاریی مەڕدۆشین و تێهەڵکەوتنی کار و بەرخ لەدایکیان بەردەوام دەبێت، ئینجا باسی ڕۆمانەکە دێتە سەر شەوڕابواردنی خەڵکی گوند و شەوچەرە خواردن لە دیوەخانی ئاغای گوند، کە ناوی (میر زێندین)ە، خەڵکی گوند و نۆکەر کۆبوونەوە و میرزای (میرزێندین) خەریکی گێڕانەوەی مێژوو و بەسەرهاتەکانییەتی، ژنی میریش لە مەجلیسەکەدا دانیشتووە و ناوی (نازەنین)ە، دیارە کۆبوونەوەیەکی چارەنووسساز و گرنگە بۆیە ئامادەیە، چونکە ئاغا بەبێ ڕای ئەو هیچ بڕیارێک

نادات، دوایی دەردەکەوێت کۆبوونەوەکە بۆ هەڵبژاردنی کچی ئاغایە بە میر کە ناوی (نازدار)ە، لەولاشەوە (دینۆ) کە منداڵە جوتیارێکی گوندە بەو بڕیارە ڕازی نییە و داوای زۆرانبازیی دەکات لەگەڵ نازدار بۆیەکلاکردنەوەی ئەو بابەتە.

زۆرانبازیی بە ئامادەبوونی هەموو خەڵکی گوند ڕێکدەخرێت و (نازدار) بەفێڵ سەردەکەوێت و زۆرانبازییەکە دەباتەوە، ئینجا دوای زۆرانبازیی و گلەیی (دینۆ) لە (نازدار) و قبوڵکردنی ئەنجامی زۆرانبازییەکە، هەموویان بڕیاردەدەن سبەینێ بچن بۆ دۆڵی ژیان بۆ کنگر کردن و نووسەر بە وردەکارییەوە باسی کۆبوونەوەیان و توێشوو و بوخچەی نیوەڕۆیان و کاتی کنگر کردنیان دەکات و دیمەنەکانی دەشت و دەری دۆڵی ژیان زۆر بەجوانی وێنە دەکێشیت و دانیشتنیان بۆ نانی نیوەڕۆ لەسەر سەرچاوەیەکی ڕوون و زوڵاڵی ئەو دۆڵەمان بۆ باسدەکات، ئینجا نووسەر بە وردەکارییەوە دێتە سەرباسی (شێخۆ) کە یەکێکبووە لە کنگرکەرەکان، بەڵام لێیان هەڵبڕاوە و توشی گورگ بووە و لەگەڵ گورگ کەوتۆتەشەڕ و هەردووکیان چاک یەکتریان بریندارکردووە، پاشان لەڕێگەی شوانەوە خەبەر بۆ میر زێندنین دێت کە (خەسرەوخان) کە کۆنە دوژمنایەتییان لەگەڵ هەیە، بڕیارە بە لەشکرێکەوە هێرشیان بکەنەسەر، میر زێندین خێرا کۆبوونەوەیەک ساز دەکات و داوا دەکات بە پەلە (نازەنین)ی ژنی ئامادەبێت بۆ ڕاوتەگبیر، بۆیە بەپێی پلانی ئەو خۆیان ئامادەدەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، بەڵام لەبەرئەوەی کە لەشکری دوژمن لەژمارەدا زۆر نابەرابەرە لەگەڵ لەشکری ئەوان، بۆیە دەرەقەتیان نایەن و دەشکێن و هەردوو لا بریندار و کوژراوێکی زۆریان دەبێت، نووسەر زۆر بە وردەکارییەوە باسی شەڕ و شکستەکە دەکات و وردەکاریی خۆڕێکخستنەوەی میر زێندن دەخاتەڕوو[٤١]بەم شێوەیەش کۆتایی بە بەشە بڵاوکراوەکانی ڕۆمانەکە دێت.

ئەوەی جێی سەرنجە لەو بەشە بڵاوکراوانەی ڕۆمانەکەدا ئەوەیە، کە (پاڵەوان هەر ئاغا و ژن و کچی ئاغان، کەمتر لادێیەکان ڕۆڵی پاڵەوانیان دراوەتێ)( موکریانی: ٢٠٠١: ١٧)، هەروەها وێناکردنی ئازایەتی ئافرەتی کورد وەکو پاڵەوان، چ لە بڕیاردان و چ لە جەنگین و شەڕکردن لەتەک پیاوی کورد، ئەوەی لە کەسایەتی (نازەنین) و (نازدار) دا بەرجەستەکردووە، ناونیشانی ڕۆمانەکەش گەواهیدەری ئەو بابەتەیە.

ئەگەرچی ئەوەی بڵاوکراوەتەوە و باسمان کرد بەشێکی کەمی ئەو سەد لاپەرە دەستنووسەی ڕۆمانەکەیە، ناشزانین چۆن ڕووداوەکان فراوان دەبن و ئەنجامەکانینان دەگەنەکوێ.

**٣) وتاری ڕەخنەی ئەدەبی (ئەدەبیاتناسی):**

ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغە گرنگی بە ڕەخنەی ئەدەبی داوە و  و لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی ئەدەب لەم قۆناغەدا کە لە بابەتێکی ئەدەبییان دەکۆڵییەوە، زۆرجار لە زنجیرە وتارێکدا ئەو بابەتە تەواودەبوو، هەندێک جاریش نووسەر بە وتارێک کۆتایی بە باسەکە دەهێنا، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی ئەم جۆرە وتارانەیان دەنووسی، هەندێک جار هەڵسەنگاندنەکانیان تەواو خودی بوون و لەو ئەزموون و پاشخانە ئەدەبییەوە سەرچاوەی دەگرت، کە هەیبوو، هەندێک جاریش نووسەر زۆر بەوریاییەوە بابەتەکەی هەڵدەبژارد و پاڵپشت بە زانست و تیۆرێکی ئەدەبیی بیر و بۆچوونەکانی دەخستەڕوو.

بۆیەکەم جاریش (شێخ نووری شێخ ساڵح)  لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دروشمی ڕێبازی زانستی لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەسازی و وێژەیی دا بە چەشنێکی تیۆریی و پراکتیکی بەرزکردۆتەوە و لەنێوان ساڵانی(١٩٢٦ – ١٩٢٧)دا بەناونیشانی(ئەدەبیاتی کوردی) لە (٢٥)ئەڵقەدا زنجیرەیەک وتاری لەبابەت شیعری کوردییەوە لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکردەوە، بەوردی باسی جوانی و سوود لە ئەدەب و هونەردا و پێناسەی ئەدەب و مەسەلەی فۆڕم و ناوەڕۆک لە ئەدەبدا و

شیعر و پەخشان و كێش و سەروا و شێواز و چەندان بابەتی تر دەكات)[١٥]دەكرێت بڵێین كە سەرەتا و بنچینەیەكی زۆر باشە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی كوردیی.

بەهۆی ئەوەی شیعر مێژوویەكی دوور و درێژی هەبوو و ژانرێكی ئەدەبی جێكەوتووبوو لە ئەدەبی كوردیدا و ئەم قۆناغەش قۆناغی نویكردنەوەی شیعربوو، بۆیە زۆربەی وتارە ئەدەبی و ڕەخنەییەكان لەچوارچێوەی نوێكردنەوەی شیعر وەكو پێویستی قۆناغەكە و ڕەتكردنەوەی شیعری كلاسیكی دەسووڕانەوە و ئەم بابەتە بووبە تەوەری سەرەكی ئەو وتار و باس و خواسانەی كە لە ڕۆژنامەنوسیی سییەكانی سەدەی ڕابردوودا بڵاودەكرانەوە، بۆنموونە لە ژمارە (٢٤)ی ساڵی حەوتەمی گۆڤاری (زاری كرمانجی) دا وتارێک بەناونیشانی(زمان) و بەناوی (نەورۆز)ناوێكەوە بڵاوكراوەتەوە، كە ناونیشانی دووەمی وتارەكە بریتییە لە(بۆ شاعیرێكی كورد لە دەفتەری خاطرەیەک حەوت ساڵ لەمەوپێش نووسراوە) كە تێیدا گلەییەكانی كە حەوت ساڵ پێشتر لە شاعیرێک كردبوونی دەكات بەبیانوویەک بۆئەوەی پشتگیریی شیعری نوێ بكات و شیعری كۆن و كلاسیک ڕەتبكاتەوە و بابەتەكەش تەواو پەیوەست دەكاتەوە بە مەسەلەی زمانی كوردیی و گرنگیی زمان لە ئەدەبدا و نموونەی ئەو گرنگییە لەناو ئەدەبیاتی یۆنان و عەرەب و فارس دەهێنێتەوە و دەیانكات بە بەڵگەی قسەكانی و بەم هۆیەوە شیعری نوێ بە پێویستی ئەو سەردەمە دەزانێت و دواكەوتوویی زمانی كوردی لە نووسین و ئەدەبیاتدا و نەبوونی یان كزی هەستی نیشتیمانپەروەریی و نەتەوایەتی دەخاتە ئەستۆی شیعری كلاسیكی كوردی (نەورۆز: ١٩٣٢: ٩)، هەروەها (ئیبراهیم ئەحمەد) وتارێكی دوو ئەڵقەیی بە نازناوی(سیاپۆش) و بە ناونیشانی(ئەدەبیاتی كوردی: شاعیرەكانمان) لە ڕۆژنامەی ژیان، لە ساڵی (١٩٣٢)دا بڵاوكردۆتەوە[١٦]و تێیدا نووسەر دەروازەیەكی گرنگ لە رەخنەی ئەدەبی دەكاتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی كە پێویستە لەپاڵ چاكییەكانی شیعر و ئەدەب و جوانییەكانی، پەردە لەسەر كەم و كورتییەكانی لابدرێت و ئاماژە بۆ خواروخێچییەكانیشی بكرێت،( گرنگیی وتارەكە لەو بیروبۆجوونانەدایە، كە نووسەر وەكو تایبەتمەندیی شیعر دەیبڕیون و

بۆ ئەو سـەردەمـە لە مەيـدانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تازەبوون)( سابیر: ٢٠٠٦:٢٤).

(پیرەمێرد)یش بە زنجیرەیەکی (١١)ئەڵقەیی بیروبۆچوونە ڕەخنەییەکانی خۆی لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاودەکـاتـەوە، ئـەڵقـەی یـەکـەمی بـە ناونیشـانی(یادگـاری لاوان) و دووەمـی بەناونیشانی(تەنقیدیکی ئەدەبی لەبابەت یادگاری لاوانەوە) ئەو بیر و بۆچوونانەی (پیرەمێرد)ن کە زیاتر پەیوەستن بە بیروبۆچوونەکانی (سیاپۆش) لەبابەت شیعر و شاعیرانەوە و تەواو لەگەڵی ناکۆکە ، (٩) ئەڵقەکانی دیکە بەناونیشانی (ئەدەبیاتی کوردی)ن و بەگشتی تەوەرەکانی ئەم زنجیرەیە لەچوارچێوەی بەراوردی نێوان ئەدەب و زانست و سەرچاوەی پەیدابوونیان و کورتە سەرنجێک لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی و کاریگەریی ئیسلام لەسەر ئەدەبی نووسراو و دوورەپەرێزی بەیت و ئەدەبیاتی میللی و فۆلکلۆریی لەو کاریگەرییە لەگەڵ ئایین، باسی مەولەوی و ڕاڤەی چەند بەیتێکی مەرثیەی شاعیر، ئەدەبی کوردی لەژێر ڕەحمەتی ئەدەبی فارسی و ئەدەبی عەرەبیی، پەیدابوونی شاعیرانی سەردەمی بابان(نالی، سالم، کوردی و حاجی قادر)، باسی شیعری نالی و ڕەوانبێژی و دەست ڕەنگینییەکەی و شیعری سالم [١٧]؛ هەرچەندە بابەتەکە زۆربەی بیروبۆچوونی تایبەتیی (پیرەمێرد)ە لەسەر ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی کوردیی بەتایبەتی و پەرشوبڵاویی بە ناوەڕۆکی زنجیرە بابەتەکەوە دیارە و بەتەواویی ناچنە ناو ڕەخنەوە، هەندێکیان دەچنە بواری تیۆری ئەدەبییەوە و ئەو باس و خواسانەن کە تیۆری ئەدەبی گرنگییان پیدەدات و لێیان دەکۆڵێتەوە، بەڵام لەکۆتاییدا وتارەکە ئەدەبییە و خەمی سەرەکیی لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەبی کوردیی.

هەڵبەت ئەم بابەتە لێرە و لە ڕۆژنامەکەدا کۆتایی نەهات، بەڵکو ڕۆژنامەکە بەناوە تازەکەشییەوە کە (ژین)بوو هەر بەردەوام بوو لەسەر بڵاوکردنەوەی وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی، بەتایبەتی خودی (پیرەمێرد) لە هەر کوێیەک شتیکی لەبابەت ئەدەبی کوردییەوە بەخەیاڵداهاتبایە و بە پێویستی زانیبایە لەژێرناوێکدا و بە وتار باسی دەکرد.

یەکێکی تر لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە گرنگی زۆر بە وتار و ڕەخنەی ئەدەبی دەدا لەم قۆناغەدا، بریتیبوو لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و (دەنگی گێتی تازە).

لە گۆڤاری گەلاوێژدا(محمد ئەمین زەکی بەگ)لە وتارێکدا بەناونیشانی(زمانی کوردی و ئەدەبی) سەرەتا باسی زمانی کوردی دەکات و ڕەخنە لەو کەسانە دەکرێت کە وەکو بەشێک لە زمانی فارسی سەیری دەکەن و بۆ ئەم مەبەستە باسی خزمایەتی نێوان فارسی کوردی دەکات و بۆ قسەکانیشی چەندان بەڵگە دەهێنێتەوە، ئینجا باسی مێژووی ئەدەبی نووسراوی کوردیی دەکات لەسەرەتاوە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، بە گلەیی لە گەورە پیاوانی ئەدەبی کوردی دەست پێدەکات کە هەر لە کۆنەوە خزمەتی ئەدەبی عەرەبی و فارسییان کردووە، بەڵام لایان لە ئەدەبی کوردی نەکردۆتەوە، ئینجا دێت سەرەتایەک بۆ ئەدەبی نووسراوی کوردی دادەنێت، ئەوەی کە لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە نووسەر ناوی (عەلی تەرمۆکی) بە یەکەم شاعیر لە ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی دادەنێت، ئینجا دوای ئەو باسی باباتاهیر دەکات(گەلاوێژ،ژ.١: ١٩٣٩: ٣)، بەلام (د.مارف خەزنەدار) لەم بارەوە دەڵێت: (عەلی تەرمۆکی) نییە، بەڵکو (عەلی تەرەماخی)یە و بە زمانەوان ناسراوە نەک شاعیر، ئەو شیعرانەشی دراونەتەپاڵی هەڵبەستراون و ئەو خاوەنیان نییە.[١٨]

هەر لە گۆڤاری گەلاوێژدا وتارێکی تر بەناونیشانی(ئەدەبیاتی تازە چۆنە و دەبێت چۆن بێت؟) بەناوی(ح.ف.)وە بڵاوکراوەتەوە، نووسەر لەم وتارەدا باسی چۆنی و چۆنبوونی ئەدەبی تازە دەکات و پەیوەستی دەکاتەوە بەو پێشکەوتنانەی کە لەو سەردەمەدا لە زانست و تەکنەلۆژیادا هەبوون و

دەڵێت: ئەمانە لەپێناو گێرانەوەی کاتە بۆ مرۆڤ و دەبێت ئەدەبیش هەروابێت، هەم خزمەتی مرۆڤ بکات و هەمیش کورت و سادەبێت و زوو مانا بدات بەدەستەوە و بۆئەمەش نموونە بە شیعری کۆنی عەرەبی و کوردی دەهێنێتەوە و دەڵێت: بۆسەردەمی خۆیان گونجاوبوون و بۆ ئێستە لەبەر ئەوهەموو قوڵیی واتایی و ڕازاندنەوەیە و درێژەدادڕییە و کات کوشتنەی خوێنەر بۆ ئێستا ناگونجێت، ئەوەی کە لە وتارەکە تێدەگەین زیاتر ئەوەیە کە نووسەر لەنێوان جوانی و سوودگەیاندندا زیاتر بەلای سوود دا دەیشکێنێتەوە( ح.ف : ژ٧: ١٩٤٠: ١). هەڵبەت ئەوە تایبەتمەندی باوی ئەدەبی کوردیی بووە لەم قۆناغەدا. سەرەرای ئەمانەش چەندان وتاری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تـر بـڵاوکـراونـەوە، لەوانـە (گۆران) وتـارێکـی بـەنـاوی (کەڵکـی ئەدەب)(گۆران:ژ.٦،٥: ١٩٤٢: ٢٤)تێدا بڵاوکردۆتەوە، هەروەها (ڕەفیق حیلمی) چەند بەشێکی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی)یەکەی بەچەند بەشێک تێدا بڵاوکردۆتەوە[١٩]؛ هـەروەهـا وتـارێکـی (سـاڵـح حـەیـدەریـی)مـان بەناوی(ئەدەبیاتی زیندو) ( حەیدەریی: ١٩٤٤: ٤٧) بەرچاودەکەوێت، نووسەر تێیدا ئەدەبیاتی دنیا دابەش دەکات بۆ دوو بەش، بەشێکی ناودەنێت(لەئەدەبیاتەوە بۆ ئەدەبیات)، واتا ئەوەی تەنیا بۆ جوانی و چێژ دەنووسرێت، بەشێکی دیکەیان بە ئەدەبیاتیک دیاریدەکات کە (لەمیللەتەوە بۆ میللەتە) و سوود و قازانجی بۆ میللەت هەیە و بەلای ئەم بەشەیاندا دەشکێنیتەوە و ئەوە بە ئەدەبیاتی زیندوو دادەنیت.

لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)شدا بابەتی وتاری ئەدەبی و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی جێگەیەکی گرنگیی هەبووە و چەندان وتاری گرنگ و لێکۆڵینەوەی بایەخدار، بەتایبەتی بۆ ئەو سەردەمەی تێدا بڵاوکراونەوە، بۆنموونە (تۆفیق وەهبی) چەند وتارێکی لەبارەی (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی)یەوە بەشێوەی بەش بەش تێدابڵاوکردوونەتەوە، بەشی یەکەمی بەناونیشانی(یەک دوو وێنە لە شیعر و فەلسەفەی بەرزی ئەحمەدی خانی)و[٢] بەشێکی دیکەی بەناونیشانی (لاواندنەوەی زین لەپێش مردنیا لەسەر گۆڕی مەم، لێک نزیکی هۆشی شاعیرێکی سەدەی حەڤدەهەم

و شاعرێکی سەدەی بیستەممان)[١]کە تێیدا بەراوردی (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی) و (پیرەمێرد) دەکات.

سەرەڕای ئەو ژانرەئەدەبیانەی کە باسمان کردن (شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وتاری ڕەخنەی ئەدەبی)، گرنگییەکی زۆر بە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییش دراوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغەی باشووری کوردستاندا بڵاوکراونەوە، هۆکاری ئەم گرنگی پێدانەش ئەوەبووە کە کورد فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندی هەبووە و نووسەرانی ئەم قۆناغە هەوڵیانداوە لەو ڕێگەیەوە تۆماری بکەن و نەهێڵن بفەوتێت، هەروەها لەڕێگەی ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییانەوە ئامۆژگاریی و هۆشیارییان بەناو خەڵکدا بڵاودەکردەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆر زمانی نووسینی بەرەو کوردی پەتی دەبرد، بەهۆی ئەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان بەزمانێکی سادە و کوردییەکی ڕەوانی بێ گرێ وگۆڵ نووسراون، چەندان حیکایەت و پەندی پێشینان و گاڵتەو گەپ و مەتەڵی کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغەدا بڵاوکراونەوە. بۆنموونە پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی (ژیان) و(ژین)دا بڕگەیەکی تایبەتی هەبووە بە پەندی پێشینان و پەندە کوردییەکانی بەشێوەی شیعر داڕشتوونەوە و بڵاویکردوونەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندان گاڵتەوگەپی فۆلکلۆریی هەر لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردوونەوە، هەروەها گۆڤاری (گەلاوێژ)یش گرنگییەکی تایبەتی بە فۆلکلۆریی کوردی داوە و چەندان بابەت پەندی پیشینانی لەژێر ناوی(پێشینان گوتوویانە)دا بڵاوکردوونەتەوە.

## تەوەری سێیەم: بارودۆخی باشووری کوردستان (١٩٢٠ – ١٩٥٠):

دوای ڕوخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و هاتنی بیری ناسیۆنالیزمی بەفراوانی لە ئەورووپاوە بۆ ڕۆژهەڵات، میللەتانی ژێردەستی ئەم ئیمپراتۆریەتە بیریان لەوە کردەوە کە هەریەکە و قەوارە و دەوڵەتێک بۆخۆی درووستبکات و لەڕێگەیەوە مافە نەتەوایتییەکانی و ئەو نیشتیمانەی کە لەسەری دەژیت بپارێزێت، میللەتی کوردیش وەکو یەکێک لەو میللەتانە زیاتر و فراوانتر هەوڵیدا، کە وەکو تەواوی میللەتانی ژێردەستی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، بەدوای شوناس و ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆیدا بگەڕێت و هەوڵی دەدا لەو ڕێگەیەوە مافە نەتەوایەتییەکانی بەدەست بهێنێت و دەوڵەت و کیانێک بۆخۆی دروستبکات. لەم بارەوە محمد ئەمین زەکی بەگ دەڵێت:( دوای ئەوەی کە لەجیاتی وشەی دیار و بەربڵاوی (عوسمانلی)، وشەی (تورک) لە تورکیادا بڵاوبۆوە، منیش وەکو هەر تاکێکی میللەتانی تر، زیاتر هەستم بە ئەرکی خۆم کرد و غروری میللی و هەستی نەتەوایەتیم وایکرد کە سوود لە هەر فرسەت و پێشهاتێک وەرگرم، تاهەستی خۆم دەربڕم.... چەندان جار ئەو پرسیارەم لەخۆم کردبوو، کە نەتەوەی کورد لە چ نەژادێکە؟ ڕابردوو و بەسەرهاتی چییە؟)( زکی بیگ : ١٣٨١ ه . ش: ١٩)[٢٢] هەر لەم ڕوانگەوە بارودۆخێکی تازەتر لە کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی هاتەپیش و بوو بەهۆی درووستبوونی گۆڕانکارییەکی زۆر و وەرچەرخانێکی گەورە، ئەو گۆڕان و وەرچەرخانەش هەموو لایەن و کایەکانی وەکو سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی و ئەدەبی گرتەوە.

ئەگەر بێین و باسی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و بارودۆخ و واقیعی کۆمەڵایەتیی بکەین، دەبێت لەم پێناسەیەی ئەدەبەوە دەستپێبکەین کەدەڵێت:(ئەدەب ئاوێنەیە، مەبەست ئەوەیە کە ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵە و ئەدەب و دەقی ئەدەبی باسی کۆمەڵ دەکەن لەکات و بارودۆخێکی دیاریکراودا و لەڕێگەی ئەدەبەوە دەتوانین زانیاری لەسەر سروشتی کۆمەڵ بەدەست بهێنین)

(گەرمیانی: ٢٠١٢: ١٠٨).کەواتە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو واقیع و ڕووداوانەیە کە لەناو کۆمەڵدا ڕوودەدەن و ئەو بارودۆخەی کە درووست دەبێت، بۆیە بارودۆخ ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ئاراستەکردنی ئەدەب و ڕەنگدانەوەتێیدا، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بابەتە هەوڵدەدەین کە باسی بارودۆخی باشووری کوردستان بکەین لەم قۆناغەدا، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی کە بەرچاوڕوونیمان بۆ چییەتی و چۆنییەتی ئەدەبی ئەو قۆناغە بەگشتی و ئەدەبی تەنز بەتایبەتی بۆ درووستبێت.

## یەکەم) لەڕووی سیاسییەوە:

دوای جەنگی جیهانی یەکەم و هاتنی دەسەلاتی ڕۆژئاوا بەگشتی و بەریتانیا بەتایبەتی و دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، باشووری کوردستان وەکو بەشێک لەو ناوچانە بە قۆناغیکی هەستیاردا تێپەڕیوە، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیی و نیشتیمانیی بەشێوەیەکی فراوان و هەوڵدانی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بەشیوەی بەرفراوان بەبەراورد بە قۆناغەکانی پیشتر، بۆ ئەم مەبەستە و لە کاردانەوەی ئەوە (لە دوای جەنگەوە تاکو ساڵی (١٩٢٥) چەندان بەڵێننامە و پەیمانی نێودەوڵەتی مۆرکران و ئاشکرابوون، بەهۆیەوە بەرژەوەندییەکانی کورد پشتگوێخراون و بەشێوەیەکی فەرمی و کردەیی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەشکراوە، وەکو (ڕێکەوتننامەی سایکس – بیکۆ(١٩١٦))، (سیڤەر(١٩٢٠)، (لۆزان(١٩٢٣)، هەروەها بەهۆی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بڕیاری لکاندنی باشووری کوردستان بە بەشە عەرەبییەکەی عێراق، ناڕەزایی زۆر درووستبوو)( فاتح:٢٠١٤: ٥١) ئەنجامی ئەو ناڕەزاییانەش درووستبوونی بارودۆخێکی ئاڵۆزی سیاسی و شۆڕش و حزب و کۆمەڵە و پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بوون، گرنگترینیان شۆرشەکانی شێخ مەحمودی نەمر بوون دژی ئینگلیز لە چەند قۆناغێکدا و تاکو ڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١٩) هێزەکانی ئینگلیز بەهاوکاری هێزەکانی حکومەتی عێراق کۆتاییيان بە دەسەڵاتی شێخ

مەحمود هێنا(کۆچێرا: ١٣٤٩هـ.ش.: ١٣٥) لە دوایدا بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلانیش ویلایەتی مووسڵ خرایە سەر عێراق. ئەم بڕیارەش پێچەوانەی خواستی ڕووناکبیران و زۆرینەی خەڵکی ویلایەتەکە و جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد بوو. دواتر بەپێی ڕێککەوتنی ئینگلیز و شێخ مەحموود لە گوندی پیران و دوور لە سیاسەت مایەوە (بابان: ٢٠٠٤: ٢٢١– ٢٢٢) .

دوای حوکمی شێخ مەحمود لە سلێمانی و یەکلابوونەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ و لکاندنی بە عێراقەوە، سلێمانیش وەکو لیوایەک لەو ویلایەتە لەلایەن ئینگلیز و حکومەتی عێراقەوە بە وردی چاودێری دەکرا، بۆیە شۆڕشگێران و نیشتیمانپەروەران دەستیان بە جموجۆڵی سیاسی کردەوە، بەڵام بە نهێنی لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی ، کاری ئەم ڕێکخرا و کۆمەڵانە زیاتر بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی و نەتەوایەتی و سیاسی بوو لەڕێگەی ئەو بڵاوکراوانەی کە دەریان دەکردن، نموونەی ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی ئەم قۆناغەش( کۆمەڵەی کوردی نهێنی(١٩٢٥)، کۆمەڵەی بەرگریکردن لە نیشتیمان(١٩٢٥)، کۆمەڵەی زانستی لە کەرکوک(١٩٢٦)، کۆمەڵەی زەردەشت(١٩٢٦)، کۆمەڵەی برایی(١٩٢٧)، کۆمەڵەی پشتیوان(١٩٢٧)، کۆمەڵەی ئازادی کوردستان (کۆتایی بیستەکان)، کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان(١٩٣٠).( فاتیح: ٢٠١٢: ٩١–٩٤)، ئەو کۆمەڵانە وایان کرد، کە خەبات و چالاکیی سیاسیی لە باشووری کوردستان دوای شۆڕشەکانی (شێخ مەحمود)یش بەردەوام بێت و نەپچڕێتەوە، ئەگەر نا پێش ئەو کۆمەڵانەش ڕێکخراو و کۆمەڵەی دیکە هەبوون، لە نموونەی(کۆمەڵەکانی(بەرزی وڵات، کوردستان، گزنگ، فیداکاریی کورد، وەتەن پەروەران(١٩٢٠))، کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان(١٩٢٠)، کۆمەڵەی کوردستان(١٩٢٢)، کۆمەڵەی ئیستیقلالی کوردستان(١٩٢١)، هەروەها لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێکی دیکە حزب و کۆمەڵەی سیاسی دروستبوون، لەوانە(کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان و کۆمەڵەی یاریدەدەران، یانەی سەرکەوتن، کۆمەڵای لاوان، کۆمەڵەی برایەتی، کۆمەڵەی ئەستێرەکانی ئازادی، کۆمەڵەی لاوانی کورد، کۆمەڵەی کورد، کۆمەڵەی دارکەر، حزبی هیوا) )(هەمان سەرچاوە:٨٦–٩٠)، هەروەها لە

چلەکانی سەدەی ڕابردوویشدا ئەم حزب و کۆمەڵە سیاسییانە درووستبوون:( لیژنەی ئازادیی حزبی شۆرش، حزبی رزگاریی کورد، کۆمەلەی منەوەران، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد- لقی کوردستانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق(هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٩٥-١٠٨). هەروەها لە پایزی (١٩٤٥)دا (حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق)درووستبوو(خۆشناو:٢٠١١: ٤١).

لەدوای ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٣٠ لەنێوان عێراق و بەریتانیا، کە لە هیچ بەندێکی ڕێکەوتنامەکەدا مافی کوردی مسۆگەرنەکرد و خەڵکی شاری سلێمانی ناڕازی بوون، لە ڕۆژی ٦ی ئەیلولدا لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانی ڕاپەڕینێکی جەماوەری هەڵگیرسا، بێبەشکردنی کورد لە درووستکردنی پارت وکۆمەڵە و ڕێخراوی سیاسی و گفتە زارەکییەکانی حکومەتی عێراقی و جێبەجێنەکردنی حوکمی خۆبەڕێوەبردنی کوردستان و لکاندنی خوارووی کوردستان بە عێراقەوە و دوورخستنەوەی(تۆفیق وەهبی بەگ)کە موتەسەریفی شاری سلێمانی بوو، لەلای خەڵکی خۆشەویستی و کەسێکی نیشتیمانی بوو، لە هۆکارەسەرەکییەکانی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکەبوون (شکاک : ٢٠١٣ :١٩٢).

ئەگەر بێینە سەر باسی بارودۆخی ناوچەکانی تری باشوور، دەبێت بڵێین کە لەکاتی شۆرشی ١٩٢٠ لە عێراق، بارودۆخی ناوچەی بادینان زۆر ئاڵۆزبوو، بەتایبەت بارودۆخی ئاکرێ، پاشان هۆزەکانی (سندی، گولی، سورچی، سلێڤانی، قشوری، زێباری)دەستیان بە جموجۆڵکرد دژ بە بەریتانییەکان و ناچاریان کردن کە شوێنەکەیان بەجێبهێڵن(کریم: ٢٠٢٢: ١١٢) هەروەها بارودۆخی سیاسی شاری هەولێریش بەجۆرێک بوو کە سەرەتاکانی ڕووبەڕووبونەوە لەنێوان خەڵکی هەولێر و بەریتانییەکان لەچوارچێوەی نارەزایی دەربرین لە داگیرکردنی شارەکە و کۆڕ و کۆبوونەوەکان بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە تێپەڕی نەدەکرد، دەکرێت بە قۆناغیکی هێمنانە و نهێنی ناوببرێت، بەڵام بەم شێوازە بەردەوام نەبوو، بەڵکو لەسەرەتاکانی ئابی ١٩٢٠ گەیشتە ڕادەی ئاشکرابوون و هەوڵدان بۆ دەرکردنی ئینگلیز لە شارەکە، سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە و سەرەڕای

بیرۆکەی بەرگریی لە شارەکە پەیوەستبوو بە هەڵسووکەوتی بەریتانییەکان لە هەولێر و ناڕازیبوون لێیان(کریم: ٢٠٢٢: ١١٣) ئینجا  هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم و نەهامەتییەکانی و پڕیشکی ئەو شەڕە ویرانکەر و جیهانگیرە باشووری کوردستانیشی گرتەوە و کاریگەریی زۆری لەسەر بارودۆخی ژیانی کورد هەبوو، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشیدا بەردەوام وردەکاریی ڕووداوەکان و شکست و سەرکەوتنی بەرە زلهێزەکانی جەنگەکە گەرمەهەواڵی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی باشووربوون و لەوێیوە بڵاودەکرانەوە و خەڵکیان لێ ئاگاداردەکرانەوە، هەموو ئەو ڕووداوانە و لێکەوتەکانیشیان لە ئاوێنەی کۆمەڵەوە کە ئەدەبە خۆیان دەنواند و ڕەنگیان دایەوە.

## دووەم) لەڕووی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە:

بارودۆخی ڕۆشنبیریی باشووری کوردستان پێش ئەم قۆناغە تەواو پەیوەستبووە بە سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی، باشووری کوردستان لەچوارچێوەی (ویلایەتی موسڵ)دا حوکمی کراوە و سیستەمی خوێندن و ڕۆشنبیرییش لە ژێر کاریگەریی خەلافەتی عوسمانیدا تەواو ئاینی بووە و حوجرە و مزگەوتەکان تاکە ناوەندی خوێندن و خوێندەواریی بوون، هەرچەندە ئەو خوێندنەش زۆر کەم بووە و ڕێژەیەکی کەمی خەڵکی گرتۆتەوە و لەسیستەمی سیاسی و حوکمڕانی عوسمانیدا جێگیرنەبووە و بە خەمی خۆیان نەزانیووە و پێیان وابووە، کە خوێندن و فێرکردن ناچێتە خانەی ئەرک و چالاکییەکانی حکومەتەوە، بەڵکو کارێکی تایبەتە و دەکەوێتە ئەستۆی تاکەکەس و کۆمەڵەوە (شوانی:٢٠٢٢: ٥٤) لە کۆتایی تەمەنیشیدا کە تەواو دەسەڵاتی لاوازببوو تەوژم و شەپۆلە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕۆژئاوا دەهاتن و هەڕەشەی ڕاستەقینەبوون بۆسەر دەسەڵاتی عوسمانی، زیاتر دژی خوێندن و خوێندەواری دەوەستایەوە، بابەتی هاتنی چاپخانە و چاپەمەنی لەسایەی دەسەڵاتی ئەوانەوە زۆر دواکەوت هەتا وایلێهاتبوو کە (سوڵتانە عوسمانییەکان چاپکردنی کتێبیان بە کفر دادەنا)(مەزهەر: ١٩٧٨: ٤٥) دوای جەنگی یەکەمی و کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

و هاتنی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز بۆ ناوچەکە و باشووری کوردستان، سیستەمی خوێندن و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریش گۆڕانی بەسەرداهات و خوێندەوارەکانی ئەم قۆناغە وەکو ئەرکێکی سەرشانیان هەوڵی ئەوەیاندەدا، کە کۆمەڵگە بەگشتی لەم ڕێگەیەوە هۆشیارببێتەوە، ئەمەش لەچەند ڕێگەیەکەوە بوو، لەوانە، کرانەوەی خوێندنگە و مەکتەب، یان هەوڵی تاکەکەسی کە لەدیدگای خەمخۆریی و دڵسۆزییەوەبووە، بۆنموونە لە شاری سلێمانی (نەجمەدین مەلا)ناوەندێکی بۆ فێربوون و خوێندەواریی کردبۆوە و ناوی نابوو (کەشتی نوح)( خەزندار: ١٣٥٧: ٦٢)، لەدەرەوەی ئەوانەش هەوڵی زۆر و بێوچانی ڕۆشنبیران و شاعیرانی کورد بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و هاندانیان بۆ خوێندن و خوێندەواریی، ئەمەش بێگومان لەڕێگەی شیعرەکانیانەوە، سەرمەشقی شاعیرانیش لەمبارەوە (حاجی قادری کۆیی)یە، بەبیرێکی کراوە و ئاسۆیەکی ڕوونی هزرییەوە نەک هەر هەوڵی خوێندن و خوێندەواریی دەدات، بەڵکو هانی کۆمەڵ دەدات و هەوڵدەدات بڵێت کە ئافرەتیش وەکو پیاو مافی خوێندنی هەیە، کە ئەوکاتە بەهەموو شێوەیەک یاسا و عورف و عادەتەدواکەوتووەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەمپەر و ڕێگربوون لەبەردەمی، بۆیە دەڵێت:

بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین

((اطلبـــو العلمکـــم ولو بالصین))

نێر و مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە

گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییـە(حاجی قادر: ١٣٩٠هـ.ش.: ١٨٩ – ١٩٠)

دواتر (ئەحمەد موختار جاف) خوێندن و خوێندەواریی بە تاکە ڕێگەی ڕزگاریی کورد دەزانێت لەژێر دەستی دوژمن و بە قەڵغانی پاراستنی میللەتی وەسف دەکات و دەڵێت:

بخوێنن،چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوشمنتانە

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سـوپەرتانـە (ئەحمەد موختار جاف: ٢٠١٦ : ١٥٧)

هەروەها (مەلای گەورەی کۆیە وەکو سەرمەشقێکی کۆمەڵ و نموونەی مامۆستایەکی ئایینی بیرکراوە بۆ یەکەم جار نەجیبەخانی کچی نارد بۆ مەکتەب، بۆئەوەی بخوێنێت و فێری خوێندەواریی ببێت)، هەروەها (موفتی پێنجوێنی)ش کچەکەی خۆی نارد،( ئامۆژگاریی کچەکەم، ژین ژ.٨٥٥)، پاشان شاعیرانی تر بە شوێن پێی (حاجی قادر) دا وەکو توێژە ڕۆشنبیرەکەی کۆمەڵ هانی ئافرەتیان دەدا بۆئەوەی بخوێنن، ئەوەتا فایەق بێکەس لە شیعری(نەسرین)دا دەڵێت:

مەڵێ من کچم، تۆش وەکوو منی

موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی

مەجبووری ئیش و خزمەتکردنی

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە؟ (بێکەس: ٢٠١٦: ٦٦)

ئەمانەش لەڕێگەی کەناڵێکی گرنگ و کاریگەرەوە بڵاودەکرانەوە، ئەویش ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەبوون کە لەم قۆناغەدا لە گەشەکردنداب‌وون، ئەمەش بەشێکی گرنگ بوو لە بەرەوپیشچوونی ڕۆشنبیریی کورد لەباشووردا.

لەڕووی ئەدەبییشەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا کۆمەڵێک گۆڕانگاریی و نوێبوونەوە بە کاریگەریی ئەوروپا و ڕۆژئاوا لە ئەدەبی ڕۆژهەڵات بەگشتی و ئەدەبی کوردیدا ڕوویاندا، کە بوون بە هۆی نوێبوونەوەی شیعری کوردیی و پەیدابوونی چەندان ژانری تری ئەدەبی، وەکو چیرۆک و ڕۆمان و وتار و هتد.

ئەگەر سەرەتا لە نوێکردنەوەی شیعرەوە دەستپێبکەین، دەبێت بڵێن کە سەرەتاکان و نیشانەکانی لە شیعری حاجی قادرەوە دەستپیدەکات، بەتایبەتی لەڕووی ناوەڕۆکەوە چەندان بابەتی نەتەوایەتی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی باسدەکات، کە لەشیعری کوردیدا نوێ و بی پێشینەن، پاشان لە بیستەکانی سەدەی بیست بەدواوە نوێکردنەوەکە هەموو لایەنەکانی شیعری گرتەوە و وردە وردە شیعر لە شێوە کلاسیکییەکەی هاتەدەر و بەرەونوێبوونەوەی تەواوی ڕۆیشت

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەدەب وەکو پێویستییەکی قۆناغەکە گۆڕانی بەسەرداهات و بەرەوە نوێبوونەوە ڕۆیشت و شاعیران وئەدیبان وەکو گرنگترین کەناڵی گەیاندنی پەیامەکانی هۆشیاریی نەتەوایەتیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و...، سەیریان دەکرد و لەم پیناوەدا قوربانییان بە بەشێکی ئەدەبیاندا و لە ئاستێکی ئیستاتیکی و ڕەوانبێژی بەرزەوە دایانبەزاند بۆ زمان و ناوەڕۆکێکی سادە بەجۆرێک کە ببێت بە ناوەندێکی هۆشیارکردنەوە و هەموو کەس بتوانێت لێی تێبگات، واتا لە شیعر و ئەدەبی کلاسیکیدا ئەگەر بمانویستبایە کە لێی تێبگەین، ئەوا دەبوایە ئاستی ڕۆشنبیریمان بەرزبکەینەوە و بیگەیەنینە ئاستی شیعر و ئەدەبی کلاسیکی، بەڵام شاعیران و نووسەرانی نوێ ئاستی بەشێکی ئەدەبیان دابەزاند بۆ ئاستی ڕۆشنبیریی و تێگەیشتنی خەڵک.

### سێیەم) لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە:

دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و پەیدابوونی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا لەناوچەکەدا، ڕۆژئاواییەکان لەڕێگەی درووستکردنی ناوەندی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵاتناسانەوە، کەوتنە لێکۆڵینەوە لە میللەتانی ڕۆژهەڵات و لەناویشیاندا کورد و باشوری کوردستان وەکو ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، واتا تاکو ئەوکاتە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بابەتی و هەمەلایەنە لەسەر کورد نەبوو، بۆیە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە کوردیان بە میللەتێکی عەشایەری کۆچەریی شوانکارەیی و گوندنشینی کشتوکاڵیی داناوە، بەومانایەی هەم تایبەتمەندی کۆچەریی و هەم تایبەتمەندی شارستانیشی تێدابووە، ئەوەتا (William Rupert hay) کە دوو ساڵ حاکمی سیاسی بەریتانیا بووە لە هەولێر، کورد بە میللەتێکی کۆچەریی و شوانکارە ناودەبات و دوای بەراوردکردنی لەگەڵ عەرەب دەڵێت: (کوردەکان گەلێکی شوانکارەن، یان ناچارن، یان وەک نەریتێک ڕەوەندن و ئامادەیی نیشتەجێبوونیان تێدایە کاتێک بۆیان دەربکەویت نیشتەجێبوون باشترە) (دەبلیو ئارِ هی. : ٢٠١٦: ٥٠).

هەروەها (مینۆرسکی)ش لەبارەی کوردەوە دەڵێت:(کورد بەسەر خێڵی ڕەوەند و شارنشینی دابەشبوون و بەتێکەڵی لەگەڵ یەکتر دەژین، خێڵە ڕەوەندەکان زۆربەیان لە باکوری نێوان دوو ڕووبار(میزۆپۆتامیا)ن، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەو خێڵانە بەرەو ژیانێکی نیمچە شارنشینی گۆڕاون، واتا هاوینان دەچن بۆ کوێستان و زستانانیش لە شار و گوند نیشتەجێ دەبن)( مینورسکی: ١٩٨٧: ٤٩-٥٠)، هەروەکو دیارە هەردوو ڕۆژهەڵاتناس جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بەشێکی کورد خەریکی کشتوکاڵن و گوند نشینن، بەشێکی تریشیان کە خێڵە ڕەوەند و کۆچەرییەکانن، بەرەو نیشتەجێبوون ژیانیان گۆڕاوە و بەشەکەی دیکەشیان کە ماون مەیل و قابیلیەتی نیشتەجێبوونیان تێدایە، بۆ ڕۆژئاواییەکانیش زۆر گرنگبوو کە نیشتەجێ بن، هەم بۆئەوەی ئامارێکی تەواوی کوردانی

ناوچەکەیان لابێت و سەرژمێرییان بکەن، هەمیش ئەو سنوورانەی، کە بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان کێشاویانن، نەبەزێنرێن و کێشەی سیاسییان بۆ دروووستنەکەن و بزانن کێ لە کوێ دەژیت، بۆیە وردە وردە کوردیان بەرەو شارنشینی و نیشتەجێبوونی زیاتر برد، بەجۆرێک کە ( لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا عەشیرەتە کۆچەرییەکان سێ یەکی دانیشتوانی کوردستان بوون)( قاسملوو: ٢٠١٤: ١٢٦) بەڵام ئەم ڕێژەیە گۆڕانی بەسەرداهاتووە بەجۆرێک، کە (لەکۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا نیشتەجێبوونی عەشیرەتە کوردە کۆچەرییەکان و دروستکردنی گوندەکان بە چەشنێکی کتوپڕ پەرەی سەند و ساڵی ١٩٢٥ کۆمسیۆنی کۆمەڵی نەتەوەکان کە بۆ کوردستان دانرابوو، لە ڕاپۆرتی خۆیدا گوتویەتی: ئێستا زۆربەی نزیک لە تەواوی کوردەکان نیشتەجێ بوون و بەشێکی کەم نەبێت لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێران کۆچەریی نەماوە، بۆیە ئێستا بەهیچ جۆرێک کوردەکان ناکرێت بە نیوە کۆچەریش دابنێن) (هەمان سەرچاوەی پیشوو: ١٣٠).

لێرەوە نیشتەجێبوون و شارنشینی زیاتر پەرەیسەند، پەیوەندیی بازرگارنیی لەنێوان گوند و شارەکان وردەوردە زیاتربوو، خەڵکی گوند بەرهەمەکانیان دەهێنا بۆ شار و لەوێ ساغیان دەکردەوە و پێداویستی و حاجەتی خۆیانیان لە شار پێ دەکڕی.

هەرچەندە ئەوانەی کە لە شاریش نیشتەجێبوون لەسەرەتاوە بیروبۆچوونی خێڵەکی و دابونەریتی عەشیرەتەکانیان لەگەڵ خۆیان بۆ شار هێنا، بەجۆرێک لە شارێکی وەکو سلێمانی هەموو ماڵەکانی قەراغ شار جووت و گایان هەبوو و کشتوکاڵیان دەکرد و مەڕوماڵاتیان بەخێودەکرد(هەوری: ١٩٧٥: ٢٨)، بەڵام دواتر و وردە وردە بە بڵاوبوونەوەی خوێندەواریی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجیای تازە ئەو دابونەریتانە بەرەو کاڵبوونەوە ڕۆیشتن و دروشمی مافی کرێکار و جوتیار دژی ئاغا و دەرەبەگەکان و ئازادی ئافرەت لەو کۆت و زنجیرانەی کە داب و نەریتی کۆمەلایەتیی خێڵەکی بۆی دانابوون، بوون بە خەمی ڕۆژگار و ڕۆشنبیران و شاعیران و نووسەران، بوون بە بابەتی سەرەکی لەناو شیعر و ئەدەب و کایەکانی دیکەی ڕۆشنبیرییدا، ئەمە بەروونی لە شیعر و چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەدا دیارە.

## بەشی سێیەم:ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی تەنز ڕۆژنامەنووسیی باشوری کوردستاندا (١٩٢٠ – ١٩٥٠)

**تەوەری یەکەم) تەنزی کۆمەڵایەتی : (Social Satire)**

**١- شیعر:**

**٢- پەخشان:**

**أ) چیرۆک:**

**ب) نوکتە:**

**٣- ژانری ئاوێتەیی(چیرۆک و شیعر):**

**تەوەری دووەم) تەنزی سیاسی :( Political Satire )**

**١)شیعر:**

**٢)پەخشان:**

**أ) چیرۆک:**

**ب) نوکتە:**

**ج) کاریکاتێر:**

**تەوەری سێیەم) تەنزی ئایینی:(Religious Satire)**

**١- شیعر:**

**٢- پەخشان:**

**- چیرۆک:**

**٣) ژانری ئاوێتەیی(چیرۆک و شیعر):**

**بەشی سێیەم: ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی تەنز ڕۆژنامەنووسیی باشوری کوردستاندا (١٩٢٠ – ١٩٥٠) :**

بارودۆخی ژیان لە باشووری کوردستان و لەم قۆناغەدا بەجۆرێک بووە کە پڕبووە لە خوار و خێچی و کەموکورتی، ئەمەش بێگومان هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، بۆنموونە ئاڵۆزییە سیاسییەکان و بابەتە کلتوریی و کۆمەڵایەتییەکان و ئایدیۆلۆژیا و ئایین و ڕۆشنبیری و ئەدەب و تەواوی کایەکانی تری ژیان، شاعیران و نووسەران و ئەدیبانی ئەم قۆناغە بۆئەوەی ئەو خواروخێچییانە کاریگەر پیشانبدەن، پەنایان بۆ ئەدەب و لەناو ئەدەبیش تەنز بردووە وەکو سەکۆیەکی کاریگەر و لەونێوەندەیشدا هەندێک جار قاڵبی شیعریان هەڵبژاردووە و هەندێک جار پەخشان و لەنێو پەخشانیشدا ژانر و جۆرەکانی وەکو چیرۆک و وتار و ژانرەکانی تری ئەدەبی و لەڕێگەی کەناڵێکی کاریگەری وەکو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بڵاویان کردوونەوە و بە خەڵک گەیشتوون. بۆنموونە ئەگەر سەرەتا باسی شیعر بکەین، دەبێت بڵێین، کە لە رۆژنامەنووسی ئەم قۆناغەدا شیعری تەنزئامێز بەشێوازێکی بەرچاو بڵاوکراونەتەوە، ئەم شیعرانەش دوو بەشن، بەشێکیان شیعری شاعیرانی کلاسیکن و بە گونجانیان لەگەڵ بارودۆخی ئەو سەردەمە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغەدا بڵاوکراونەتەوە، وەکو شیعرە تەنز ئامێزەکانی(سالم و شێخ ڕەزا) و چەندان شاعیری دیکە، بەشێکی دیکەیان شاعیرانی قۆناغەکە بوون و کەموکورتییەکانی کۆمەڵیان بەشێوەی تەنز لەڕێگەی شیعرەوە پیشانداوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغەدا بڵاوکردۆتەوە، نموونەی ئەم شاعیرانەش(پیرەمێرد و قانیع و مەدهۆش) و چەندان شاعیری دیکەبوون.

ئەگەرچی لەم قۆناغەدا گرنگی زیاتریش بە پەخشان دراوە، وەکو ئەوەی، کە (پیرەمێرد)لە ڕۆژنامەی (ژیان و ژین)دا کردوویەتی، بەڵام دواجار لایەنگری شیعر لە پەخشان زیاتربووە (ئەبوبەکر :٢٦٤: ٢٠٠٧)، ئەمەش بۆخۆی دەبێتە گەواهیدەر و بەڵگەی ئەوەی کە شیعر لەم قۆناغەدا لە ژانرەکانی دیکە کاریگەرتربووە. بۆنموونە پیرەمێرد لەبابەت پەخشانی تەنز ئامێزەوە زنجیرە نووسین و بەسەرهاتێکی تەنزئامێز بەناوی(گاڵتەوگەپ) لە ڕۆژنامەی(ژیان)دا بڵاوکردۆتەوە، ئەم (گاڵتەوگەپ)انە نرخ و بایەخێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، کۆمەڵێک ڕەوشت و دابونەرتی کوردەواری دەخەنە بەرچاوی نەوەی ئێستا و داهاتوو و وێنەگرتن و دەرخستنی ئەو سەردەمەیە کە تێیداژیاوە، بەشیوەیەکی سادە و ساکار و پێکەنیناویی(فەلاح:١٩٧٠: ٣-٤)

گۆڤاری گەلاوێژیش گرنگییەکی تایبەتی بە پەخشانی تەنزئامێز داوە، بەتایبەتی لە قاڵبی نوکتەدا، گۆشەیەکی تایبەتی جێگیری بەناوی(بۆ پێکەنین) هەبووە، کە تێیدا نوکتەی خۆش و کورتەبەسەرهاتی تەنز ئامێزی تێدا بڵاوکردوونەوە، بەشێکی ئەم بابەتی پێکەنینانە سیمای کۆمەڵگایەکی تریان پیوەدیارە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە جیاجیاکانی ئەو سەردەمەوە وەرگیراون، بەشێکی دیکەیان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەیە و ئاوێنەی ژیانی ئەو سەردەمەن... لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە بۆ دوو جۆر دابەشدەبن، بەشێکیان تەنها بۆ پێکەنین و خۆشی و خەمڕەوێنی نووسراون، یان وەرگیراون، بەشەکەی تریان هۆیەکن بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی دیمەنی نالەباری ژیان و گوزەرانی ئەوسەردەمە، بەڵام لە قاڵبی نوکتە و قسەی خۆش و گاڵتەجاڕیدا، بۆیە پلار و تانە و تەشەر دەگرنە هەموو ڕەفتارێکی چەوت و ناشیرین، ناتەبایی و لاسەنگی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵ و خوێندەواری کوردیان لێ بەئاگا دێننەوە، واتا سیما و ناوەڕۆکی بەشێک لەم نوکتە و گاڵتەوگەپانە ڕەنگدانەوەی باری سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم و دوای جەنگن(ئەمین: ٢٠٠٤: ١٠٣-١٠٤).

له باشووری کوردستان و له ماوەی سالآنی(١٩٢٠ – ١٩٥٠) سەرەڕای شیعر، چەندان ژانری تری وەکو چیرۆک و جۆرەکانی و ڕۆمان بەشێوازی هونەریی هاتنه کایەوە که بوون بە کەناڵی گرنگی هۆشیارکردنەوەی خەڵک، کەواتە بەگشتی له ئەدەبی ئەم قۆناغەدا ناوەڕۆک گرنگییەکی زۆر پێ دەدرا، هەربۆیەش ئێمە لە ڕونگەی ناوەڕۆکەوە له ئەدەبی تەنز و جۆرەکانی دەکۆڵینەوە، له ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەدا.

**تەوەری یەکەم: تەنزی کۆمەڵایەتیی (Social Satire) :**

تەنزی کۆمەڵایەتی بەزۆریی کاتێک دەنووسرێت و بڵاوە کە لێکترازانی کۆمەڵایەتیی ڕوودەدات و درزێکی گەورە لەنێوان دوو یان چەند چین و توێژێکی کۆمەڵ، بەتایبەتی له نێوان توێژێک که کۆن بیردەکاتەوە، لەگەڵ توێژێک، کە دەکەوێتە ژێرکاریگەریی تەوژمە ئایدیۆلۆژییە تازەکانەوە، یەکەمیان هەوڵدەدات دووەم و تازەکە بەمەسخەرە بگرێت و گاڵتەی پێبکات بەوەی که کۆمەڵێک دیاردە و شتی تری نامۆ بە کەلتور و کۆمەڵی لەگەڵ خۆی هێناوە، ئەمەش لەپێناوی مانەوەی خۆی وەکو خاوەنی کەلتورێکی جێکەوتوو و چەسپاو، دووەمیشیان هەوڵدەدات لەڕێگەی تەنزەوە یەکەم وەکو کۆمەڵێک دابونەریتی کۆن و ڕزیو و دواکەوتوو و لەکارکەوتووی کۆمەڵ بەگاڵتەوە وێنابکات، لەپێناوی ئەوەی جێ بە یەکەم لەقبکات و خۆی جێگیربێت و ببێتە جێگرەوەی، ئەوەیان له بەرهەمهێنانی تەنزدا ڕێژەکەی زیاترە، چونکە ئەمە زیاتر لەباری هێرشکردندایە، مەبەستییەتی که گۆڕانکاریی بکات، بەڵام حاڵەتی یەکەم له بەرگرییکردن و مانەوەدایە، وەک دەڵێن: دەستی بەکڵاوی خۆیەوە گرتووە، با نەیبات،ئەمەش لەبنەڕەتدا لەوەوە هاتووە که خودی(تەنز هەوڵی چاکسازیی دەدات، دەیەوێت ئەو بارودۆخەی کە هەیە و پێی وایە خواروخێچ و نادروستە، چاکتر بکات، ئەو بارودۆخەی که هەشە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دابونەریت و کەلتورەوە هەیە. تەنزی کۆمەڵایەتیش

بۆخۆی یاخییە لە دابونەریت و کەلتور، یان لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین کە دژە کەلتور و سوننەتی کۆمەڵایەتییە)( کرمی، ریاحی زمین، دهقانیان:١٣٨٨هـ.ش: ٦).

تەنزی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە(١٩٢٠ – ١٩٥٠) لە باشووری کوردستان هەمان ئەو کەش و هەوا و تایبەتمەندییانەی هەبوو کە باسمان کرد، بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی کە لەوسەردەمەدا دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و بەرەوپێشچوونی ڕۆژنامەگەریی وەکو بابەتێکی شارستانیی و مۆدێرن سەیری دەکرا و وەکو هۆکارێکی گرنگی بەرەوپیشچوونی کۆمەڵ لێی دەڕوانرا، واتا ڕۆژنامەگەریی لەوسەردەمەدا ڕۆڵی لە دروستبوونی ئەو شکاف و درزە لەنێوان نەوەی نوێ و کۆن هەبوو و وەکو دیاردەیەکی مۆدێرن و نوێ زیاتر پشتگیریی بابەتی نوێی دەکرد و پشتی نەوە تازەکەی دەگرت، بەڵام نەک بە پشتگوێخستنی تەواوەتیی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کۆن، هەندێک جار بەگەڕانەوە بۆ کۆن پشتگیریی نوێی دەکرد.

لەبەرئەوەی کە تەنزنووس لە کۆمەڵگەی خۆی جیانییە و تەواو پەیوەستە پێوەی، بۆیە پێویستە بیرکردنەوە و بیروباوەڕی تەواو ڕەنگدانەوەی کلتور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و دابونەریتی کۆمەڵ بێت(اندوهجردی:١٣٧٨هـ.ش: ٥١) بۆیە تەنزی کۆمەڵایەتیی بەتەواویی ئەو ئەرکە دەگێڕێت، چونکە هەروەکو دەڵێن: ئەدەب و هونەر ئاوێنەی کۆمەڵە، بۆیە شاعیر و نووسەر وهونەرمەند وەکو هەرتاکێک بیر و بۆچوونەکانی لە کۆمەڵەوە دێن، دەبێت بە باشترین پێناسی کۆمەڵ و سەردەمەکەی خۆی، لە ژینگەیەکدا، کە عیرفان و تەسەوف و تەرکە دونیایی زاڵە، شاعیریش عارف و سۆفی و تەرکەدونیا باردێت، لە ژینگەیەک کە ئازادیی و نەفس بەرزیی و پیشکەوتنی تێدابێت، ئەوا شاعیریش ئازاد و نەفس بەرز و پیشکەوتوو پەروەردە دەبێت و ئەو سیفەتانەی تێدا بەتەواویی ڕەنگدەداتەوە(زرینکوب: ١٣٦٣: ١٦١).

بۆیە لە تەنز بەگشتی و تەنزی کۆمەڵایەتیی دا بەتایبەتی، تەنزنووس دەیەوێت بڵێت کە دید و ئەزموونی کۆمەڵایەتیی خۆی لە بابەتە لێک دژ و ئاڵۆز و بێ سەروبەرە دیار و نادیارەکانی کۆمەڵ وەرگرتووە، لەم ڕوانگەوە ڕاستگۆترین دۆزەرەوان و ئاشکراکەرانی واقعی پوچ و بەفیڕۆچووی کۆمەڵگەی خۆیانن، بە پێودانگی ئەو وتەیەی کە دەڵێت:( لە گوتندا کاریگەرییەک هەیە کە لە نەگوتندا نییە)..، ئەوان وەکو مامۆستایەکی توند و سەختگیر وان کە خوێندکارە لادەر و خوارڕۆیشتووەکان بە لێدان و قامچی تەنز بهێننەوە سەر ڕێگای ڕاست(اندوهجردی:١٣٧٨هـ.ش:٦١).

بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵدەدەین بابەتی تەنزی کۆمەڵایەتیی لەڕوانگەی (شیعر و پەخشان) و هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییانەی لەم چوارچێوەیەدا خراونەتە ڕوو، لەم قۆناغەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی باشووری کوردستاندا بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

**١) شیعر:** بەگشتی لە ئەدەبدا بە کۆنترین ژانر دانراوە، ئەمەش بەهۆی ئەو سەرنجڕاکێشییەی لە ڕیتم و مۆسیقا و کێش و سەرواکەیدا هەیە، لەم قۆناغەشدا ئەم ژانرە ئەم سەرنجڕاکێشییە و هێز و پێزەی مابوو و کەناڵ و کەرەستەیەکی گونجاوبوو بۆ گەیاندنی ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی تەنز، بۆیە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغەی باشووری کوردستان سوودیان لەم ژانرە وەرگرت و بەرهەمی شاعیرانیان تێدا بڵاودەکردەوە، لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغە سەرەڕای ئەوەی شاعیرەکانی ئەو سەردەم وەکو (پیرەمێرد و قانیع و مەدهۆش، موفتی پێنجوێنی) و چەندان شاعیری دیکە شیعرە تەنزەکانی خۆیان بڵاودەکردنەوە و شیعرە تەنزەکانی شاعیرانی پێشتریش لە نموونەی(شێخ ڕەزا و سالم)و چەندان شاعیری تریش بڵاوکرانەوە ، بۆنموونە لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری (دیاری کوردستان)دا ئەو شیعرەی شێخ ڕەزا بڵاوکراوەتەوە کە بە تەنزەوە باسی ئەو ئێسترە دەکات کە بە دیاری بۆی هاتووە(ئەمین- سالح: ٢٠٠١: ١٠)، هەمان شیعر لە ژمارە(٢)ی ساڵی(١٩٤٣)ی

گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) بەناوی (ئێستری دیاری) بڵاوکراوەتەوە(ساڵح- ساڵح- زەنگەنە: ٢٠١٠:٦٩).

لێرەدا هەوڵدەدەین بۆ بەڵگەی قسەکانمان چەند نموونەیەکی شیعریی کە پەیوەستن بە تەنزی کۆمەڵایەتییەوە بخەینەڕوو.

بۆنموونە (پیرەمێرد) لە شیعری(پۆکەر و جۆکەر)دا دەڵێت:

ئەوسایە جۆکەر دانـــــەهــاتبـــــوو
وادیارە پیاوی ئەوسا یەکڕوو بــوو
ئێستە کە جۆکەر لە ژوور هەموانە
دیارە دووڕوویی مۆدەی زەمانـــــە
جۆکەر ناوی خۆی بە خـــۆیەوەیە
تۆ هەرچیت بـوێ بۆ تـــۆ ئەوەیـە
ئەگەر وێرگولـــی بکـــەوێتـــە نـاو
ئالیک و چوارپێ یەک ئەخـــاتە ناو (پیرەمێرد: ١٩٤٣: ٢)

لەو سەردەمەدا یاری(پۆکەر و جۆکەر) زۆر باوبووە و یەکێک بووە لە دیاردە کۆمەڵایەتییە خراپەکانی ئەو سەردەمە، بۆیە شاعیر بە تەنزەوە ڕەخنە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە ماڵوێرانکەرە دەگرێت و لە وشەی(جۆکەر) کە ناوی کارتێکی کاریگەری یاریی پۆکەرە، دەڵێت: ئەگەر جیای بکەینەوە ئەوە بەشی یەکەمی کە (جۆ)یە، ئالیکی کەرە، دووەمیشیان کە وشەی(کەر)ە و ئەو بە چوارپێ ناوی بردووە و ئاماژەیە بۆ ئەوانەی یارییەکە دەکەن و ئەوانی پێ چواندووە، هەروەک دیارە، کە شاعیر ئەمە بە سەرچاوەی دوو ڕوویش دەزانێت.

بۆنموونه (قانیع) له ڕۆژنامەی(ژین)دا، شیعرێکی تەنز ئامێزی بەناوی (من و فلس)بڵاوکردۆتەوه و دەڵێت:

ئەی فلس وەڵڵا له داک و باب و باپیـــر چـــاتری
تۆ له دووسەد خزم و خوێش و دەسگیر چاتــری

هەی بە قوربانی زڕەت بم ڕۆژی سەودا و مامەڵـه
تۆ له شێر و خەنجـــەر و بـــڕنەو گـــەلێ ئازاتری

وابزانم بێ ئەدەب نابـــم ئـــەگـــەر ئەمـــڕۆ بڵێـم
تۆ له لوقمان و ئـــــەرەستـــــوو عالـــم و داناتــری

من بەچاوی خۆم ئەبینم کەمتیارت کرد بە شێـــــر
بەینی بەینەڵڵا له خواجه و فەیلەسووف وریاتــری

چەن زەبەللاح و قوڕمساخ و تەڕاحت کرد بە پیـاو
جا کەوابوو تۆ له خوێنـــــدن چـــــاتــر و باڵاتــری

کلکی کەر بەرز کەیتەوه ئەیکەی بە پێشەنگی قەتار
ئافـــەریـــــــن بۆ تۆ فلس بێشـــک له من داناتــری (قانیع: ١٩٤٥: ٢).

شیعرەکە گفتوگۆیەکی تەنزئامێزه لەنێوان شاعیر و فلسدا، پەیامی شاعیر له شیعرەکەدا بریتییه له ڕەخنەگرتن لەو زەمانەی، کە شاعیر تێیدا ژیاوه، بەشێوەی تەنز کە پوڵ و پاره جێگەی هەمووشتێکیان گرتۆتەوه، کەسانی پولەکی و پارەپەرست و پارەدار ڕۆژیانه و جێگەیان بە زانا و عالم و فەیلەسووف لەقکردووه و لەوان خۆشەویستترن.

هەروەها (هەژار)یش لە شیعری (لێفەشڕە)دا، کە لە ژمارە(٣٤)ی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە دا بڵاویکردۆتەوە، بە تەنزەوە باسی هەژاریی و نەداریی خۆی وەکو دەردێکی کۆمەڵایەتیی دەکات و دەڵێت:

مـــن و نینۆکم لەشکـــرمـــان گـــردە
لەگەڵ کێچانمان هەر دەســت و بــردە

هەموو شـــەو تـــا ڕۆژ پارێـزێ دێنن
دزی شمەک نین، دوژمنـــی خـــوێنن

تا بەری بەیـــان شـەڕ و هـــەڵڵایــە
هەر کێچە و بۆمـن دەس بـە تێڵایــە

شەوانە کاری ســـەد هـــەزار نییـــە
کە ڕۆژ ڕووناک بوو یەکێ دیار نییە

ڕۆژ، تا دەریان کەم تەئمین بێ ژینم
هەرچـی دەگـــەڕێم یەکـــێ نابینـم!

لێفـــە شڕێکمـــان هـــەیـە پـــواوە
بە سـەر ئـادەم و حـــەواش دادراوە

بەری لـــۆکـــەیـە و پشتی ڕیتـــاڵـە

هێند کۆنە،عاسمان پێی دەڵـــێ خاڵـە

جارجار کە هەستی سەرمایەم دەکرد

بە نـــاعیلاجـی پـــەنـام پـێ دەبـرد

مەمنا مام لێفە ســـەر بـــەگێچـەڵـە

لەســـــەر ئەودایە هەرچـــی گۆنگەڵە

ئەو هەمــوو كێچـــە لــەوی هــالاوە

ئــەو هــەرایــە ئەو بنیاتــی نـــاوە

تومـــەز خــەریکە ڕیشــــــەم دەرێنیَ

بۆ ڕەحەتی خـــۆی مـــن بفەوتێنــیَ(هەژار: ١٩٤٦: ٦٨٦)

شاعیر بەتەنزەوە باسی لێفە شڕ و کۆنەکەی دەکات، کە بۆتە مەڵبەندی کێچ و چڵکنی، شەوانە لەبەر سەرما بەناچاری بەخۆیدادەدات، لەبەر هەژاریی و نەداریی ناتوانێت فڕێیدات.

(کاریکاتۆری قانیع)

بیستبـــووم قانــع هەیـە و شــاعیـــــرە

فەیلـــەسـووفێکـــی زانــا و ماهیــــرە

هـــەر کـــەشکــولێکم ئەکەوتە بەر چــاو

یــا گۆڤـــارێکــم ئــەدی نــاو بە نـــاو

بــە شیعـــری قانــع ڕەنگیـن کرابـــوو

لـــە لای هـــەموو کەس تەحسین کرابــوو

شیعریشیم لای خۆم زۆر زۆر نووسیبوو

ئـــەگەرچـــی خۆیشیـــم هەرگیز نەدیبوو

هەر ئەمــوت خۆزگــە ئــەم شـــەمامەیە

بۆنی وا خۆشــــە، ڕەنگــی کــامــەیــە؟

کــوتوپـــڕ یەکــیَ لــە هــاوڕێکـانــــم

دەستی برایــی خستــە ســەر شــانــم

وتـــی: بـــراکـــمـــــەم ســـەربێنـــە دەرێ

ئـــەوە قانعـــە، مــــــوژدەمـــان بـــەرێ

کاتـــــێ هـــاتمە دەر، نواڕیم یەک پیاوێ

هـــەر وەک کـــۆتـــەرەی نیوەسووتاوێ

کەوشـــە چەکێکـــی وا لـــە ســـەر پێدا

هـــــەر وا بـێدەمـــــاخ ئەڕوات بە ڕێدا

زەلامـــــێ زلـــە و زەبـــەلاح و بـــەرز

چڵکن، خواروخێچ، وەک سێوی بن ئـەرز

ئـــاگری تێبـــەردەی بۆســـــۆی لێ نایە

زۆر پەشیمانـــــم، خۆزگـــە نەمدیایـــە

وتـــم هـــەی هـــاوار ئـــەم پیاوە بەرزە

هـــەر ئـــاوا ئەژی لە ڕووی ئەم ئەرزە!؟ (مەدهۆش: ١٩٤٢: ٢)

هەروەک دیارە (مەدهۆش) بەتەنزەوە باسی (قانیع)ی کردووە و وێنەیەکی کاریکاتێری جوانی بە وشە کێشاوە، ئەمەشی لە هەژار و ڕووت و ڕەجاڵی شاعیرەوە وەرگرتووە، چونکە ئەمە سیمایەکی دیاری قانیع بووە و بەوە ناسراوەتەوە، بەڵام ئەو هاتووە بە زیادەڕۆییەوە ئەم لایەنەی باسکردووە، ئەمەش سیمای دیاری کاریکاتێرە.

جۆر و شێوازی دروستبوونی تەنزەکە لەشیعرەکەدا زیاتر لەگەڵ تیۆری ناسازی(ناتەبا) دا یەکدەگرێتەوە، بەوەی کە شاعیر(مەدهۆش) پێش ئەوەی (قانیع) ببینێت لەڕێگەی شیعرەکانییەوە کە خوێندوونییەوە، بەهۆی بەرزی بیر و جوانی شیعرەکانییەوە وێنایەکی جوان و ڕێک و پێک لە

مێشکیدا دروستبووە، بەتامەزرۆیی و خۆزگەوە دەیەوێت بیبینێت و کاتێک دەیبینێت لە پێشبینی و چاوەڕوانی ئەو زۆر دوورە، بۆیە بە کۆتەرەی نیوە سووتاو و چڵکن و خواروخێچ باسی دەکات و بە سێوەبن عەرزەی دەچوێنێت. ئەمەش ئەو بابەتەیە کە لە تیۆری ناسازی(ناتەبا) باسیکراوە.

ئەمە سەرەڕای چەندان نموونەی تری وەکو (لطیفەی مەولەوی)(پیرەمێرد:١٩٣٤: ١)، (سپاسی فلس)(پێنجوێنی: ١٩٤٤: ٢) .

هەروەها پیرەمێردی شاعیر لەڕێگەی داڕشتنەوەی بەشێک لە پەندی پێشینان بەشێوەی شیعر، هەوڵیداوە بەشێوەی تەنز ڕەخنە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی بگرێت، شاعیر ئەو پەندانەی لە ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین)ی سەردەمی خۆیدا بڵاوکردوونەتەوە و (هەمیشە ئەوەی ڕەچاوکردووە، کە پەندەکە لەتەک بارودۆخ دا بگونجێ، بۆیە هەر پەندەی وێنەیەکی کاریکاتۆریی سەربەخۆیە. پیرەمێرد لە دەستنووسەکەیدا بەشی زۆری ئەو بۆنانەی دەستنیانکردووە، کە پەندەکەی تێدا گوتراوە).( هۆشیار و هاوڕێکانی: ٢٠٠٧: ٥).، ئەمانەش چەند نموونەیەکن لەو پەندانە:

ئاغای تەماعکار هەر ئەڵێ بیــدە

کەر بەجۆ بمرێ ئەوسا شەهیدە(پیرەمێرد : ١٩٣٢: ٣)

بە تەنزەوە ڕەخنەگرتن لە ئاغای زۆردار و چاوچنۆک و تەماعکار و چواندنی بە کەرێک کە لەبەر زۆر جۆ خۆریی دڕاوە.

حوشتر لەڕەنجا بۆیە ناســـرەوێ

بەو زلحۆرتییە دوای کەر ئەکەوێ(پیرەمێرد: ١٩٤١: ٢)

بەتەنزەوە باسکردنی بەهیلاکچوونی، کەسێک کە دوای نەزان کەوتووە، کەسەکە بە حوشتر چوێنراوە و نەزانەکەش بە کەر.

دەوڵەمەندی ڕژد خۆی هەڵئەکێشێ

پارە مێشێکـــە لە گووش ئەنیشێ(پیرەمێرد: ١٩٣٢: ٣)

بەتەنزەوە ڕەخنەگرتن لە دەوڵەمەندی پیسکە و ڕژد و خۆبەزلزان و چواندنی پارە بە مێش و دەوڵەمەند بە پیسایی.

ئەوشوێنەی کەوا وتیان خەرمیزە

کەر لێی ئەمیزێ یەکسەر بەڕێزە( پیرەمێرد: ١٩٤٤ :٢ )

یان دەڵێت:

خۆهەڵکێشانە بە کردەوەی حیز

چاولێکەرییە پێی دەڵێن خەرمیز (پیرەمێرد: ١٩٤١: ٢)

پیرەمێرد ئەو پەندانەی وەکو پلار بەشێوەی تەنز بۆ ئەو کەسانە بەکارهێناوە کە کوێرانە و بە بێ بیرکردنەوە بەدوای قەرەباڵغی و شتی باو دەکەون.

خەسوو بە خڕکێ، بووکێ بە بڕکێ

تێک بەربن شیریان چۆن نابزڕکێ؟(پیرەمێرد: ١٩٤٥: ٢)

بەتەنزەوە باسی شەڕی بوک و خەسوو دەکات بەدار و بەرد.

**٢) پەخشان:**

ئەم قۆناغە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەسەرەتاکانی گرنگیدان بە بابەتی پەخشان بەشێوەیەکی هونەریی دادەنرێت لەلایەن نووسەرانەوە، لەم نێوەندەشدا بابەتی تەنز بەگشتی و تەنزی کۆمەڵاتیی بەتایبەتی لە قاڵبەکانی پەخشاندا(پارچە پەخشانی هونەریی و چیرۆک و نوکتە)زۆر گرنگیان پێدراوە. بۆنموونە (پیرەمێرد) لە ژمارە(٣٨٩)ی ڕۆژنامەی ژیاندا پارچە پەخشانێکی تەنزئامێزی بەناوی(خەیاڵی ڕۆژوو) بڵاوکردۆتەوە و دەڵێت:

(یەکی لە شاعیرە خەیاڵبازەکان وتویە هیچم لەماڵا نییە، ئەگەر ڕەمەزان ڕووبکاتە ماڵم لەبرسا ئەیخۆم، لەمن و فەتاح ئەفەندیشیان پرسی ڕۆژوو ئێوە دەگرێت، یان ئێوە ڕۆژوو دەگرن؟ هەندێکمان پێمان وایە، کە ڕۆژوو بۆ نەشئەی تورەییە، ئەمساڵ نازانم هی پیرییە هی چییە زوو شپرزە دەبم، باوەڕم پێ بکەن، ڕاستە من ڕۆژیشم لی تێکچووبوو، پێنج شەممەم بە سێ شەممە ئەزانی، تا ڕەمەزان نەهاتبوو ئەموت لە ژیاندا بەندێ ئەنووسم، کەڵکی پێوەبێت، ئەوەتی ڕۆژوو ڕۆژی لێ شێواندووم دێمە سەر نووسین بە کاغەزە سپیەکەدا ئەڕوانم گیپە و شیلاوگ و کلاوقازی ، لەولاترەوە پاقلاوە و خانم کوکی و لوقمەقازی ناهێڵن قەڵەمی لێ دابنێم، شتێ بنووسم، ئەحمەد ڕاسم هەبوو لە ئەستەنبوڵ بەڕاستی جوانی دەنووسی، سەرمحرر بوو، ڕۆژێ برسی ئەبێ، تاریخی بامیەی نووسیبوو، منیش ئەمەوێ حەلی کەشکەک و هەریسە و گەنمەکوتاو بکەم، هەرسێکیان لە ڕەگەزێکن، چۆن لێک جیادەکرینەوە؟ بەڵام ئەوانە بۆ ڕۆژووەوان قورسن: شۆربای ئەشکمە و مرەبای تویکڵە شوتی و...، ئینجا دێت باسی لێنانی شۆربای ئەشکمە بەشێوازی خۆی دەکات و دەڵێت: شۆربای ئەشکمە بە سیستمی قەلەندەر وا لێدەنرێت: دەچێتە وردەکاری لێنانییەوە...، لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەڵێت: ئەمجارە با شۆربا بخۆین، ئەگەر خۆشبوو خۆشببین، جارێکی تر لە مرەبای توێکڵە شوتی و تور ئەدوێین)(پیرەمێرد: ١٩٣٤: ٣)

ئەمە بەشێکی پارچە پەخشانەکەیە و نووسەر بە تەنزەوە باسی نەداری و هەژاری و پیری و نەفسی بەڕۆژووی خۆی لەرەمەزاندا دەکات، بەوەی چۆن برسییەتی کات و ساتی لێ تێکداوە، هەرچی دەینووسێت لەبابەت ئەدەبیات و زانستەوە، بیری بەلای شیرنەمەنی و خواردنی خۆشدا دەچێت.

## أ) چیرۆک:

لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەدا گرنگییەکی زۆر بە چیرۆک دراوە، هەندێکیان دروستکراو و زادەی زەینی نووسەرن، هەندێکیشیان حیکایەتی میللی و فۆلکلۆرین، فۆلکلۆر لەم قۆناغەد زۆر گرنگی پێدراوە ، لەپێناوی پاراستنی ئەم سەرمایە نەتەوەییە لە فەوتان، ئەمەش لە هەستی نیشتیمانیی و نەتەوایەتیی نووسەرانەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆنموونە لە ژمارە(٧٦١)ی ڕۆژنامەی (ژین) کورتە چیرۆکێکی تەنزئامێز بەناوی(ڕۆڵەی نەگریس) بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەشدا گۆڤاری (دەنگی گیتی تازە) لە هەموویان زیاتر گرنگی بەو چیرۆکانەداوە کە تەنز ئامێزن و چەندان نموونەیان لێ بڵاوکردوونەوە، ئەمە چەند نموونەیەکن لەم چیرۆکانە: (کەر ئەحمەد، سێ کەسی هاوڕێ، گورگ و ڕێوی ). ئەمانە و چەندانی دیکە نموونەی ئەو چیرۆک و حیکایەتە میللی و فۆلکلۆرییانەن که ناوەڕۆکەکەیان پڕە لە تەنزی کۆمەڵایەتیی، ئێمە لێرەدا بەکورتی باسی(چیرۆکی کەر ئەحمەد) دەکەین کە (تۆفیق وەهبی بەگ) لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) لە ژمارە (١)ی بەرگی دووەمی نیسانی ساڵی( ١٩٤٤) دا بڵاویکردۆتەوە و لە خوار ناونیشانەکەی نووسیویەتیی (لە چیرۆکەکانی مناڵیم وەکو ئێستا بەبیرمادێ).

پاڵەوانی چیرۆک (ئەحمەد) ناوێکە، کە پیشەی جۆلایی بووە و بە (کەر ئەحمەد)ناوبانگی ڕۆیشتووە، کەسێک بووە بە قەد و قیافە وەکو ڕۆستەمی زاڵ بووە، بەڵام زەلیل لەبەردەستی ژنەکەی و بەقەد دێویک لێی ترساوە، ڕۆژێک ژنەکەی کاسە ماستێکی پێدەسپێرێت بەهەڕەشەوە پێی دەڵێت،

که ئەگەر مێشێکی بچێتەناو وای بەحاڵت، دوای ئەوەی کەر ئەحمەد ئاگای لە کاسە ماست نامێنێ، سەیردەکات ڕەش دەچێت لە مێش، ئەویش ئەو شمشێرە لە کالان دێنێتە دەر کە بە دیواردا کراوە و لە باب و باپیرانی بۆی ماوەتەوە، ڕایدەوەشێنێتە کاسەماست و ورد و خاشی دەکات، پاشان لەترسی فەریکەدێوی ژنی ماڵ بەجێدەهێڵێت و ئەوەندە دووردەکەوێتەوە، کە دەستی پێ نەگات، دواتر هەر بەڕاستی، کە شمشێر و کالان بە کەمەری خۆیەوە دەبێنێت خۆی وەکو پاڵەوان دێتە بەرچاو ئەوەتا کاسەماستێکی پێ ورد و خاش کردووە و چەندان مێشی پێ کوشتووە، داوا لە کەسێک دەکات، کە لە شمشێرەکەی بنووسێت :(پاڵەوان ئەحمەد بە شیرێک چل گیانداری بێ گیان کرد)، پاش ئەوەی کە ڕێی دەکەوێتە شوێنێک کە کانییەکی لێیە و لەسەر کانییەکە پشوویەک دەدا و خەو دەیباتەوە، لەو شوێنە دەستەیەک دەژیان، کە چل جەردەبوون و خەریکی ڕاو و ڕووت بوون و کەس پێیان نەدەوێرا، لەو ڕۆژانەش پیشەوا و سەرۆکەکەیان مردبوو، پێک نەدەهاتن بۆ دیاریکردنی سەرۆکی تازە، کە (کەر ئەحمەد) بەم قەڵافەتە زەبەلاحەوە و شمێرەکەی دەبینن و نووسراوەکەی سەری دەخوێننەوە دەستبەجێ دەیکەن بە پێشەوای خۆیان. هەر لەو سەروبەندەدا پاشا جارچی بە قەڵەمڕەوی خۆیدا بڵاودەکاتەوە، کە دوژمن بەنیازە هێرش بکاتە سەر تەخت و تاجی و بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر چل جەردەکان لەو شەڕە هاوکاری پادشا بکەن، پادشایش فەرمانی لێخۆشبوونیان بۆ دەردەکات، بۆیە دەچن بۆ قەسری پادشا و لەوێ چەک و تفاقی شەڕ و ئەسپیان بۆ ئامادەدەکەن و بۆ کەر ئەحمەدیش ئەسپێک دێنن، کە لەگەڵ قەد و قیافەی زەبەلاح و ناو ناوبانگی ئەودا بگونجێت، ئەسپەشێتێک لە تەویلەی پاشا دەردێنن وەکو ئەژدیها وایە، بە چەند کەسێک دەیگرن کە کەر ئەحمەد سواری ببێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن، کەر ئەحمەدیش کە تاکو ئەو کاتە سواری گاجوتێکیش نەبووە، لەترسان و لەدەروونیدا هەموو گیانی دەلەرزێ، بەڵام هیچ بەسەر خۆی ناهێنێت و دەڵێت: من زۆر شەڕم کردووە و زۆر لە ئەسپ گلاوم ، بۆیە پیویستە جوان لەسەر ئەسپ بمبەستنەوە، ئەوانیش جوان (کەر ئەحمەد) شەتەک دەدەن و ئەسپەشێت خێرا بەئاڕاستەی

دوژمن وەکو فیشەک ڕادەکات، (کەر ئەحمەد) لەسەر ڕێگای خۆی بۆ ئەوەی ئەسپەکە بوەستێنێت پڕ دەداتە درەختێک، بەڵام درەخت لەڕەگەوە دێتەدەر، سوپای پاشا و دارودەستەی کەر ئەحمەد کە ئەو دیمەنە دەبینن دەخرۆشێن و بەشوێن کەر ئەحمەددا ڕادەکەن بەرەو تێکشکاندنی سوپای دوژمن، دوژمنیش کە ئەو دیمەنانە دەبینێت، بەجارێک ورەی دەڕوخێت و شپرزە و پەرتەوازە دەبن و تێکدەشکێن، پادشایش دوای ئەو سەرکەوتنەی کە پاڵەوان ئەحمەد تۆماری کرد، بڕیاریدا وەکو پاداشت بیکات بەزاوای خۆی و پاش چەند ساڵێک پادشا نەخۆش دەکەوێت و وەسیەت دەکات، کە پاڵەوان ئەحمەد جێنشینی ئەوە، دوای مردنی پادشا پاڵەوان ئەحمەدی ئێستا و کەر ئەحمەدی جاران دەچێتە سەر تەخت و تاج و تەختی پاشایەتیی پیدەبەخشن.

لایەنە تەنزەکەی چیرۆکەکە ئەوەیە، کە زۆر کەس لەناو کۆمەڵگەی دواکەوتوو لە قەبارەی خۆی گەورەتر دەکرێت، ئەو شتەی پێدەدرێت، کە زۆر کەمتر لەوە قابیلییەتی، ئەوەتا کەر ئەحمەدێکی ترسنۆک و زەلیل لەبەردەستی ژنەکەی، بە چەند هەڵکەوتێک و تۆزێک بەخت و ئیقباڵی چاک، دەچێتە سەر تەختی پاشایەتی و دەبێت بە پادشا.

ئەگەر ئەم چیرۆکە بخەینە تەرازووی تیۆرەکانی پێکەنین کە هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبونی تەنزەکە، دەتوانین بڵێین کە زیاتر تیۆری ناساز(ناتەبا) باسی دەکات، ناتەبایی و ناسازییەکەیشی لەوەدایە کارەکتەری سەرەکی(پاڵەوان)ی چیرۆکەکە(کەر ئەحمەد)، کە لەبنەڕەتدا کەسێکی ترسنۆک و گێل و دەبەنگە، پێشبینی دەکرێت کە باجی ئەو ترسنۆکی و دەبەنگییەی بدات، بەڵام ئەو شتە ڕوودەدات کە پێچەوانەی ئەو پێشبینییەیە، لەپڕ بەخت یاوەری دەبێت و بەکەسێکی ئازا و جەنگاوەرێکی هەڵکەوتوو ناوی دەڕوات و پاشان دەبێت بە پادشای وڵات.

**ب) نوکتە:**

نوکتە بەشێکی گرنگی تەنز پێکدەهێنێت و لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەدا زۆر گرنگی پێدراوە، نوکتەکانیش هەر بەبێ هۆ بڵاونەکراونەوە، بەڵکو پەیوەستن بەو بارودۆخ و ڕووداوانەی لەو سەردەمەدا ڕوویانداوە، ئەمەش زیاتر لەگەڵ سەلیقەی خوێنەری ئەو سەردەمە هاتۆتەوە، ئەم نوکتانەش لەژێر ناوی جیاجیادا بلاوکراونەتەوە، بۆنموونە لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا هەندێک جار لەژێر ناوی (قسەی پڕوپوچ)دا و هەندێک جاریش لەژێر ناوی(قلی و بلی، یان (ق.ب.)دا بڵاوکراوەنەوە، لە ڕۆژنامەی (ژیان)یشدا لەهەندێک شوێن بە ناونیشانی(قسەی حەلەق و مەلەق) و لە هەندێک شوێن بە (فکاهات) بڵاوکراونەتەوە، لەگۆڤاری (زاری کرمانجی)دا بەناوی(بۆ نەختێک پێناکەنی؟) و لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)شدا لەژێر ناوی (بۆپێکەنین) و (کەمێک پێبکەنە) دا بڵاوکراونەوە، هەروەک لە گۆڤاری (گەلاوێژ)یشدا گۆشەیەک هەبووە بەناوی (بۆپێکەنین) کەتییدا ئەو نوکتانە بڵاوکراونەوە کە بەزۆریی کە مەبەست و ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەبووە.، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێنەری ئەم قۆناغە زیاتر بەو بابەتانە پێکەنیون و جێی سەرنجیان بووە کە بابەتی کۆمەڵایەتین. لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

- حاکم: کچێ تۆ سوێندت خواردووە، ڕاست بڵێ عومرت چەندە؟
- ژن: قوربان بیست و یەک ساڵ و چەند مانگێک.
- حاکم: چەند مانگ؟
- سەد و حەوت مانگ. (گەلاوێژ: ١٩٣٩: ٤٣)

لەم نوکتەدا بەتەنزەوە باسی سروشتێکی تایبەتی ئافرەت دەکرێت، کە دەیەوێت تەمەنی بە شاراوەیی بمێنێتەوە و کەس نەیزانێت، یان تەمەنێکی کەمتر بڵێت لەوەی کە هەیە، هەتا ئەگەر ناچاریش بکرێت و پێویستبێت تەمەنی خۆی بڵێت.

- سواڵکەرێ داوای ١٠ فلس لە ئەفەندییەک دەکات، دەڵێت: پێم نییە.
- سواڵکەرەکە دەڵێت: باشە دوو فلسم بەرێ، ئەفەندی دەڵێت پێم نییە.
- سواڵکەر: باشە فلسێکم بەرێ.
- ئەفەندی: پێم نییە.
- سوڵکەر: دەباشە با پێکەوە سواڵبکەین.(گەلاوێژ: ١٩٣٩: ٥٤).

بەتەنزەوە بارودۆخی خراپی گوزەرانی مووچەخۆرانی ئەوکاتەمان پیشاندەدات، دەشگونجێ پارەنەدان بە سوڵکەرەکە دەلالەت لە ڕەزیلی ئەفەندییەکە بکات.

- ئەوە چییە بە بن هەنگڵتا؟
- فستانێکی مۆدەیە
- ئەی بۆ وا ڕائەکەی؟
- نەک تا ئەگەمەوە ماڵێ مودەی بەسەرچێ.(گەلاوێژ: ١٩٤٠: ٤١)

لەو سەردەمەشدا بابەتی مۆدە و مۆدیلبازیی لەبرەودا بووە و ئەم نوکتەیە گاڵتەکردنە بەو بابەتە.

### ٣) ژانری ئاوێتەیی(چیرۆک و شیعر):

لەنێوان شیعر و پەخشانیشدا کۆمەڵێک بابەتی تەنزی کۆمەڵایەتی لەلایەن شاعیرانەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغەدا بڵاودەکرانەوە، کە بە ناوەڕۆک چیرۆک و بە ڕوخسار شیعر، یان (هۆنراوە)بوون، ئەویش ژانری ئاوێتەیی تەنز ئامێزبوون، هۆکاری نووسینی ئەم **ژانرە ئاوێتەیی** بیانە دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خوێنەر و خوێندەواری ئەو سەردەمە زەوق و سەلیقە و نێوانیان لەگەڵ شیعردا خۆشبووە و شیعر ژانرێکی ئەدەبیی جێکەوتووبووە، بۆیە چیرۆکیشیان هەر بە شێوەی شیعر نووسیوە. نموونەی ژانری ئاوێتەیی تەنزئامێز زۆرە، وا لێرە ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین:

(پیرەمێرد) لە ژمارە(٦٨٦)ی ساڵی(١٩٤٢)دا ژانری ئاوێتەیی(بەیتی مشک و پشیلە)ی بڵاوکردۆتەوە، لە ژمارە(٣٩)ی ڕۆژنامەی ژیاندا ژانری ئاوێتەیی تەنزی (طماعکاری) بڵاوکراوەتەوە(نەناسراو: ١٩٢٦:٤) هەر لە هەمان ڕۆژنامە و ژمارە(٢٨)دا ژانری ئاوێتەیی (دوژمی عاقڵ و دۆستی بێ عاقڵ)بڵاوکراوەتەوە(علی عارف:١٩٢٦: ٤) ، هەروەها لە ژمارە(٥)ی بەرگی (٤)ی ساڵی (١٩٤٥) لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ژانری ئاوێتەیی (ڕاوی سەماوەرە شکاو)ی (علی شەوقی) بڵاوکراوەتەوە(عەلی شەوقی: ١٩٤٥:٤٤٢)، هەروەها پیرەمێرد بەسەرهاتێکی تەنز ئامێزی(مەلای مەزبورە)ی بەشێوەی شیعر داڕشتۆتەوە و بە ناوی (بالۆری)یەوە لەڕۆژنامەی ژین بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت:

مەلای مەزبورە چووبووە سـەرداریێ

لقێکــی ئەبــڕی بیکــا بـــــە بــــاریێ

ئەیویست ئەو لقەی خۆی وا لەسـەری

لەبنـدا بـبـڕێ، عــەقڵــی وای بــڕی

ڕێبوارێ پێی وت: مـــەلای سـەرداریٚ

ئەو لقە ببڕی ئەکـــەویـــە خـــواریٚ

مەلا لێی نەبیست، سا ئەو بەڕێ بـوو

ئەم لەگەڵ لقـدا ســـەرەنگریٚ بــوو

کە کەوتە خــواریٚ وتــی ئەم پیاوە

لە غەیب ئـــەزانیٚ(وەلـــی) تــەواوە

ڕایکرد چوو پێی وت، کەرامەتـداریٚ

تۆ کە زانیت من ئەکەومــە خـــواریٚ

هەڵبەت ئەیشزانی کە من کەی ئەمرم

توخــوا پێم بڵــێ لەبـــەرت مـــرم

وتی عومری تۆ پێت بڵێم چەنـــدە؟

بە سێ بای زگی ئەم کەرە بەنــدە

منیش بەوانەی کە کۆبۆن ئەکـــڕن

ئەڵێم لقی ژێـــر خۆتـان ئـــەبڕن

میللەت دارێکە کـــە سێبـــەردارە

چۆن لق و پۆپی ئەشکێ ئـەو دارە؟

دەستی داد زۆریان ئەخاتە خـوارێ

کەچی عار نانێن بە کەوتنی جـارێ

واچاکە بە داخ نیشـــانەیـــان کــەن

کـــــە عاریان نەنا، ڕەوانەیـــان کەن (پیرەمێرد: ١٩٤٤: ٣)

هەروەکو دیارە (پیرەمێرد) ئەو **ژانرە ئاوێتەییە** تەنزئامێزەی مەلای مەزبورەی بۆ ئەو بازرگان و کڕیارانە هێناوەتەوە کە بەهۆی کڕینی کۆبۆنەوە فێڵ لە میللەت دەکەن و بەهۆی بەسەرهاتەکەی مەلای مەزبورەوە پێیان دەڵێت کە خراپە و فێڵ و تەڵەکەبازیی ئەنجامێکی باشی نابێت و لێپرسینەوەی لەسەرە، لە نەزانی و گێلیش بە مەلای مەزبورەیان دەچوێنێت، بەوەی کە فێڵ لە میللەت ناکرێت، چونکە میللەت ئەو لقە درەختەیە کە لەسەری، بەبڕینی وەکو بەسەرهاتەکە دەگلێی و دەکەویە خوارێ.

## تەوەری دووەم: تەنزی سیاسی( Political Satire) :

کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی لەو سەردەمەدا زۆر لە ڕووداو و پێشهاتی سیاسی تێیدا ڕوویانداوە، ئەمەش بێگومان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کورد هەوڵی دەدا لەو گۆڕانکاریی و وەرچەرخانانەی کە لە جیهاندا بەهۆی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمەوە ڕوویاندابوو ڕۆڵی هەبێت و وەکو هەموو میللەتانی دنیا ببێت بە خاوەنی قەوارەی سیاسیی خۆی و بەو هۆیەوە مافە نەتەوەییەکانی پارێزراوبن، بۆیە لە هەڵوێستە سیاسییەکانیدا بەتایبەتی لە جەنگی جیهانی دووەمدا، کە لایەنگریی لایەنێکی جەنگەکەیان دەکرد و پشتگیرییان دەکرد، بەتایبەتی زۆربەی خوێندەوار و ڕۆشینبیرانی باشوور لەو سەردەمەدا پشتگیرییان لە ئینگلیز و سوێندخۆرەکان دەکرد و دژی هیتلەر و هاوپەیمانەکانی بوون، ئەمەش ببوە بنچینەیەک بۆ نووسینی بابەتە ئەدەبی و تەنزەکانیان.

ئەم قۆناغە لەبابەت تەنزەوە گرنگی و بەهای خۆی هەیە، هەرچەندە ڕێژەکەی لەچاو جۆرەکانی تری تەنز، بەتایبەتی تەنزی کۆمەڵایەتی کەمترە، ئەمەش بۆ ئەو قەدەغەکردن و سانسۆرە دەگەڕێتەوە، کە سیاسەتی ئەوکاتە خستبوویە سەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، لەبەرئەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوکات زۆربەیان پشتیوانێکی بەهێزی سیاسیان نەبووە و هی تاکەکەسبوون و بە هەوڵ و هیممەتی کەسی دەرچوون، بۆیە زۆریان لەبەر بڵاوکردنەوەی ڕەخنەی سیاسی هەڕەشەی داخستنیان لێکراوە و داخراون، بۆنموونە ڕەخنەیەکی بچوک لە نەبوونی پڕۆژەی ئاوی خاوین لە شاری هەولێر بەسبووە بۆئەوەی لەساڵی(١٩٣٦)گۆڤاری(ڕووناکی) دابخرێت، هەر بە بڕیاری سیاسی گـۆڤاری گـەلاوێژ داخــرا کــە گــەورەتــریــن قــوربــانــی ڕۆژنــامــەنــووسیی کــوردیــی ئەوسەردەمەبوو(مەزهەر: ١٩٧٨: ٨٦) بابەتەکانی تەنزی سیاسیش لەم قاڵب و ژانرە ئەدەبییانەی خوارەوەدا دەردەکەون:

**١)شیعر:**

شیعر وەکو ژانرێکی ئەدەبی ئاشنا و بڵاو لەئەدەبی کوردیدا بژاردەیەکی باشبووە بۆ ئەو سەردەمە، بۆئەوەی بە کاریگەریی و هێزەوە تەنز و پەیامەکانی پێبگەیەنرێت، گەورەترین ڕووداوی سیاسیش لەو سەردەمەدا، دووەم جەنگی جیهانی بووە، لەبەرئەوەی کە کوردیش بەگشتی لە بەرەی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی بوو، بۆیە شاعیران و نووسەران دژی هیتلەر و نازییەکان تەنز و هەجوویان دەنووسی، بۆنموونە (پیرەمێرد) لە ڕۆژنامەی (ژین)دا لە شیعرێکدا دەڵێت:

کاروانی حوشتر ئەکشان بە بێ دەنگ

کەرێکی دێزیان بوو بوو بە پێشەنگ

وتم (هیتلەر)ە کەوتە پێش ئەڵمان

کەرەکە توند بوو لێم هاتە زوبان

وتی: خوا نەکا ببم بە (هیتلەر)!

وەک ئەو خوا بمکا بە ئالەتی شەڕ!(پیرەمێرد:١٩٤١: ٢)

هەروەکو دیارە شاعیر (هیتلەر)ی بە کەری دێز چواندووە، تایبەتمەندییەکانی کەری دێزیش ئەوەیە، کە عیناد و چەمووشە و لە ئەمر و گوێی خاوەنەکەیدانییە، لە کوردەواریشدا کەسێک، کە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بێت دەڵێن: (وەکو کەری دێز وایە، بە تۆپینی خۆی، بەزەرەدی ساحێبی سەرخۆشە)، واتا: کەری دێز حەزی لێیە بتۆپێت، بۆئەوەی خاوەنەکەی زەرەربکات، شاعیر بە تەنزەوە ئەو تایبەتمەندیە خراپانە دەداتە پاڵ هیتلەر و پێی وایە گەلی ئەڵمانی بەهیلاک بردووە، بەڵام دواتر لەسەر زاری کەری دێز وەڵام دەداتەوە کە پێی ناخۆشە هیتلەری پێ چوێنراوە و پێیوایە، کە هیتلەر زۆر لەو خراپترە.

ئەگەر بەپێی تیۆرێک لە تیۆرەکانیش قسە لەسەر ئەم شیعرە بکەین، دەبێت بڵێین کە زیاتر دەچێتە سنووری تیۆری باڵاییەوە، بەوەی کە شاعیر(پیرەمێرد) پێکەنینی بە عەقڵی گەل و میللەتی ئەڵمانی دێت کە گێل و دەبەنگێکی وەکو (هیتلەر)یان بەسەرۆکی خۆیان هەڵبژاردووە و بەدوای کەوتوون و گوێڕایەڵی دەکەن، شاعیر گەلی ئەڵمان بە کاروانی حوشتر و هیتلەر بە کەری دێز دەچوێنێت، لێرەوە پەندە شیعرێکی خۆیمان بەبیردێنێتەوە کە دەڵێت: (حوشتر لەڕەنجا بۆیە ناسرەوێ، بەم زلحۆرتییە دوای کەر دەکەوێت)، پەیامی ئەم پەندە شیعرییە و لێکچواندنەش ئەوەیە کە هەتا گەلی ئەڵمانی وەکو حوشتر دوای هیتلەر کە وەک کەری دێزە، بکەون، ئەوا لە ڕەنج و هیلاکەت و مایەپووچی هیچی تریان دەستگیر نابێت.

هەر لە ڕۆژنامەی (ژین)دا شیعرێکی دیکە بەناونیشانی(لەهەولێرەوە) کە شاعیرەکەی نەناسراوە بڵاوکراوەتەوە، کە بابەتەکە تێکەڵەیەکە لە تەنز و هەجووی سیاسی، شاعیر دەڵێت:

قاعیــــدە و قانوونـــی دنیا وایە هەرکەس بەرز فڕی

زوی ئەبینی هەروەکو هیتلـــەر لەپـــڕ کـــەوت و تڕی

سەیری تاریخی لەمەوبەر گـــەر بکـــەی حاڵـــی دەبی

کێ بە شەق ئەوسا بڕستـــــی قـــەومی ئەڵمانـــی بڕی

:

میللەتێ هیتلـــەر کـــە دیکتاتـــۆر و گـــەورەی بێ ئەبێ

میللەتی وا چی لەدەست بێ غەیری حیزی و دەمشڕی

هەرکەســێ ئیمـــــڕۆ پڕوپاغانـــدە بـــۆ هیتلـــەر بکـــا

چاکە خۆڵ و دۆی بەسەرداکەیـــــــت و داری تێبـــڕی(پیرەمێرد:١٩٤١: ٢)

هەروەکو دیارە شاعیر بەتەنزەوە هەجووی هیتلەر و میللەتی ئەڵمانی دەکات، بەوەی کە لە سەرکەوتنەکانیان تووشی بەرزەفڕیی و ملهوڕیی و لەخۆبایی بوون بوون، بۆیە ئەوە یاسایە، کە چەند بەرز بفڕی، ئەوەندە خراپتر بەر زەوی دەکەویت، هەتا دەڵێت: ئەوەی پڕوپاگەندە و ستایشی هیتلەریش بکات، پیوستە بکرێتە مەسخەرە و گاڵتەجاڕی خەڵک و خۆڵ و دۆی بەسەردا بکرێت و سووکایەتی پێبکرێت.

یەکێکی دیکە لەو تەنزە سیاسییانەی کە (پیرەمێرد) لە قاڵبی شیعردا و بەناونیشانی(پەندی پێشینان)لە ڕۆژنامەی (ژین)دا دەریبڕیوە، ئەو پارچە شیعرەیە کەدەڵێت:

هەرچی دەبینی کوشتــەی کورسییە

ئەوەی خــەڕۆیە بەخـۆی بـــرسییە

(گا) لەسەر پشتی (ماسی) وەستــاوە

بەکــوردی تــڕەکــەڵەکــی نـــــــاوە (پیرەمێرد: ١٩٤١: ٣)

هەروەکو دیارە شاعیر بەتەنزەوە ڕەخنە لە خەڵکی ئەو سەردەمە دەگرێت، کە بەشێکی زۆریان لەپیناوی ئەوەی بگەن بەدەسەلات و پوڵ و پارە، هەموو شتێک دەکەن، هەتا بگەن بە دەسەلات و کورسی، ئەگەر چی تایبەتمەندی سیاسەت و ڕۆشنبیریی سیاسیشیان تێدانییە، ئەمەش بە هەڕەمێکی بەڕێوەبردنی بێ سەروبەر و تڕەکەڵەک ناودەبات، کە هەمووکاتێک چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت، بەلادابێت و بڕووخێت.

**٢)پەخشان:**

بەهۆی ئالۆزییە سیاسییەکانی ئەم قۆناغە و گرنگیدانی ئەم قۆناغە بە پەخشان لەپێناوی دەوڵەمەندترکردنی ئەدەبی کوردی، ئەم قۆناغە بێ بەهرە نەبوو لە پەخشانی سیاسیی تەنز ئامێز، ئەمەش لە چەند قاڵبێکی وەکو چیرۆک و نوکتە دا خۆی دەنواند.

**أ) چیرۆک:**

ئەگەرچی لە ڕووی ڕێژەوە چیرۆکی تەنز ئامێز لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەدا زۆر نییە، بەڵام ناکرێت نکۆڵی لە نەبوونی بکەین، بۆنموونە لە هەندێک بەشی هەندێک چیرۆکدا، ئەگەرچی بابەتی سەرەکیشیان تەنز نییە، ڕەنگیداوەتەوە و نووسەر لەکوێی چیرۆکەکەدا پێویستبووبێت، سوودی لە تەنز وەرگرتووە، ئەمەش لەپێناوی بەهێزتر گەیاندنی پەیام و چێژی زیاتری ناوەڕۆکی چیرۆکەکە. بۆنموونە لە چیرۆکی (لەخەوما)دا (جەمیل سائیب) لە بەشی(گفتوگۆکردن و فتوا وەرگرتن، ئەمر بە ئیجراکردن، مەسئەلەی سیاسییە)دا، ئەوکاتەی کە گەورەکە دەیەوێت خۆی وەکو سیاسیەکی دڵسۆزی دین و میللەت نیشانبدات، مەلا گەورەکانی شار کۆدەکاتەوە، بۆئەوەی نەیارەکانیان وەکو لادەر و دژە دین وێنا بکات لەلایان و فەتوای حەڵاڵکردنی ژن و ماڵ و سامانیان لیوەربگرێت، گفتوگۆیەک ڕوودەدات، لەم گفتوگۆیەدا نووسەر کۆمەڵێک ڕستە و دەستەواژەی تەنزئامێز بۆ مەلاکان بەکاردەهێنێت وەکو ڕەخنە لە بیروباوەڕی ئاینییان کە لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، کە لە دیدی نووسەرەوە داویانەتە پاڵ دەسەڵاتێکی خوار و چەوت و ستەمکار، هەروەکو دەڵێت: (یەکێک لە مەلاکان نەختێک بەپەلە قسەی دەکرد و دانیشی نەمابوو،....جار جار تۆزیک برنووتی هەڵئەمژی، هەر عەجەلە و پەلەی ئەکرد بۆ قسەکردن، لەپڕێکدا تێی هەڵکرد و وتی:(صائیب: ١٩٢٥: ٤) بەڵێ ئەم نەوعە شەخسانە کەوا خزمەتی دینی خۆیان ناکەن و بۆ دین و ئاین هەوڵ نادەن و شوێن غەیرەدین ئەکەون و لەپێناوی دین و ئەحکامی شەریعەتی غەڕادا سەعی ناکەن و خزمەتی

غەیرەدین دەکەن بە موافق قەولی ئیمام.. و ئیمام... و ئیمام.. کێ(ئیتر نازانم ناوی دە دوانزەیەک لەم ئیمامانەی هەڵرشت، هەر ناوی موجتەهید و ئیمام بوو وەک برێشکەی گەنمەشامی لەدەمی هەڵدەتۆقی) ئەمانە بەنەزەر مورتەد و بێ دین تەماشایان دەکرێ، لازمە ماڵیان هەموو بۆ بەیتولمال سەرف بکرێ، ژنیشیان لێ تەفریق بکرێ و ئەمانە پاش مروروری عیدەی شەرعی ئەتوانن شوویەکی تر بۆخۆیان بکەنەوە....(صائیب: ١٩٢٥: ٤).

یەکێکی تری ملدرێژیان تێدابوو، چاوشین، مووزەرد، وەکو شینە شاهۆ ملی هەڵبری و سنگی دایە پێشەوە و وتی: خۆ من بۆ ئەم مەسائیلی شەرعیە دەمێکە خەریکم و هەوڵدەدەم، دەستی کرد بە باخەڵیا و کاغەزێکی درێژی هێنایە سەر مێزەکە ...، بیر و ڕای ئەویش هەمان بیروڕای مەلای پێش خۆی بوو...،(صائیب: ١٩٢٥: ٤) ئینجا گەورەکە ڕووی کردە سەرسپییەکەی لای سەرووی هەموویانەوە و وتی: قوربان تۆ چی دەفەرمووی؟ ..... ئەویش ئەو کاغەزەی کە مەلا سوورەکە لەسەر مێزەکەی دانابوو گورجێک هەڵیگرت و سەیرێکی کرد و دەستی کرد بە گفتوگۆ، ئەویش سەرەڕای ئەوەی جەختی لە بیروڕای مەلاکانی پێش خۆی دەکردەوە، تۆمەتی جاسووسی و کفرکردن و گاڵتەکردن بە مەشایەخ و عولەماشی خستە پاڵیان و جاروباریش بۆ قووەتی قسەکانی خۆی، وەکو خوێی چێشت ناوی عولەماکانی تێئەخست....، دیسان مەلای برنووتی کێشەکە ملی قوت کردەوە و هەڵی دایە و بە پەلەپەل و خێرا خێرا دەستی پێکرد، دە دوانزە (قال، یقول، قیل)ی تریشی هەڵڕشت، دیسانەوە ناوی چەند ئیمامێکی تری خوێندەوە، فەرمووی: بەڵێ نەمانی ئەمانە بەناوی بەقا و تەحکیمی دینەوە و مەسڵەحەتی موڵک و میللەتەوە لازم و واجبە. جووتە مەلاکەی تریش دەستیان دا بە سنگا بە (صدقت، صدقت، أحسنت، أحسنت)تەسدیقیان کرد و فتوایان لەسەردا(صائیب: ١٩٢٦: ٣)

دیارە کیشانی وێنەی تەنزئامێزی مەلاکان لەلایەن نووسەرەوە و گێڕانەوەی فەتوای مەلاکان بە تەنز و گاڵتەجاڕییەوە دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت کە لەدین لایانداوە و داویانەتە پاڵ سیاسەتی دەسەلاتێکی خراپ و ئاینەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنن، هەروەک نووسەری چیرۆکەکە هاتووە کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئاکاریی و جوڵەیی زۆر بە زەقی و زیادەڕۆییەوە پیشانداون، لەپێناوی ئەوەی ڕەوایی بدات بە ڕەخنەکانی، ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیاری کاریکاتێرە، واتە نووسەر وینەیەکی کاریکاتێریی مەلاکانمان پیشاندەدات.

زۆرجار نووسەران بۆ دەربڕینی پەیامێکی سیاسی پەنایان بۆ کۆمەڵێک بەسەرهات و بابەتی فۆلکلۆریی بردووە و لەوڕێگەیەوە پەیامەکەیان بەهێزتر گەیاندووە، بۆنموونە (ڕەفیق حیلمی) لە ژمارە(٦)ی ساڵی یەکەمی ڕۆژنامەی(ئومێدی ئیستیقلال)، کە بۆخۆی بەڕێوبەر و سەرنووسەری بووە، بابەتێک بڵاودەکاتەوە بەناوی(بێ موضوعی) و تێیدا ڕەخنە لە خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کورد دەگرێت بەوەی، کە هەربابەتێکی سیاسی دەنووسێت، یان بڵاویدەکاتەوە بەهەڵە لێکیدەدەنەوە و خەڵکی ئاساییش لە خۆشباوەڕییانەوە بڕوا بەو هەڵە لێکدانەوەیە دەکەن و دەڵێت: (بۆنموونە ئەگەر باسی تورک بکەم، دەڵێن: پیاوی ئینگلیزە، ئەگەر لەسەر ئینگلیز بنووسم دەڵێن: ئەوە لایەنگری تورکەکانە، ئەگەر واز لە هەردووکیان بهێنین و باسی خۆمان بکەین، ئەگەر مەدحی خۆمان بکەین، کەس باوەڕ ناکات، ئەگەر بکەوینە زەمی خۆشمان ئەوە دەکەوینە بەر تانە و تەشەر) (حیلمی: ١٩٢٣: ١)، بۆ ختسنەڕووی ئەو گلەیی و ڕەخنانەشی بەسەرهاتێکی تەنزئامێزی (مەلای مەشهور) لە پێشەکی بابەتەکەی دەهێنێتەوە، کە دەڵێت:(ڕۆژێک مەلا، خۆی و کوڕەکەی دەچنە شار و لەڕێگە کوڕەکەی سواری کەرەکە دەبێت و خۆی بەپێیان دەڕوا، تووشی هەندێک کەس دەبن دەڵێن: ئەم مەلایە زۆر بێ عەقڵە، خۆی بە ریشی سپییەوە بە پێیان دەڕوا و کوڕەکەی بەقەد زەلامێکە سواری کەرەکەبووە، ئینجا کوڕەکە دادەبەزێنێ و خۆی سواردەبێ و توشی تاقمێکی تر دەبن دەڵێن: ئەم مەلایە زۆر بێ ئینصافە، خۆی سواری کەرەکەبووە، بەئیسراحەت دەڕوات و ئەم منداڵە فەقیرەش

شوێنی کەوتووە، ئینجا مەلا کوڕەکەشی لەگەڵ خۆی سواردەکات و دیسان توشی تاقمێکی تر دەبن و دەڵێن: بەخوا ئەمانە غەددارن، بەدوو زەلام سواری ئەم حەیوانە بێ زمانە بوون، ئینجا هەردووکیان دادەبەزن و نەختێکی پیدەچێت ئینجا توشی هەندێک کەسی تر دەبن، دەڵین: بەخوا ئەمانە کەرن، ولاخێکی بەتاڵیان پییە، کەچی هەردووکیان بەپیادە دەڕۆن(حیلمی: ١٩٢٣: ١)

**ب) نوکتە:**

نوکتەش وەکو بەشێکی گرنگی پەخشان لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەدا گرنگی پێدراوە، لەناو هەمووشیاندا گۆڤاری گەلاوێژ زیاتر گرنگی پێداوە و چەندان نوکتەی بە ناوەڕۆکی سیاسییەوە بڵاوکردوونەتەوە، کە بەگاڵتەو تەنزە گوزارشتیان لە بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمە کردووە، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

– دایک: بەچی دا ئەڵێیت کوڕەکەمان ئەبێ بە سیاسی یەکی گەورە؟

– باوک: بەوەدا کە قسەکانی زل و پف هەڵدراو و بێ مەعنان. (گەلاوێژ: ١٩٣٩: ٤٤)

پەیامی ئەم نوکتەیە گاڵتەکردنە بە سیاسییەکان بەوەی کە بە قسەی زل و قەبە و بێ ناوەرۆک و کردار دەناسرێنەوە.

– دایک: کوڕە بۆچ لەسەر براکەت دانیشتووی؟ هەڵسە ئەیتاسێنی.

– کوڕ: وازمان لێبێنە ئێمە یاری هیتلەر و مۆسۆلۆنی دەکەین.(گەلاوێژ:١٩٤٤: ٥٧)

هەروەکو دیارە گاڵتەکردنە بە سیاسەتی (هیتلەر و مۆسۆلۆنی)، کە هاوپەیمانی یەکتربوون لە جەنگی جیهانی دووەمدا و لە نوکتەکەدا بە کایە و یاری منداڵان ناویان هاتووە.

**ج) وتار:**

وتار بەشێکی گرنگی ڕۆژنامەنووسی ئەم قۆناغە(١٩٢٠ – ١٩٥٠)بووە، نووسەران لەڕێگەیەوە پەیامەکانیان بڵاوکردۆتەوە و خەڵکیان لە پێشهاتە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینی و ڕۆشنبیرییەکان ئاگادارکردۆتەوە، هەروەک ڕەخنەشیان پێ لەو لایەنانە گرتووە و هەندێک جار و لە هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤار بە شێوازی تەنز و گاڵتە ڕەخنەکەیان ئاراستەی لایەنی بەرانبەر کردووە، بۆنموونە لە ژمارە(٥)ی ڕۆژنامەی ژیان بابەتێک بەناونیشانی (سەبەبێکی تری پاشکەوتنمان) کە لەلایەن (جەمیل سائیب)ەوە نووسراوە، بڵاوکراوەتەوە و نووسەر بەشیوەی تەنز ڕەخنە لە حوجرە دینییەکان دەگرێت و بەهۆکاری دواکەوتنی ڕۆشنبیریی کۆمەڵی کوردیان دادەنێت و ڕەخنەکەش تەواو سیاسییە و پێی وایە کە حکومەت لەپشت ئەو جۆرە سیستمە خوێندنەوەیە و تەواو بیروڕای خۆی دەداتە پاڵ خوێندنی سەردەم و شێوازی ڕۆشنبیریی تازە، هەروەک نووسەر لەشوێنێکی وتارەکەدا دەڵێت:((لازمە لەسەرمان تێبگەین کە یەگانە ئەسبابی نەخوێندەواریی و پاشکەوتنمان (قوتابخانەکانی)ی لاکۆلانەو ئیجاب ئەکا بۆئەوەی ئەووەڵ ضەربە لە جەهالەت بدەین، ئەووەڵ ئیشمان داخستن و یا ئیصلاحکردنی ئەم قوتابخانە، ئەم هێلانەی میقرۆبانە بێ، چونکە تائێستا تاقیمان کردەوە لەم جێگایانەدافێری خوێندن بۆ منداڵێک وەکو سێبەری خۆی وایە، هەر دەڕوات و نایگاتێ)(سائیب: ١٩٢٦: ٢).

هەروەکو دیارە نووسەر لە وتارەکەیدا بەشێوازی تەنز و گاڵتەپێکردن باسی حوجرە و ناوەندە ڕۆشنبیرییە ئاینییەکانی ئەو سەردەمە دەکات و جارێک بە قوتابخانەی لاکۆلان و جارێک بە هێلانەی میکرۆبیان دەچوێنێت و بەهۆکاری سەرەکی نەزانینیان دادەنێت، پێشیی وایە کە خوێندن لەو ناوەندانە بێهودە و بێسوودە و هیچ ئەنجامێکی نییە، نموونەی بێسوودەییەکەش بەوە دەچوێنێت کە چۆن

کەسێک بەدوای سێبەری خۆیدەکەوێت و نایگاتێ و بێ ئەنجام و بێ سوودە، ئاواش خوێندن لەو ناوەندە ئاینییانە بێ هودە و بێ ئەنجامە.

نووسەری وتارەکە بەتەنزەوە ڕەخنە لە سیستەمی ئەوکاتەی خوێندن و خوێندەواریی دەگرێت و بە دواکەوتوو و هێلانەی میقڕۆب و بێسوود ناویان دەبات، ئەمەش لەوەوەدێت کە نووسەر پێیوایە هۆشێکی پێشکەوتوو و بالاَتری هەیە لەوانەی لەو سیسیتەمەدان، ئەمەش بەتەواویی لەگەڵ پەیامی تیۆری بالاَییدا یەکدەگرێتەوە.

## ٣) کاریکاتێر:

لە گۆڤاری(دەنگی گێتی تازە)دا کۆمەڵێک کاریکاتێر بڵاوکراونەوە کە سەرجەمیان سیاسی بوون و لە ڕۆژنامە بیانییەکانەوە وەرگیراون و ئەمەش بێ پێشینەبووە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی باشووری کوردستاندا، ئەمەش دەکرێت وەکو هەنگاوێکی برەودان و فراوانکردنی تەنز لێی بڕواندرێت، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەکە زمانحاڵ و پەیڕەوکەری سیاسەتی ئینگلیزبوو و لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا دەردەچوو، کاریکاتێرەکان هەموویان دەربارەی هیتلەر و نازییەکان و هاوپەیمانەکانیان، لێرەدا چەند نموونەیەک لەو کاریکاتێرانە دەخەینە ڕوو:

**کاریکاتێری ژمارە (١):**




ئەم کاریکاتێرە  لە ژمارە (٦)ی بەرگی (یەکەم)ی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکراوەتەوە(دەنگی گێتی تازە: ١٩٤٤ : ٢٥) لە ژێر کاریکاتێرەکە نووسراوە:

(ئەدۆڵف و بینیتۆی کەری و ئاوەڵەکانی(ئەی گەورەم، تەنانەت مانگایش گوێمان ناداتێ))

هەروەکو لە وێنەکەدا دیارە ڕۆژنامەکە بەتەنزەوە باسی بارودۆخی نالەباری ئەدۆڵف هیتلەر و هاوپەیمانەکانی دەکەن و (بینیتۆ مۆسۆلینی)ی هاوپەیمانی بە (کەری هیتلەر)ناوبردووە.

**کاریکاتێری ژمارە(٢):**



لە ژێر کاریکاتێرەکەدا نووسراوە: (هاوپەیمانەکان خەریکن بە کەمەند هیتلەر کەمەندکێش دەکەن)(دەنگی گێتی تازە:١٩٤٤: ١٧٦). هەروەکو دیارە پەیامی کاریکاتێرەکە بە گاڵتە وتەنزەوە ڕاگەیاندنی شکستی هیتلەر و سەرکەوتنی ئینگلیز و هاوپەیمانییەکانییەتی.

**کاریکاتێری ژماره (٣)**




له ژێر کاریکاتێرەکەدا نووسراوە(هیتلەر گوێی لەو پەیامانە ڕاگرتووە، کە لە فەرماندەرە جەنگییەکانی ڕوسیە و فەرەنسە و ئیتالیا وە بۆی هاتوون، وە کە بەیانی ئەو هەڵاتنانە ئەکەن کە سوپاکەی لە ئەڵمانیا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و لە نیوەڕۆدا یەک لەدوای یەک توشی ئەبێ، وە فەرماندەرەکانی لێی کۆبوونەوە و سەرزەنشتی ئەوەی دەکەن کە ئەم هەڵاتنانە هەمووی بەهۆی پلانە ناپەسندە سوپاییەکانی ئەوەوەیە (دەنگی گێتی تازە: ١٩٤٤ :٤٥٧).

جگە لەمانەی کە باسمان کردن، چەندان کاریکاتێری تر لە گۆڤارەکەدا هاتوون کە هەموویان گوزارشت لە پێشهاتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە دەکەن و بە گاڵتە و تەنزەوە باسی سیاسەتی هیتلەر و نازییەکان و هاوپەیمانەکانیان دەکەن.

**تەوەری سێیەم) تەنزی ئایینی (Religious Satire):**

تەنزی ئاینییش پێگەیەکی دیاری لە ئەدەبی کوردیدا هەیە و بەشێوەیکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەدا بڵاوکراوەتەوە، ڕەخنە لە تەنزی ئایینیدا زۆرجار ئەوەندە توندە، کە بابەتی هەجو و تەنز بەجۆرێک تێکەڵ دەبن، لێککردنەوەیان ئاسان نییە، هەندێک جار تەنزەکە لەنێوان پیاوانی ئاینی خۆیاندابووە وەکو ئەوەی لە شیعری کلاسیکیدا بەرچاودەکەوێت، چونکە ئەوان چینە ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکەی کۆمەڵ بوون و هەر ئەوانیش خەریکی شیعر و ئەدەب بوون، بەڵام لە قۆناغی دواتر بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵ و هاتنی ڕەوت و ئایدیۆلۆژییە جیاوازەکانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا و بڵاوبوونەوەی بەناو کۆمەڵدا زیاتر گۆڕانی بەسەرداهات و دەکرا، کەسێک تەنزی دینی بنووسێت کە زۆر پەیوست نییە بە دینەوە، بەگشتیش تەنزی ئایینی لە شیعر و پەخشاندا بەدەر دەکەویت.

**١) شیعر:**

تەنزی ئایینی لە شیعری کوردیدا بەشیوەیەکی بەربڵاو هەیە، بەشێکیش لەو تەنزە ئایینیە لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم قۆناغەی باشووری کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە، وەکو ئەم شیعرەی (نالی)، کە دەڵێت:

ڕیشەکەی پان و درێـــــــژە، بۆ ڕیا خــزمەت دەکــا

زاهیرە هەرکەس بە توول و عــــــەرزی ڕیشیدا ڕیا (نالی: ١٩٤٦: ١)

واتا فلان کەس ڕیشێکی پان و درێژی هەیە، بەڵام بۆ خوا خزمەت ناکات و پانیی و درێژیی ڕیشەکەی نیشانەی خواناسی نییە، بەڵکو نیشانەی دوو ڕوویيەتی، بۆیە وا چاکە، کە خەڵکی بەباری درێژیی و پانیدا بەڕیشیدا بڕین.( دیوانی نالی: ١٩٧٦: ١٢٨ – ١٢٩) هەروەکو دیارە شاعیر گاڵتە بە ئەوانە دەکات، کە ڕیشیان بۆ ڕیا هێشتۆتەوە، نەک لەبەر خاتری خودا و سوننەتی پێغەمبەر.

سۆفیی مەستووری ڕووت و موفلیسی خستە تەمەع

سەیری خاڵی بێحیساب و ماچی لەعلی بـــێ بەهـــا (نالی: ١٩٤٦: ١)

واتا ئەو بەڵێنەی کە خوا بە ئەهلی بەهەشتی داوە، کە لە بەهەشتدا چەندیان ئارەزوو لێبێت سەیری خاڵی حۆرییان دەکەن و لێوی ئاڵیان دەمژن، تەماعی خستە بەر سۆفی لەمەیدانی خواناسیدا بەرچاونەکەوتووی ڕووتی هیچ نەبووی بازاڕی قیامەت، بەڵام خەیاڵی خاوە، چونکە تاکو بەڕاستی نەبێت بە خواناس و لەمەیدانی کرداری چاکدا دارایيەکی گەورە کۆنەکاتەوە، هیچی دەستناکەوێت. لە هەردووک بەیتەکەشدا کۆکردنەوەی وشەکانی(ڕیشی سۆفی، موفلیس، طەمەع) لە هەردوو ئەو بەیتەی کە هێناومانەتەوە ئاماژەیەکی جوان کراوە بۆ ئەو پەندەی، کە دەڵێت:(ڕیشی تەماعکار بە قنگی موفلیس) (نالی: ١٩٧٦: ١٣١) ئەمەش بابەتی تەنزەکەی درووستکردووە و واتا و مەبەستی پەندەکەش ئەوەیە، کە کابرای تەماعکاری هیچ لەباردانەبوو، تەنیا خەیاڵی خۆی دەکات و هیچی دەستناکەوێت کە ئەوەیان ڕێک سۆفیە ڕیش پان و درێژەکەی شیعرەکەیە.

(پیرەمێرد)یش هەوڵی داوە کە ڕووداوەکانی ڕۆژ بەرێتە کایە شیعرییەکانەوە و هونەرمەندانە لە پەندی پیشینانەکانیدا ڕەنگی پێداونەوە، و پەندی کوردیی کە بەشێکە لە پەخشانی کوردیی بۆ خانەی شیعر بگوازێتەوە (ئەبوبەکر : ٢٠٠٧ : ٢٦٤)، هەروەها ئەو ناوەڕۆک و مەبەستانەی کە لە پەندەکاندا هەن، پەیوەست بکاتەوە بەو واقیع و ڕووداوانەی کە لەسەردەمی خۆیدا ڕوویانداوە، بەشیکیان لەڕێگەی تەنزەوە بخانە بەر نەشتەری ڕەخنە، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

جوو كە بازاڕی كەوتە كەساسی

سەگ دەخەسێنێ بە دوو عەباسی   (پیرەمێرد:١٩٤٠ : ٢ )

بەتەنزەوە باسی پارە پەرستیی جولەكە دەكات و دەڵێت: ئەگەر بازاڕی كەساس و كەم بوو، ئەوە بە پارەیەكی زۆر كەمیش ئیشی قورس و  مەحاڵ دەكات وەكو سەگ خەساندن و هیچ شتێك نابێتە لەمپەر و كۆسپ لەبەردەمیدا.

سۆفی حەرامخۆر وەک كەڵەشێرە

بانگت بۆ ئەدا و بە پیسیش فێـــرە  (پیرەمێرد: ١٩٤٠: ٢)

بەتەنزەوە باسی سیفەتێكی خراپی سۆفی و پیاوانی ئایینیە، كە حەرامخۆرییە و بە كەلەشێری دەچوێنێت، كە چۆن بانگیش دەدات و دایم دەمیشی لە پیسیدایە، ئەویش لەلایەكەوە خەریكی كارێكی جوانە، كە خواپەرستی و بانگدانە، لەلایەكی ترەوە خەریكی كارێكی خراپە و ناشیرینە كە حەرامخۆرییە.

مەلا سەرفترەی كەمـــی وەردەگرت

ئیمامەتییەكەی بێ دەستنوێژ دەكرد (پیرەمێرد: ١٩٣٤ : ٢)

بەتەنزەوە ڕەخنەگرتنە لە مەلای پولەكی و پارەپەرست، كە لەبەر خودا ئەوەی لەسەریانە، كە ئیمامەتی و وتاربێژیی و بڵاوكردنەوەی دینە، نایكەن و لەبەرانبەردا هەمیشە چاوەڕێی دەستمایە و ماڵی دنیان.

## ٢) پەخشان:

لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەی ئەدەبی کوردیی و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا زۆر گرنگی بە پەخشان دەدرا، بۆیە تەنزی ئایینیش وەکو بەشێک لە ئەدەبیاتی ئەم سەردەمە ڕەونەقێکی باشی پەیداکردووە و لە ڕۆژنامەنووسیی ئەوماوەیەدا بڵاودەکرایەوە، ئەم جۆرە تەنزەش زیاتر لە قاڵبی چیرۆک و نوکتەدا خۆی دەنواند.

### - چیرۆک:

هەروەکو پیشتریش ئاماژەمان بۆکردووە، ئەم قۆناغە قۆناغی سەرهەڵدان و نەشونماکردنی چیرۆکە لە ئەدەبی کوردیدا، لەونێوەندەشدا چیرۆکی تەنزئامێزی ئاینییش پێگەی خۆی هەیە و نووسەران لەم ڕێگەیەوە پەیامە تەنزئامێزەکانی خۆیان بڵاوکردۆتەوە، بۆنموونە (مام سۆفی و مەلایکەی ڕەحمەت(دەنگی گێتی تازە: ١٩٤٦: ٢٥٧)، (دز و ڕەبەن) (گ.دەنگی گێتی تازە: ١٩٤٥: ١٥٥)، و چەندان چیرۆکی تر..

لێرەدا چیرۆکی (دز و ڕەبەن) بە نموونە دەهێنینەوە، کە چیرۆکێکە لەلایەن (حوسێن حوزنی موکریانی)یەوە نووسراو، پوختەی چیرۆکەکە ئەوەیە، کە دزێک ڕێ بە ڕەبەن(پیاوێکی ئایینی تەرکە دنیا) دەگرێت و دەیەویت ڕووتی بکات، لێرەوە گفتوگۆیەکی ئایینی زۆر بەهێزی پاڵ پشت بە فەرموودەی خوا و پێغەمبەر درووستدەبێت، ڕەهەندی تەنزی چیرۆکەکە لەوەدایە، کە دزەکە بە هێنانەوەی ئایەت و فەرمووده دەیەوێت شەرعییەت بە کارەکەی خۆی بدات، کە دزیی و ڕووتکردنەوەیە، ڕەبەنەکەش بەهەمان شێوە دەیەوێت هەم دزەکە بهێنیتە سەر ڕێگای ڕاست و هەمیش خۆی لەدەستی ڕزگار بکات، لەخۆی دوور بخاتەوە و گفتوگۆیەکە زیاتر لە دانیشتنێکی دوو پیاوی ئاینی شارەزا دەچێت، کە لەسەر بابەتێک قسەدەکەن و بەڵگە بۆ بیروبۆچوونەکانیان دەهێننەوە، نەک دزێک و ڕەبەنێک، ئەمەی خوارەوە بەشێکی ئەم گفتوگۆیەیە:

دز : من ڕێگرم، هاتووم ڕووتت بکەمەوە.

ڕەبەن: بۆچی تۆ لەخوا ناترسی؟

دز: ئەگەر لەخوا ترسم نەبوایە لەپێش ئەوەدا دەنگت بدەم، تۆم دەکوشت، جا لەپاشان ڕووتم دەکردییەوە و کەل و پەلەکانتم دەبرد.

ڕەبەن: تۆ هیچ شەرم ناکەی؟

نەتبیستووە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: (الحیاء من الایمان).

دز: بۆچی تۆ نەتزانیوە کە پێغەمبەر فەرموویە: (الحیاء یمنع الرزق).

ڕەبەن: استغفرالله واتوب الیە، خودایە تۆبەبێ، من چی گوناهێکی گەورەم کردووە کەوا توشم بە توشی ئەم دزەوە بووە، وە گرفتاری دەستی ئەمت کردووم.

دز: لا حول ولا قوة الا باللە، خوداوەندی پەروەردگار لەمنەوە چی کەم و کورتی و نافەرمانی و بێ جێیی ڕوویدابوو کە چەنەباز و زۆربڵێیەکی وات خستوومەتە گیرەوە.

ڕەبەن: تۆ بۆچی ڕێگری دەکەی؟ خودا بۆخۆی فەرموویە کە(رزقکم فی السماء وما توعدون).

بەم شێوەیە بەردەوام دەبن، ئایەتێک لەم و فەرموودەیەک لەو، تاکو کۆتاییەکەی دزەکە لە بەرگی فەلسەفە لێدان و ئایین دێتە دەرەوە و دێتەوە سەر پلێتە ئەسڵیەکەی خۆی، داوا لە ڕەبەنەکە دەکات هەتاکو بەیانی دانەهاتووە و توشی زۆربڵێیەکی دیکەی وەکو ڕەبەن نەبۆتەوە خۆی ڕووت بکات و زۆربڵێیی سوودی نییە و زۆرگوتن قورئان خۆشە.

ئەوەی تەنزەکەی درووستکردووە لە چیرۆکەکەدا هۆش و زانیاریی ئایینی دزەکە و ئەو گفتوگۆ گەرمە ئاینییەیە کە لەگەڵ ڕەبەنەکە دەیکات، کە بەجۆرێکە بەقەدەر ئەو لە دین شارەزایە، ئەمەش

پێچەوانەی پێشبینی خوێنەرە کە پێیوایە هیچ نازانێت و کاری ئەو تەنیا دزیی و ڕووتکردنە، ئەمەش بەتەواویی لەگەڵ تیۆری ناسازی(ناتەبا)دا یەکدەگرێتەوە.

**٣) ژانری ئاوێتەیی(چیرۆک و شیعر):**

لەم قۆناغەی ئەدەبی کوردیدا زۆر گرنگی بە ژانری ئاوێتەیی دەدرا، چونکە لەگەڵ تایبەتمەندیی و سیاسەتی ئەدەبی کوردیدا دەهاتەوە، کە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی بوو، ئەمەش قاڵبێکی ئەدەبی گونجاوبوو بەوەی کە لەگەڵ میزاجی ئەهلی شیعردا دەگونجا و چیرۆکیش ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ گەیاندنی پەیام و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی، بۆیەش کەم و زۆر ژانری ئاوێتەیی تەنز ئامێزی ئایینیان دەنووسین و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاویان دەکردنەوە، بۆنموونە (پیرەمێرد) ژانری ئاوێتەیی (خەیاڵ پڵاو)ی لە ژمارە(٣٨)ی ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| عابدێک کونجـــی مزگەوتێکی گـرت | بــە شـــەو و بە ڕۆژ عیبادەتـی کـرد |
| بەقـــاڵێکیش بوو، دراوسێی مــزگەوت | جار بە جار چاوی بە عــابد ئــەکـــەوت |
| وتـــی: ئـــەم پیـاوە کـاسبـی ناکـا | چاوەڕێـی خێــرە بــۆ مـــن وا چاکـە |
| بە خێـــری مــردووم هەمــوو ئێواران | هەنگوینی بەمــێ لەگـەڵ دوو ســێ نان |
| بەڵکـــوو تێـر بخــوا و ببـوژێتــەوە | ئاگـــــری برسیــەتـی بکــوژێتـــەوە |
| بە دڵێکی تێر، بۆ شــــەونوێژ هەڵسـێ | بە دۆعای ئەو خەڵک لە خـەم بڕەخسێ |
| بەو نییەتـــــەوە لـــە ڕێـــــی خــوادا | نـان و هەنگــوینی بـــە عــابد ئـــەدا |
| چەند ڕۆژێک عابد نەفسی خۆی تێر کرد | کووپەڵەی هێنا و پاشـــەکەوتـی کـــرد |
| نانی وشکی خوارد هەنگوینـی هەڵگـرت | زۆری پێ نەچوو کووپەڵـــەی پـڕ کرد |

ڕۆژێکیان ڕوانی وا کاسەی پڕ بوو     نەفسی غالب بوو تەمای لێ خڕ بوو

کووپە هەنگوینی لە تاقا دانا     بۆی کەوتە خەیاڵ چاوی خۆی لێک نا

وتی: ئێستا ئەم هەنگوینە جوانە     دە ڕووپیەم بەنێ هێشتا هەرزانە

وا چاکە ئەمڕۆ بیبەم بیفرۆشم     بیدەم بە مەڕی شیریی بیدۆشم

ساڵی ئایەندە مەڕ ئەبن بە دوان     زاووزێ ئەکەن بۆم ئەبن بە ڕان

ڕۆن و خورییان ئەکەم بە پارە     ئەیدەم بە موڵکی خورگە و ئاوبارە

موڵک لە دەست ئاغا و بەگزادە ئەبڕم     موڵکی مەلیکە خەیاڵیش ئەکڕم

موهەندس دێنم لە ئەوروپاوە     بە سەر گردەکەی لای کانی باوە

کۆشکێک ڕاکێشم خەوەر نەقداری     ناوی خۆم ئەنێم شای کوردەواری

خەیاڵ بێ و بۆر بێ، زۆر بێ با خام بێ     پیاوی خەیاڵباز ئەبێ ناکام بێ

بای دایەوە سەر خەیاڵی هەنگوین     خۆی بردە ڕێزی شای خاوەن نگین

ناردی کچی شای عەجەمی هێنا     نەدی و بدی بوو ئاخری نەهێنا

حازر و بزر کوڕێکی لێ بوو     بۆ جێنشینی ئومێدی پێ بوو

کوڕەکە ڕۆژێک لە ڕوویا وەستا     جنێوی پێدا، قینی لێی هەستا

دارێکی لێدا بە دەم دارەوە     هەنگوین بە ڕیشیا هاتە خوارەوە

تومەز دارەکەی کەوت لە کووپەڵە     هەنگوینەکەی بوو بە دڵۆپەی پەڵە

بە قاڵبێک سابوون ڕیش پا بووەوە     هەنگوین و خەیاڵ لێک جیا بووەوە

ئێوارەی لــێ هـــات بە سکـــــی برسی		لـــە شـــەونوێژەکـــەی پێشووی نەپرسی

کۆشک و ژنـــەکـــەی کـــەوتەوە بیری		ئەمجـــا نەیزانـــی بۆ کـــامیـــان بگــــری

بـــــە نـــائـــــومێـــدی لــە نوێـــژی لادا		بـــەو بەنگـــوباوە خەمـــی بـــە بـــــا دا

بە شــــوێن خەیـــاڵا کەوتە بەنـــگ کێشی		شاهی لە دەست چوو کەوتە دەروێشـــی

پـــــێ هەڵخزێنــــــە وەسوەسەی ئیبلیس		ڕیشی تەماعکــــــــار بە قنگــــی موفلیس

(پیرەمێرد: ١٩٢٦: ٣)

شاعیر لەم ژانری ئاوێتەییەدا بەتەنزەوە باسی ژیانی ئەو سۆفی و مەلا و پیاوە ئاینییانە دەکات کە یان هیچ لە دین نەگەیشتوون و هیچ ناکەن غەیری ئەوەی لە گۆشەیەکی مزگەوت خەریکی نوێژ و عیبادەتن، یان لەوڕێگەیەوە دەیانەوێت ببنە سەرباری خەڵکی تر و وەکو مشەخۆرێک لەسەر لاشەی ئەوان بژین و دین دەکەن بە بەهانە و بیانوو بۆ ئیش نەکردنیان و ماڵی دنیا پەیداکردن، هەر لەم ڕوانگەشەوە بە تەنزەوە گاڵتە بە سیفەتی تەمبەڵ و تەماعکارییان دەکات.

- زاراوەی تەنز لە زمانی کوردیدا تازەیە و لێکۆڵەرانی زمان و فەرهەنگنووسەکانی زمانی کوردی لە فەرهەنگەکاندا، لەبەرانبەریدا وشەی (تەوز و حەنەک)یان بەکارهێناوە. لە بواری ئەدەبیشدا لێکۆڵەرانی ئەدەب لەبەرانبەر زاراوەی تەنز تاکو ئەو دواییانەش زاراوەی (گاڵتەوگەپ)یان بەکارهێناوە، بەوپێیەی ئەو پێناسەیەی بۆ گاڵتەو گەپیان کردووە، هەمان ئەو پێناسەیە، کە بۆ تەنز کراوە.
- لەئەدەبی کلاسیکی کوردیدا تەنز بەو واتا و شێوە تازەیەی کە ئێستا هەیە، بەرچاو ناکەوێت، ئەوەی کە هەیە تێکەڵەیەکە لە تەنز و هەجو و هەزەل، ئەم تایبەتمەندییەشی لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی (عەرەبی و فارسی)وەرگرتووە.
- لە ڕۆژنامەنووسیی ئەو قۆناغەدا سەرەڕای بڵاوکردنەوەی شیعری تەنزئامێزی شاعیرانی ئەو سەردەمە، وەکو (پیرەمێرد و قانیع و مەدهۆش)، چەندان شاعیری تر، گرنگی بە بڵاوکردنەوەی شیعری تەنزئامێزی شاعیرانی پێشتریش دراوە، وەکو(سالم و شێخ ڕەزا) و چەندانی تر.
- بابەتی تەنز لە ئەدەبی کوردیدا لە سەرەتاکانییەوە تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدە زیاتر ئایینیە، چونکە کەشوهەوای ئەدەبی ئەم قۆناغە زیاتر ئایینیە و شاعیرانمان هەموو، یان بەشی زۆریان مەلا بوون و ڕیابازی و فێڵ و تەڵەکەی بەشێک لە پیاوانی ئاینییان کردۆتە بابەتی تەنزەکانیان، بۆ ئەو بابەتەش زۆرجار کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی و فارسییان کەوتۆتەسەر.
- بەشێکی زۆری پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرد کە پەندی پێشینان بوون و شاعیر بە شیعر دایڕشتوونەوە، ڕەهەندێکی تەنزئامیزیان هەبووە و شاعیر بەهۆیەوە ڕەخنەی پێ لە خوارو خێچییەکان و دیارەدە دزێوەکانی ناو کۆمەڵ گرتوون و گاڵتەی پێکردوون و لەڕۆژنامەی


ژیان و ژیندا بڵاویکردوونەوە. بەڵگەی ئەم قسەیەشمان ئەو پەندە شیعرییانەی پیرەمێردن کە لە بەشی سێیەم هێناومانەوە و بەسەر جۆرەکانی تەنزدا دابەشمان کردوون و لێیان دواوین.

- سەرەڕای نووسینی تەنز بەشێوەی شیعر و پەخشان، ژانری ئاوێتەیی(چیرۆک و شیعر) تەنز ئامێزیش لەم قۆناغەی ڕۆژنامەنووسیی باشووری کوردستان  زۆر باوبووە و شاعیران زیاتر بەهۆیەوە ڕەخنەیان لەکۆمەڵ گرتووە و پەند و ئامۆژگارییان بڵاوکردۆتەوە.
- تەنزی کۆمەڵایەتی بڵاوترین جۆری تەنزە بەگشتی و لە ڕۆژنامەنووسی ئەم قۆناغە بەتایبەتی، هۆکاری بڵاویی و زۆرییەکەشی لەچاو جۆرەکانی تر دەکرێت بۆئەوە بگەڕێتەوە، کە بەگشتی تەنزێکە بۆ گشت کۆمەڵە و ئاماژە بۆ کەسێک یان لایەنێکی دیاریکراو ناکات و ئەوەش تەنزنووسی لەچاو جۆرەکانی تری تەنز دەستکراوەتر کردووە و دڵنیایی زیاتری پێداوە کە تووشی سزای دەسەڵاتی سیاسی یان دژایەتی کەسیی نابێت.
- بابەتی تەنزی سیاسی ڕێژەکەی لەچاو جۆرەکانی تری تەنز، بەتایبەتی تەنزی کۆمەڵایەتی کەمترە، ئەمەش دەکرێت بۆ ئەو قەدەغەکردن و سانسۆرە بگەڕێتەوە، کە سیاسەتی ئەوکاتە خستبوویە سەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، لەبەرئەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوکات زۆربەیان پشتیوانێکی بەهێزی سیاسیان نەبووە و هی تاکەکەسبوون و بە هەوڵ و هیممەتی کەسی دەرچوون، بۆیە زۆریان لەبەر بڵاوکردنەوەی ڕەخنەی سیاسی هەڕەشەی داخستنیان لێکراوە و داخراون.
- تەنزی فەلسەفی لەم قۆناغەدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی باشووری کوردستان بەرچاو ناکەوێت، ئەمەش دەکرێت هۆکارەکەی ئەوەبیت، کە ناوەڕۆک و بابەتەکانی ئەدەبی کوردی ئەم قۆناغە بەگشتی و تەنز بەتایبەتی زۆر سادەبوون و پەیامەکانیان زیاتر هۆشیارکردنەوەی چینی نەخوێندەوار و ڕەش و ڕووت بووە.

- لەم قۆناغەدا بۆیەکەمجار کاریکاتێر وەکو بابەتێکی گرنگی تەنز هاتە ناو ڕۆژنامەنووسیی کوردیی و کاریکاتێرەکان هەموویان سیاسیی بوون و لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکراونەوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە بیانییەکان وەرگیراون، ئەمەش دەکرێت وەکو هەنگاوێکی گرنگی فراوانکردن و گەشەکردنی تەنز لێی بڕوانرێت.
- ئەگەرچی ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغە(١٩٢٠ – ١٩٥٠) زۆرن بەبەراورد بەو سەردەمە، بەڵام بابەتی تەنز زیاتر لە (ڕۆژنامەی ژیانەوە و ژیان و ژین و ئومێدی ئیستیقلال، گۆڤاری گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکراونەوە.

# پاشکۆ

## (وێنەی بەشێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی باشووری کوردستان  (١٩٢٠ – ١٩٥٠))



پیشكوتن

ڕۆژنامەی پێشکەوتن (١٩٢٠ )



بانگ كردستان

بانگی کوردستان (١٩٢٢)



روژ كوردستان

ڕ. ڕۆژی کوردستان (١٩٢٢)



بانگ حق

ڕ. بانگی حەق (١٩٢٣)


امید استقلال

ڕ. ئومیدی ئیستیقلال (١٩٢٣)


ژیانەوە

ڕ. ژیانەوە (١٩٢٤)


دیاری کوردستان

هدیة کوردستان

DIYARI-YI-KOURDISTAN

مطبعة دار السلام • بغداد

گ.دیاری کوردستان (١٩٢٥)


ژیان


ڕ. ژیان (١٩٢٦)





گ.زاری کرمانجی (١٩٢٦)





ڕ. کەرکوک (١٩٢٦)




گ.پەیژە (١٩٢٧)




یادگاری لاوان (١٩٣٣)



سه رەتای ایش هەمو یەکبونە ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لەدلدا هەیە ساریژی نەکەی
(شکوبی)

# دیاری لاوان

لاوان

نرخی « ٤٠ » فلسە

لە چاپخانەی بەغدا چاپ کرا

بەغدا

١٩٣٤

گ.دیاری لاوان (١٩٣٤)



# روناکی


فهرست

| لاپەرە | | |
|---|---|---|
| ١ | اجتماعیات | حسین حزنی |
| ٢ | ـ معنای تأثیرات بو برام هەژار ـ تأثیرات | س. ناکام |
| ٣ | اقتصادیات | ح.ح |
| ٥ | سەربهورد و مەتەل | ح.ح |
| ٧ | أدبیات: نوسینێکی ادبی و روژو کردەوەی شیرینی | محمود فهمی |
| ٨ | بە روناکی سودان روناك بو | (رزگاربو) |
| ٩ | شینی منالی | (جەمشید) |
| ١٠ | چیروك بەندەی لەشکری | |
| ١٢ | هەی خاك | ح.ح |
| ١٣ | روژی خذمتی وطن لەلوای هەولیر | ح.ح |
| ١٤ | چیروك: ظالم چونکی ظالم بو آخری مالی کاول بو | رشو |
| ١٥ | سەربهورد و مەتەل | ح.ح |
| ١٦ | غزلیکی عبدالله بگ مصباح | |

روانەدز: لە چاپخانەی زاری کرمانجی چاپ کرا


٢٩ تشرین دوەم ١٩٣٥

ڕووناکی (١٩٣٧)



# زبان

ڕ.زبان (١٩٣٧)



گ.زانستی (١٩٣٨)



ژین

ڕ.ژین (١٩٣٩)



گەلاوێژ

دەم ژمارەیەدا : ژمارە ـ٧ـ سالی ـ٥ـ

کوران ... ... ناجی عباس
تراخوما ... ... دوکتور عبدالرحمن
ژان ژاک روسو ... ع . و ـ نوری
تفسیری قرآن .... شیخ محمدی خال
شیوەی وەرگرتن ... طاهر عارف
ئەو پیاوەی بێ نیشانە .. جمال . حقاق
دیوانی گەلاوێژ ... ... ...
اصلاحات لە کوردوستانا .. علی کمال بەگ
دەس پاک ... ... شاکر فتاح
لێکۆلینەوە ..... رەخنە گر
چیروک ژمارە ... سلام
وە گەلی باسی خوشی تر ئەخوینیتەوە

گ.گەلاوێژ (١٩٣٩)



دەنگی گیتی تازە

نیسان ١٩٤٠

ژمارە ـ ١
بەرگ ـ ٤

تاوە روک

١ـ فرتـکین دیلانو وەزالت
٤ـ حاری زوطان
٧ـ سەفیری تازەی بەریتانیای معزن
٩ـ ئەکە نار ووو باویك
کرمان ابراهیم نادری
١١ـ دلـ یادیکی لە ئەوساو
( وەرگیراو ) ح . ش . ح . مارف
١٤ـ خان زاد : حوزنیی موکریانی
٢٧ـ پەلاماری دانی قەلای دم دم
حوزنیی موکریانی
٣٠ـ یەکێتی : کمری . م ئەویان
٣٧ـ ریگا
( وەرگیراو ) عبدالقادر حشمت رشید
٤١ـ سیحەتی دیهات
محمد رشدی مۆمنی
٤٧ـ کون زین ئەو بانی کوردی
گیوی موکریانی
٥٣ـ بوزیك لە کوردستان ئەورە لانما
٥٥ـ دەمم دوواوە
کفری ـ م ئەوەن
٥٦ـ لەگەل خوشەو پستەکما
ح . ش . ح . مارف
٥٧ـ مسکالای میری لەك حل محمد خان
لە پاسیتی سالح زەکی بەگدا
میرزا محمد حسین
٦٠ـ وەصفی یار ـ محمد شیخ رشید
٦١ـ شینی مصطفی مولود ـ حل شوقی
٦٣ـ پیش نیاری میستەر ههل داب نو
وەرگیراو عبدالحسن
٦٥ـ کورد تمنی بەرزە : دلسوز
٦٧ـ ئەدەب : بکری عمر بەگی
٧٠ـ پلان تازەکان
( وەرگیراو ) ح . ش . ح . مارف
٧٦ـ دولی فرمیسك
( وەرگیراو ) ح . ش . ح . مارف
٨٦ـ بەرزنجە ـ سروچك

گ. دەنگی گێتی تازە (١٩٤٣)



یەکیتی تی کوشین

(سال ٥)
ژمارە (٣)
((زبان سال حزب کومونستی عراق))
(لقی کورد)

گ. یەکێتی تێکۆشین (١٩٤٤)




رزگاری

اورگان پارتی دیموکراتی کورد

عدد ١٧ و ١٨ کانون ٢ و شباط ١٩٤٨

عهد و میثاق

**گ. رزگاری (١٩٤٦)**




**گ.نزار(١٩٤٨)**

**پەراوێزەکان:**

---

[١] - (د.ئەحمەد قەرەنی) کە باسی جیاوازی نێوان (ساتیرا و ئایرۆنی)دەکات، ساتیرا وەکو هەجو و داشۆرین باسدەکات(قەرەنی: ٢٠١٢ : ٧١-٧٤)، لەکاتێکدا (ساتیرا) بەتەواویی مەبەست لێی (تەنز)ە و جیاوازە لەگەڵ (هەجو) و (داشۆرین) و خاڵی لەیەکچوو و جیاوازیمان باسکردووە.

[٢] - لەبەرئەوەی زاراوەکە لێکدراوی هەردوو وشەی (کاریکاتۆر) و (کلمات)ە، (کاریکاتۆر)یش لە کوردیدا دەبێت بە(کاریکاتێر)، بۆیە زاراوەی (کاریکەلیماتێر)مان هەڵبژارد.

[٣] - لە سەرچاوە فارسییەکە دا دەڵێت: زاراوەکە لێکدراوی وشەیەکی فارسی (کلمات) و وشەکی ئینگلیزیی(کاریکاتۆر)ە، بڕوانە(اصلانی: فرهنگ واژگان و اصطلاحات طنز: ١٣٨٥هـ . ش: ١٧٢)، نووسەر وشەی(کلمات)ی بە فارسی داناوە، بەڵام وشەکە ئاشکرایە عەرەبییە.

[٤] - بۆ ئەم بابەتە بڕوانە: هۆراس، هونەری شیعر(١٩٧٩)، و.حمید عزیز، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ل١٥.

[٥] - کاریگەریی ئەم شیعرە بەسەر شاعیرانی کوریدشەوە هەیە، بۆنموونە کاریگەریی ئەم شیعرە بەسەر شیعری (لەپیش چاوم)ی (قانیع)، هەروەکو دەڵێت:

لە ئاسمانا بەڵایێ بێ لەپێشا دێتە ماڵــی مــن

بەڵای غەیب لەگەڵ من دا عەجایب ئاشناییکە (قانیع :١٣٩٠ هـش: ٢٣٨).

هەروەها (هێمن)یش لەشیعرێکدا و بەکاریگەریی ئەم شیعرەی ئەنوەری ویستوویەتی باسی بەدبەختی و چارە ڕەشی خۆی بکات و دەڵێت:

هەر بەڵایەک لە ئاسمانەوە بێت　　　با لەوێش ڕا نەهاتبێت بۆ مــن

کە گەیشتە زەوی دەکات پرسیار　　　ئەرێ لەکوێیە ماڵی مام هێمن؟ (هێمن: ٢٧٠٨ی کوردیی:٤١٥)

[7] – مەولەوی لەم شیعرەدا کاریگەریی کردۆتە سەر شیعرێکی (پیرەمێرد  و دیلان)، پیرەمێرد دەڵێت:

ئەگینا بیّ تۆ ئەو ڕێـــی ڕەحمـــەتـــە

نوقتەی دێتە سەر دیـــارە زەحمـــەتـــە

توخوا با ڕەحمەت نەبـــیّ بە زەحمـــەت

(نبی)ت بە ڕەحمەت ناردووە بۆ ئوممەت (دیوانی پیرەمێرد: ٢٠١٢: ٣٥٤).

(دیلان)یش بە کاریگەریی ئەم شیعرەی (مەولەوی) دەڵێت:

ئەوەندەت زانی ئاما سەرەوەژوور

هـــەورەکـــەی ڕەحمـــــەت

کوردستان پڕبوو لە تۆفانی نوور

ڕایمـــــــاڵـــــی زەحمـــەت (دیوانی دیلان: ٢٠١٣: ١٨٩).

[8] – لە شیعری کوردیدا (دڵدار)ی شاعیر کاریگەریی ئەم شیعرەی (لامارتین)ی کەوتۆتە سەر و سوودی لیّ بینیوە و دەقێکی نویّ و ناوازەی بەرهەمهێناوە بەناوی(خەندەکەی بایی) (ئەمین – محمد : ٢٠٠٧ : ٦٨)

[9] –  (چیرۆکـــی هونەری کـــوردی ئـــەم ماوەیە بۆ دوو قۆناغ دابەشکراوە، ماوەی نێوان سالآنی(١٩٢٠ – ١٩٣٩) قۆناغی سەرەتا و سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردیی یە و ماوەی نیوان

سالآنی (١٩٣٩ – ١٩٥٠) قۆناغی نەشونماکردنی چیرۆکی هونەری کوردیی یە)( عارف: ٢٠١١: ٩، ٤٣)

[١٠]- بڕوانە ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە(٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤١، ٤٣، ٤٥، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥٦)، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە(١، ١٠، ١٩، ٢١، ٢٣).

[١١]- لە پیشەکی چاپەکەی ڕۆژنامەی ژیان، لە بەشی یەکەمی بەرگی چوارەم دا ئەم چیرۆکەی داوەتە پاڵ (شاکیر فەتاح)( سالح، سالح:٢٠٠٥: ٢٧)، بەلآم لە هیچ بەشێکی چیرۆکەکە ناوی نووسەر نەنووسراوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پیمانوایە کە (پیرەمێرد) نووسەری چیرۆکەکەیە.

[١٢] – گۆران لە شیعری(گولی خوێناویی)دا بەتەواویی کاریگەریی ئەو چیرۆکەی کەوتۆتەسەر، بەلآم شیعرەکە بێ بەهرەنییە لە داهێنان و دەستڕەنگینی شاعیر(بەرزنجی:١٩٧٦: ٤٤).

[١٣] – حسێن عارف وەکو چیرۆک باسی کردووە، بڕوانە(عارف : ٢٠١١: ٣٨)

[١٤] – د.کوردستان موکریانی کۆتایی بەشە بڵاوکراوەکەی ڕۆمانەکە بە سەرکەوتنی میر زێندین و خەڵکی گوند باسدەکات، بۆ ئەم بابەتە بڕوانە: ( موکریانی: ٢٠١١ : ١٧).

[١٥] – بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە: البصیر، کامل حسن عزیز(١٩٨٠): شێخ نووری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی ویژەیی و ڕەخنەسازیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغدا.

[١٦]- بڕوانە: سیاپۆش : ١٩٣٢:ڕ. ژیان: ژ.٣٣٥، ٣٣٦.

[١٧] – بڕوانە: ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە(٣٧٥، ٣٧٦، ٣٧٩، ٣٨٠، ٣٨١، ٣٨٣، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩٨)

[١٨] – بڕوانە: ( سابیر: ٢٠٠٦: ٢٨)کە ئەویش لە (د.مارف خەزنەدار: دەستوری زمانی عەرەبی بە کوردی – عەلی تەرەماخی: ١٩٧١)وەرگرتووە.

[١٩] – بڕوانە: رەفیق حیلمی: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٧، ٨، ٩، ١٠، ١٢)ی ساڵی(١٩٤٣)، ژمارە(١، ٢، ٣)ی ساڵی(١٩٤٤).

[20] – بەرگی ١ ی ژ.٢ی ساڵی ١٩٤٣، ل٢٧ی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە

[21] – بەرگی ١ ی ژ،٣ی ساڵی ١٩٤٣، ل٣٠ی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە

[22]- هەڵبەت ئەمە مانای ئەوە نییە کە تاکو ئەوکاتە بیری ناسیۆنالیزم و نەتەوایەتی لەناو کورددا نەبووە، چونکە بیری نەتەوایەتی زۆر کۆنترە لەناو کورددا، بەجۆرێک بۆ میرانی بۆتان و ئەحمەدی خانی و پاشانیش بۆ زۆربەی میرنشینەکان و شۆڕشی شیخ عوبەیدولاّی نەهری و.هتد. دەگەڕێتەوە.

# سەرچاوەکان


- قورئانی پیرۆز.
- قورئانی پیرۆز، وەرگێرانی هەژار موکریانی(١٣٧٩هـ‌ش): نشر احسان.
- **کتێب(زمانی کوردی):**
- ئاشنا، ئومید (٢٠٠٥): دیـوانـی بێکـەس، دەزگـای چـاپ و بـڵاوکـردنـەوەی ئـاراس، چاپی دووەم، هەولێر.
- البـصیـر، کـامـل حسـن عـزیز (١٩٨٠): شێخ نووری شێخ صاڵح لە کۆڕی وێژەیی و ڕەخنەسازیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغدا).
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا - ساڵح ، ڕەفیق (٢٠٠١): دیاری کوردستان(١٩٢٥-١٩٢٦)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا (٢٠١٣):، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی دووەم ، بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم، دارالعربیه للعلوم الناشرون.
- بـابـان، شـوكرولا (٢٠٠٤): مێـژووی کـورد و کـوردستـان، چـاپخـانـەی شڤـان.
- پەرێشان، مەلا (دیوان) (٢٠١٩): ڕێبوار حەمەتۆفیق ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- پیرباڵ، فەرهاد (٢٠٠٥): شیعری نوێی کوردی(١٨٩٨ – ١٩٨٥)، دەزگای(کوردستان)، هەولێر.
- پیرەمێرد(دیوان)(2012)، کۆکردنەوە و پەراوێزنووسینی (محمد رسول(هاوار))، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بەختیاری، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم.
- تـاقـانە، ئـەحمـەد (٢٠٠٧): ڕۆژنـامـەی کـەرکـوک، دەزگـای ئـاراس، هـەولێر.
- تاڵەبانی، شێخ ڕەزای (دیوان)(٢٠١٠): د.موکەڕەم تاڵەبانی ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

- حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠١١): بیناى ساتیرا لە کورتە چیرۆکى کوردیدا کوردستانى عێراق(١٩٧٠-١٩٩٠)، بڵاوکراوەى ئەکادیمیاى کوردستان، چاپخانەى حاجى هاشم، هەولێر.
- حسێن، هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠٠٧): چەشنە ئەدەبى و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ڕۆژنامەى (ژیان و ژین)دا(١٩٣٢ – ١٩٥٠)، بنکەى ژین، چاپخانەى شڤان، سلێمانى.
- حسێن، هیمداد ( ٢٠٠٧): ئەدەبیاتى فۆلکلۆرى کوردى، چاپى یەکەم، بڵاوکراوەى سەنتەرى ڕوناکبیرى هەتاو، چاپخانەى شەهید ئازاد هەورامى، کەرکوک.
- حسێن، هیمداد (٢٠٠٧): دەروازەیەک بۆ ڕەخنەى ئەدەبى کوردیى، چاپى یەکەم، دەزگاى چاپ و بلاوکردنەوەى موکریانى، چاپخانەى خانى، دهۆک.
- حەسەن، حەمەسەعید (٢٠١١): کاریکاتێر بە وشە – ساتیر، چـاپـى یـەکـەم، دەزگـاى ئاراس، هەولێـر.
- حەیدەرى، ممتاز (١٩٨٥): مستەفا شەوقى و پەیژە، ئەمینداریيەتى گشتیى و ڕۆشنبیریى لاوان، هەولێر.
- خاڵ، شێخ محمد (٢٠٠٥): فەرهەنگى خاڵ، دەزگاى ئاراس، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە، چاپى دووەم، هەولێر.
- خۆشناو، شوان محمدامین (٢٠١١): بارودۆخى سیاسى هەولێر و ڕۆڵى هەولێر لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕووداوەکاندا(١٩٣٩-١٩٥٨)، گۆڤارى مێژوو، ژمارە(١٨)ى ساڵى پێنجەم.
- خـــەزنـــەدار، جەمـــال (١٩٧٣): ڕۆژى کـــوردستان(١٩٢٢-١٩٢٣)، دارالحریة للطباعە، بغداد.
- خەزنەدار، مارف (٢٠٠٣): مێژووى ئەدەبى کوردى، بەرگى دووەم،چاپى دووەم، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە، بڵاوکراوەى دەزگاى ئاراس، هەولێر.
- خەیام، عومەر (١٣٨٧هـ.ش.): چوارینەکانى خەیام، و.شێخ سەلام، انتشارات کردستان، سنندج.

- دەبلیــو ئــارِ هــی (٢٠١٦): دوو ساڵ لە کوردستان، و.لوقمــان باپیــر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- دیلان(دیوان) (2013)، ئامادەکردن و لێکدانەوە ی پەراوێز و  پێشەکی نووسین (د.عەبدوڵا ئاگرین)، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، هەولێر.
- رەسوڵ، باباڕەسوڵ نووری (٢٠١٣): شیکردنەوەی دەق، (نوکتە) بەنموونە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
- ڕەســـوڵ، عیــزەدیــن مستەفـــــا (١٩٧٠): ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دار الجاحظ. بەغدا.
- ڕەشید، سابیر (٢٠٠٧): ڕۆمانی کوردی(خوێندنەوە و پرسیار)، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- روحانی، ماجد مەردۆخ ( ١٣٨٨ هە.ش)، فرهنگ (فارسی – کردی) دانشگاه کردستان، نشر دانشگاه کردستان، چاپ اول، سنندج.
- زەنـــــگــەنــە، عــەبــدوڵــڵا (٢٠٠٥): ڕۆژی کـــورد، بنـــکـــەی ژیــن، سلێمـــانـــی.
- ساڵح، ڕەفیق – ساڵح ، سدیق (٢٠٠٠): گــۆڤاری نــزار، دەزگــای چــاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی
- ساڵح، سدیق -  ساڵح ، رەفیق – زەنگەنە ، عەبدوڵا (٢٠١٠) کۆواری دەنگی گێتی تازە، دەزگای ئاراس و بنکەی ژین، چاپی یەکەم.
- سالح، سدیق - ساڵح ، ڕەفیق – زەنگەنە ، عەبدوڵا (٢٠١٦): گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی.
- سالم (دیوان)(٢٠١٥): مەلا عبدولکەریم مودەڕیس و فاتیح عبدولکەریم و محمدی مەلاکەریم ، بەرگی یەکەم، (بنکەی ژین) چاپ و پەخشی کردووە.

- شکاک، عەبدولقادر (2013)، بارودۆخی سیاسی کوردستان لەنێوان ساڵانی(1905 – 1930)، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم ، سلێمانی.
- شوانی، ئاکۆ عبدولکریم (٢٠٠٢): شاری سیلێمانی(١٩١٨ – ١٩٣٢)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی.
- عارف، حسێن (١٩٦٠): چیرۆک و چیرۆکی شانۆیی کوردی لە نیو سەدەی ڕابردوودا، گۆڤاری بڵێسە، ژ.(١٠)ی ساڵی یەکەم.
- عارف، حسەین (٢٠١١): چیرۆکی هونەری کوردی،چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر.
- عومەر، فاروق عەلی (٢٠٠١): ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە عێراقدا، و.طارق کارێزی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- فاتح، محمد (٢٠١٤): پەرەسەندنی ژیانی حیزبایەتی لە کوردستانی باشووردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، هەولێر.
- فاتیح، محمد (٢٠١٢): حزب و ڕێکخراوەسیاسییە عێراقییەکان(١٩١٠ – ٢٠١٠)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلیمانی).
- فوئاد، کەمال (١٩٧٢): کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی(١٨٩٨-١٩٠٢)، بەغدا.
- قاسملوو، عبدالرحمن (٢٠١٤): کوردستان و کورد، و.عبدالله حسن زادە، چاپی هەشتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر
- قانیع(دیوان) ( 1390 هە.ش): کۆکردنەوەی(بورهان قانیع)، نشر پانیذ، چاپخانەی دالاهۆ، چاپی شەشەم، تهران.
- قەرەنی، ئەحمەد (٢٠١٢): ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا(١٩٢٥ – ١٩٧٠)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- كاكەی فەلاح(١٩٧٠): گاڵتەوگەپی پیرەمێرد، چاپخانەی کامەرانی.
- کۆچێرا، کریس ، (١٣٦٩هـ.ش.): کورد لە سەدەی ١٩-٢٠ دا، و. ڕەیانی ، محمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارون، تاران.
- کەریم، غەفور ساڵح (٢٠٠٥): دیاری لاوان و یادگاریی لاوان: بڵاوکراوەی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، سلێمانی
- کەریم ، مستەفا محمد (٢٠٢٢): پیشهاتە سیاسییەکانی دەڤەری بارزان لە ماوەی ساڵانی(١٩٠٢ – ١٩٣٢)، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر
- کۆیی، حاجی قادر (دیوان) ( 1390 هە. ش): سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا ، انتشارات کردستان، چاپی یەکەم، سنە.
- محمد، محمد دلێر ئەمین (٢٠٠٣):ڕۆژنامەی پێشکەوتن(١٩٢٠ – ١٩٢٢) و ڕۆڵی لە بزتنەوەی ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(١٢)ی بەشی(B).
- محمد، محمد دلێر ئەمین (٢٠٠٤): ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەشەسەندن و پیشخستنی ئەدەبی کوردیدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- مەحوی(دیوان) (١٣٨٩ هە.ش): مەلا عبدولکەریمی مودەڕیس و محمدی مەلا کەریم ، انتشارات کردستان، چاپی شەشەم، سنە.
- مەدهۆش، محمد علی(١٩٤٢): کاریکاتێری قانیع،
- مەزهەر، کەمال (١٩٧٨): تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.
- مەولەوی(دیوان) (1391 هـش ): مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ، انتشارات کردستان، چاپی دووەم، سنندج.

- موختار جاف، ئەحمەد (دیوان): ساغکردنەوەی د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ(٢٠١٦): ، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژار موکریانی، چاپخانە پنجرە، تاران.
- موکری، کامەران (١٩٨٤): ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- موکریانی، کوردستان (٢٠٠١): ڕوونـاکی... یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر، دەزگای ئاراس.
- موکریانی، کوردستان (٢٠٠٢): زاری کرمانجی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- موکریانی، گیو (١٩٩٩): فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم.
- میسری، محمد دلێر ئەمین (٢٠٠٤): ڕۆژنامەنووسی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەکەمین دەسەلاتی سیاسیی کورد دا(١٩٢٢ – ١٩٢٤): چاپکراوی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
- نالی (دیوان) (١٩٧٦): مەلا عبدولکەریم مودەڕیس و فاتیح عبدولکەریم و محمدی مەلاکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووەم، بەغدا.
- نانەوازادە، علی (٢٠٠٥): فەرهەنگی هەرمان- ب٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر
- هەژار ( ١٣٨٥ هە.ش)، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، چاپخانەی سروش، چاپی پێنجەم، تاران.
- هەوری، أ.ب. (١٩٧٥): شاری سلەیمانی لە سالانی(١٩٢٥-٩٢٦)، گۆڤاری بەیان، ژمارە(٢٨).
- هێمن ( 2003)، بارگەی یاران، بەسەرپەرشتی بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم.

- **ڕۆژنامە و گۆڤار(زمانی کوردی):**


- ئەمین، محمد دلێر – محمـد ، هیدایەت عبدالله (٢٠٠٧): خەندەکەی بایی دڵدار و گۆمی لامارتین، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ.٢٢، بەشی B.
- بەرزنجی، عومەر مەعروف (١٩٧٦): گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، بەشی یەکەم، گ.ڕۆژی کوردستان، ژ(٤٢).
- پیرەمێرد (١٩٢٦): خەیاڵ پڵاو، ڕ.ژیان، ژ.(٣٨).
- پیرەمێرد (١٩٣٢): جاریَ ئەمەندە، ڕۆژنامەی ژیان، ژ.(٣٢٨)ی ساڵی (٧).
- پیرەمێرد(١٩٣٢): پەندی پێشینان، ڕ.ژیان، ژ.(٣٢٤).
- پیرەمێرد(١٩٣٢): پەندی پیشینان، ڕ.ژین، ژ.( ٣٢٥).
- پیرەمێرد (١٩٣٤): ئەدەبیاتی کوردی، ڕ.ژیان، ژ.(٣٧٥، ٣٧٦، ٣٧٩، ٣٨٠، ٣٨١، ٣٨٣، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩٨).
- پیرەمێرد(١٩٣٤) : لطیفەی مەولەویی، ڕ.ژیان، ژ.(٣٩٥).
- پیرەمێرد(١٩٣٤):خەیاڵی ڕۆژوو، ڕ.ژیان، ژ.(٣٨٩).
- پیرەمێرد (١٩٣٤): پەندی پیشینان، ڕ.ژیان، ژ.(٤٢٥).
- پیرەمێرد (١٩٤٠): پەندی پێشینان، ڕ.ژین، ژ.(٦٠٣).
- پیرەمێرد (١٩٤٠): پەندی پێشینان، ڕ.ژین، ژ.(٦٠٨).
- پیرەمێرد(١٩٤١):پەندی پیشینان، ڕ.ژین، ژ.(٦٢٥).
- پیرەمیرد(١٩٤١):پەندی پیشینان، ڕ.ژین: ژ.(٦٢٤).
- پیرەمێرد(١٩٤١): پەندی پیشینان، ڕ.ژین، ژ. (٦٤٨).

- پیرەمێرد(١٩٤١): پەندی پێشینان، ڕ.ژین، ژ.(٦١٧).
- پیرەمێرد (١٩٤٢): بەیتی مشک و پشیلە، ڕ.ژین، ژ.(٦٨٦).
- پیرەمێرد(١٩٤٣): پۆکەر و جۆکەر، ڕ.ژین، ژ.(٦٩٨).
- پیرەمێرد(١٩٤٤):پەندی پیشینان، ڕ.ژین، ژ.(٧٤٧).
- پیرەمێرد(١٩٤٤): ڕۆڵەی نەگریس، ڕ.ژین، ژ.(٧٦١).
- پیرەمیرد (١٩٤٤): بالۆری، ڕ.ژین، ژ.(٧٤١).
- پیرەمێرد (١٩٤٥):پەندی پیشینان، ڕ.ژین، ژ.(٧٩٣).
- پێنجوێنی، موفتی (١٩٤٦): سپاسی فلس، ڕ.ژین، ژ(٨٤١) .
- پێنجوێنی، موفتی (١٩٥٢): شیعری دووژنە، ڕ.ژین، ژ(٧٥٢ ).
- چروستانی، سلێمان یحی (١٩٤٦): مام سۆفی و مەلایکەی ڕەحمەت، گ.دەنگی گێتی تازە، ژ.(١٢)، ساڵی سێیەم.
- ح.ف. (١٩٤٠): ئەدەبیاتی تازە چۆنە و دەبێت چۆن بێت؟ گ.گەلاوێژ، ژ٥،٦ی ساڵی یەکەم.
- حەیدەریی، ساڵح (١٩٤٤): ئەدەبیاتی زیندوو، گ.گەلاوێژ، ژ.(١٢)ی ساڵی پێنجەم.
- حیلمی، ڕەفیق (١٩٢٣): بێ مەوضوعی، ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال، ژمارە (٦)ی ساڵی یەکەم.
- حیلمی، ڕەفیق (١٩٢٣): بێ مەوزوعی، ڕ.ئومێدی ئیستیقلال،ژ.(٦)، ساڵی یەکەم.
- حیلمی، ڕەفیق (١٩٤٣): شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ، گ.گەلاوێژ، ژ.(٧، ٨، ٩، ١٠، ١٢)ی ساڵی چوارەم.
- حیلمی، ڕەفیق (١٩٤٤): شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ، گ.گەلاوێژ، ژ.(٧، ٨ ، ٩، ١٠، ١٢)، ساڵی چوارەم.
- زەکی بەگ، محمدئەمین(١٩٣٩): (زمان و کوردی و ئەدەبی)، گ.گەلاوێژ، ژ.١ی ساڵی یەکەم.

- سیاپۆش (١٩٣٢): ئەدەبیاتی کوردی: شاعیرەکانمان، ڕۆژنامەی ژیان، ژ.٣٣٥، ٣٣٦.
- شەوقی، علی (١٩٤٥): ڕاوی سەماوەرە شکاو، گ.دەنگی گێتی تازە، ژ.(٥)، بەرگی (٤).
- صائیب، جەمیل (١٩٢٥): لەخەوما، ڕ.ژیانەوە، ژ.(٤٨، ٤٩، ٥٠).
- صائیب، جەمیل (١٩٢٦): لەخەوما، ڕ.ژیانەوە، ژ.( ٥٦).
- عارف، علی (١٩٢٦): دوژمنی عاقڵ و دۆستی بێ عاقڵ، ڕ.ژیان، ژ.(٢٨).
- عومەر، نەوزاد ئەنوەر (٢٠١٦): لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە تەنزدا(تەنزەکانی شێرکۆ عەبدوڵا بەنموونەوە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە٣٦.
- - قانیع(١٩٤٥): من و فلس، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە(٧٨٥)، سلێمانی.
- کوردی ،محمد علی (١٩٣٦) ، نازدار(ژنی کورد لەلادێ)، گ. ڕووناکی، ژ.(٧، ٩، ١١).
- گۆران (١٩٤٢): کەڵکی ئەدەب، گ.گەلاوێژ، ژ.٦،٥ی ساڵی سێیەم.
- گەرمیانی، عادل (٢٠١٢): پیناسەکانی ئەدەب، گ. ڕامان، ژ.(١٨١).
- موکریانی، گیو (١٩٤٣): مێژووی ئەدەبیاتی کورد، گ.گەلاوێژ، ژ.٢ی ساڵی چوارەم.
- موکریانی، حوزنی(١٩٤٥): دز و ڕەبەن، گ.دەنگی گێتی تازە، ژ.(٢)، بەرگی(٤).
- مەدهۆش(١٩٤٢) : کاریکاتۆری قانیع، ڕ.ژین، ژ.(٦٥٧).
- نالی (١٩٤٦): ڕیشەکەی پان و درێژە، گ.ژین، ژ.(٨٤٠).
- نەورۆز(١٩٣٢): زمان، گ.زاری کرمانجی، ژ٢٤، ساڵی حەوتەم.
- هەژار (١٩٤٦): هەی لێفەشڕە: گ.دەنگی گێتی تازە، ساڵی سێیەم، بەرگی شەشەم، ژ.(٣٥).
- وەهبی، تۆفیق (١٩٤٣): لێک نزیکی هۆشی شاعیرێکی سەدەی حەڤدەهەم و شاعرێکی سەدەی بیستەممان، گ.دەنگی گێتی تازە، ژ.٣، بەرگی یەکەم.

- وەهبی، تۆفیق (١٩٤٣): یەک دوو وێنە لە شیعر و فەلسەفەی بەرزی ئەحەدی خانی، گ.دەنگی گێتی تازە، ژ.٢، بەرگی یەکەم.
- وەهبی، تۆفیق (١٩٤٤): چیرۆکی کەر ئەحمەد، گ.دەنگی گێتی تازە، ژ.(١)ی بەرگی دووەم.
- ...................... (١٩٤٥): سێ کەسی هاوڕێ، گ.دەنگی گێتی تازە، ژ.(٣)، بەرگی(٤).
- ...................... (١٩٣٩): بۆپێکەنین، گ.گەلاوێژ، ژ.(١)، ساڵی یەکەم.
- ..................... (١٩٤٠): بۆ پێکەنین، گەلاوێژ: ژ١٢،١١، ساڵی دووەم.
- ..................... (١٩٢٦): تەماعکاری، ڕ.ژیان، ژ.(٣٩).
- ..................... (١٩٤١): لەهەولێرەوە، ڕ.ژین، ژ.(٦٤٨).
- ..................... (١٩٣٩): بۆ پێکەنین، گ.گەلاوێژ، ژ.(١)، ساڵی یەکەم.
- ..................... (١٩٤٤): بۆ پێکەنین، گ.گەلاوێژ، ژ.(٤)، ساڵی پێنجەم.
- ..................... (١٩٤٤): کاریکاتێر، گ.دەنگی گێتی تازە، ژ.(٦)، بەرگی یەکەم.
- ..................... (١٩٤٤): کاریکاتێر، گ.دەنگی گێتی تازە، ژ.(٢)
- ..................... (١٩٤٤): کاریکاتێر، گ.دەنگی گێتی تازە، ژ.(٤)، بەرگی دووەم.

## چاوپێکەوتن:

- یوسف، محمد: بەرنامەی دیداری جەژن(چاوپێکەوتن): کەناڵی بانگەواز( (2299)بەزمی حزوور bazmi hzoor - YouTube - ).

- **زمانی فارسی(کتێب):**


- آرین پور، یحی (۱۳۷۲): از صبا تا نیما، جلد دوم، چاپ پنجم، انتشارات زوار، تهران.
- اصلانی، محمدرضا (۱۳۸۵هـش): فرهنگ واژگان و اصطلاحات طنز، چاپ اول، انتشارات کاروان، همدان
- اندوهجردی، حسین بهزادی (۱۳۷۸هـش): طنز و طنزپردازی در ایران، چاپ اول، نشر صندوق، تهران.
- انوری، حسن (۱۳۸۱هـش)، فرهنگ سخن، انتشارات سخن، جلد(۵)، تهران.
- انیس، ابراهیم..(۱۳۸٦هـش): ، فرهنگ معجم الوسیط، م. محمد بندرریگی، جلد اول، انتشارات اسلامی، چاپ دوم، چاپخانه نگین، قم.
- پلارد، آرتور ، (۱۳۹۸هـش): کتاب طنز، مترجم: سعیدپور ، سعید، چاپ هفتم، نشر مرکز، تهران.
- تمدن، محمد (۱۳۵۰هـش): تأریخ ایران در جنگ اول یان تأریخ رضائیه،انتشارات تمدن-اسلامیه، تهران.
- جوادی، حسن (۱٤۰۰هـش) تاریخ طنز در ادبیات فارسی، چاپ دوم، انتشارات مروارید، تهران.
- حلبی، علی اصغر (۱۳۷۷): طنز و شوخ طبعی در ایران و جهان اسلام، چاپ اول، انتشارات بهبهانی، تهران.
- خزندار، جمال (۱۳۵۷هـش): روزنامه‌نگاری در کردستان، ت:احمد شریفی.
- خیام، عمر بن ابراهیم (۱۳۹۱هـش.): رباعیات خیام نیشابوری، انتشارات محراب دانش، نوبت چاپ(چهارم)، تهران.

- داد، سیما ( ۱۳۸۵هـش): فرهنگ اصطلاحات ادبی، نشر مروارید، تهران.
- دهخدا ، علی اکبر (۱۳۷۷هـش): لغتنامه دهخدا،جلد۱۰، چاپ دوم، موسسه چاپ و انتشارات دانشگاه تهران.
- زاکانی، عبید (۱۳۵۲ هـش): کلیات عبید زاکانی، انتشارات گلشاهی، چاپ ارژنگ، چاپ اول
- زرینکوب، عبدالحسین (۱۳٦۳هـش.): شعر بی دروغ، شعر بی نقاب: ، سازمان انتشارات جاویدان، چاپخانه زیبا، چاپ چهارم.
- زکی بیگ، محمدامین ( ۱۳۸۱ هـ . ش)، زبدهء تاریخ کرد و کردستان، ترجمه: یدالله روشن اردلانی، انتشارات توس، چاپ نخست، تهران.
- شمیسا، سیروس (۱۳۸۷هـ . ش): انواع ادبی، چاپ سوم، چاپخانه تابش، تهران.
- صلاحی، عمران – اسدی پور ، بیژن (۱۳٦۵): طنزآوران امروز ایران، چاپ سوم، نشر مروارید، تهران.
- کاتوزیان، همایون (۲۰۱٦): طنز و طنزینه هیدایت، انتشارات کتاب ایران نامگ، تورنتو.
- کاسب، عزیزالله (۱۳٦٦هـش): چشم‌انداز تاریخی هجو، چاپ اول، ناشر(مولف).
- عبدالجواد موسوی(۱۳۹۱ هـ .ش.): کتاب طنز، انتشارات سوره مهر، تهران.
- عبدالقیوم، پوهاند ( ۱۳٦٦هـش): تاریخ ادبیات دری، انتشارات پهنتون کابل.
- عمید، حسن (۱۳۷۹ هـش.): فرهنگ عمید، انتشارات امیر کبیر، چاپ بیست و دوم، تهران.
- معین، محمد (۱۳۸٦هـش): فرهنگ معین، چاپ چهارم، انتشارات ادنا، تهران.
- موریل، جان (۱۳۹۲هـش)، فلسفه طنز، نشر نی، تهران.
- موسوی، سیدعبدالجواد (۱۳۹۱هـش): کتاب طنز، ترجمه: محمود فرجامی/ دانیال جعفری، انتشارات سوره مهر، تهران.

- نجف زاده، محمد باقر – فرجیان ، مرتضی (۱۳۷۰ هـ. ش): طنزسرایان ایران از مشروطه تا انقلاب، چاپ و نشر بنیاد، چاپ اول، جلد سوم، تهران.
- نفیسی، سعید ( ١٣٦٤هـش): دیوان انوری، چاپ سوم، انتشارات سکه – پیروز.
- نفیسی، سعید (١٣٧٦هـ ش.): دیوان رودکی، انتشارات نگاه، چاپ دوم، چاپخانه(الغدیر).
- نفیسی، علی اکبر (١٣٥٥هـش.): فرهنگی نفیسی، کتاب فروشی خیام، چاپ نخست.
- **گۆڤار(زمانی فارسی):**
- اسموتز، آرون (١٣٨٦هـش.): ت.علیرضا رضایت، نظریه پردازی برای طنز (تأملی در برخی وجوه فلسفی خنده)، خردنامه همشهری، شماره(٢٤).
- بستان آباد، الهام باقریان (١٣٨٧هـش.): طنز در شعر معاصر، فصلنامه ادبیات فارسی(علمی پژوهشی)، شماره ١٢، سال چهارم.
- پورخالقی، مهدخت – عطاردی ، سمیه (١٣٨٩هـش:٩٨٤): تحلیل طنز فلسفی و غیر خصمانه در تاریخ بیهقی از دیدگاه روانشناختی، مجله پرنیان سخن، مقاله‌های پنجمین همایش پژوهش های زبان و ادبیات فارسی.
- شاملی، نصرالله (١٣٧٧هـش): ادبیات طنز و جاحظ، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران، شماره ١٤٨.
- علوی، سید ابراهیم (١٣٨١ هـش.): ادبیات طنز و تعریض، فصلنامه پژوهشی اندیشه انقلاب اسلامی، شماره(٣).
- کرمی، محمد حسین – ریاحی زمین، زهرا – دهقانیان ، جواد (١٣٨٨هـش.)، پژوهشی در تئوری و کارکرد طنز مشروطه، پژوهشهای زبان وادبیات فارسی، شماره ١.
- موحد، عبدالحسین ( ١٣٨٢هـش): طنز و خلاقیت، فصلنامه پژوهشهای ادبی، شماره ٢.

- **نامەی ماستەر و دکتۆرا(زمانی فارسی):**


- آلبـویـه، اکـرم (١٣٩١هـش): بـازتاب طنـز در شـاهنامه، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه سمنان.
- تجبر، نیما (١٣٨٩هـش): نظریه طنز بر بنیاد متون برجسته طنز فارسی، پایاننامه دکتری، دانشگاه فردوسی – مشهد.
- جعفـری، رخسـاره (١٣٨٩هـش): طنـز در مثنویهـای عطـار، پایاننامـه کارشناسی ارشد، دانشگاه زنجان.
- سیاسی، پردیس (١٣٩٣هـش.): جایگاه طنز در مطبوعات امروز ایران، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه علامه طباطبائی.
- شاد محمدی، مریم (١٣٩٠ هـش): طنز، هجو و هزل در ادبیات داستانی معاصر، پایاننامه دکتری،دانشگاه آآزاد اسلامی – واحد تهران.
- شکاری، بهروز (١٣٩٨هـش): بررسی طنز در دیوان کریم مراغەای، پایاننامه کارشناسی ارشد، وزارت -علوم- تحقیقات فناوری- رشته ادبیات تطبیقی.
- شیخی، یحی (١٣٩٦هـش): بررسی طنز دهه (٨٠). پایاننامه دکتری، دانشگاه مازندران.
- طاهری، نسترن ( ١٣٩٠هـش): بررسی طنز در گلستان و بوستان سعدی، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه سمنان.
- کارگر، حسن (١٣٩١ هـش.): شگردهای هنر عبید در آفرینش طنز، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه کردستان.
- مام شریفی، هیوا ( ١٣٩٢هـ . ش): بررسی طنز در اشعار سیاسی و اجتماعی احمد شوقی، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه کردستان.

- میرعرب، محبوبه سادات (١٣٩٥ هـش.): طنز در شعر بهاءزهير، پاياننامه كارشناسی ارشد زبان و ادبيات عربی، دانشگاه سمنان، دانشكده علوم انسانی.


- **كتێب (زمانی عەرەبی):**


- الجر، خليل (١٩٧٣): المعجم العربی الحديث لاروس، انتشار مكتبة لاروس، باريس.
- الشوا، ايمن عبدالرزاق (٢٠١٠): مختار الصحاح، طبعةالاولی، دارالفحاء للنشر و التوزيع، ديمشق.
- العبادي، باسم حساب راشد ( ٢٠١١): السخرية فی شعر عبدالوهاب البياتی، رسالة ماجستير، جامعة البصرة.
- طه، نعمان محمدامين (١٩٧٩): السخرية فی الادب العربی، طبعة الثانی، دار التوفيقية للطباعة بالازهر.
- فاعور، علی حسن (١٩٨٨): ديوان زهير بن ابی سلمی، طبعه الاولی، دارالكتاب العلمية، لبنان- بيروت.
- المصری، ابن منظور الافريقی (٢٠٠٥): معجم لسان العرب، مجلد التاسع، طبعة الرابعة، دار صادر، بيروت.
- الهوال، حامد عبده ( ١٩٨٢): السخرية فی ادب المازنی، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- معلوف، لويس (٢٠٠٢): المعجم المنجد فی اللغة، طبعة التاسعة والثلاثون،دارالمشرق، بيروت.
- مینۆرسكی، ڤ.ف. (١٩٨٧): ت.د.معروف خزنەدار، الاكراد(ملاحظات و انطباعات)، مطبعة دار الكاتب، لبنان.

## زمانی ئینگلیزی(کتێب):


- Cambridge dictionary(2000): Cambridge university press.
- CUDDON, J.A. (1998) The penguin dictionary of literary terms and literary theory, fourth edition, Blackwell publishers .
- Childs, Peter – Fouler , Roger (2006) the Routledge dictionary of literary terms, fist edition, Routledge publisher , London.
- Longman dictionary (2009): Fifth Edition ,Pearson Longman press.
- Oxford dictionary (2010): Eighth Edition, Oxford University press.
- Peck, John – Coyle Martin , (2002): Literary Terms and Criticism, Third Edition, Published by Palgrave Macmillan.
- Stephen, Martin (1986): Introductory Guide to English Literature, Third Edition, Published by Oxford University press.

## الملخص

لقد تحدثت الباحثون عن السخرية بصورة عامة، وفي الادب بصورة اساسية بأشكال شتى، فالبعض صنفوها كنوع من انواع الادبية، و هناك من اعتبرها مصطلحا علميا واسعا تضمن مصطلحات مثل: (الهجو و الهزل و النكته و الايرونى..الخ..)، و آخرون يقرنونها بهذه المصطلحات، و يدرسونها معها جنبا الى جنب.

إن دائرة السخرية واسيعة جدا و رسالتها قوية و مؤثرة إلى حد تشمل كل ميادين الحياة، فمثلا: تنتقد السخرية فى قالب احد ألانواع الادبية سلبيات المجتمع، فتصبح موضوعا اجتماعيا، وعندما تسخر من ضمن بالمفاسد السياسية، تكون نقدا سياسيا جديا، وعندما تتحدث عن الدين المنحرف وتنتقد الخرافاته و تجاوزات تابعيه والخرافه، تكون سخرية دينيه... والسخريه نفسها قد ولدت من احشاء علم النفس، بحيث تكلم علماء النفس المشهورون في العالم في اطار نظريات عديدة مختلفة عن ظهورها وبلورتها وتأثيراتها.

إن دراستنا هذه تحمل عنوان( السخرية في صحافة جنوب كردستان(١٩٢٠ – ١٩٥٠) والذى تحدد حدود الدراسة، وقد عرضناها فى ثلاثة فصول:

حاولنا فى الفصل الأول ان نبحث مفهوم و تعريف السخرية فى لغات الكوردية و العربية والفارسية والانكليزية فى ثلاثة مباحث، ثم تحدثنا عن تاريخ السخرية فى الأدب الكوردى والغربى، و عند شعوب الشرق الأسلامى كالفرس و العرب، ثم ألقينا الضوء على نظريات السخرية لمعرفة كيفية ظهور السخرية و تأثيراتها و عملها... و خصصنا الفصل الثاني المتكون من مبحثين لتأريخ الصحافة الكوردية و الاجنبية، من ضمنها الصحافة الغربية و صحافة الشرق الأسلامى(العربي والفارسي) ثم تحدثنا مع الأمثلة عن الأنواع الأدبية التى ظهرت فى الصحافة الكوردية في جنوب كوردستان.

أما في الفصل الثالث والأخير، مع الاتيان بالأمثلة المناسبة فقد تحدثنا في ثلاثة مباحث عن اوضاع جنوب كوردستان وانوع السخرية من حيث المضمون و ظهورها فى الصحافة الكوردية فى جنوب كوردستان خلال سنوات(١٩٢٠ – ١٩٥٠)، و عرضنا الأنواع الأدبية التي قد كتبت في اطار السخرية و نشرت في صحف و مجلات تلك الحقبة من الزمن، وقد ختمنا دراستنا بالمعلق و النتائج.

## Abstract

Satire in general and in literature chiefly is described differently. Some view satire as a literary genre while others consider it as a style of writing which appears in almost all the literary genres. Satire is considered, by some, as an umbrella term for other literary terms like irony, limericks, jokes, etc. Meanwhile, the concept of satire is wide and profound, it covers all the aspects of life. For instance, it could be social satire criticizing the follies of the society with laughter. It could be political, mocking the faults of politics. Also, it might be a religious one, teasing religious deviations, superstitions, and extremists. Satire, born from the theories and ideas of psychology. Renowned psychologists explored the theories and the influence of satire on human beings.

The present research is entitled "Satire in Southern Kurdistan Journalism (1920–1950)". It consists of three chapters. The first chapter is an overview about satire. Starting with the definition and the concept of satire in Kurdish, Arabic, Persian and English language. Then, the history of satire is explored in Kurdish literature, western literature and Islamic countries (like Persian and Arabic). The last section of the chapter is dedicated to the theories of satire, their application and impact. The second chapter is dedicated to the history of Kurdish and foreign journalism, including western and eastern Islamic journalism (like Arabic and Persian). Then, it gives a brief overview

of the literary genres and themes that tackled by southern Kurdish journalism.

The third and final chapter is divided to three sections. The first section provides a brief account about the situation of south Kurdistan during the period. Later, the major types of satire and their reflection in the Kurdish journalism is discussed with examples during (1920–1950). The final section discusses literary genres which satirically written during the period. The research ends with appendixes and conclusion.